WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2 11ی گەلاڕێزانی 2715 (750) دینار

کچێکی رزگاربوو لە دەستی داعش:

## دێوێکی ناشیرین دەستدرێژیی کردە سەرم

رووداو- هەولێر

کچێکی کوردی ئێزدی کە لە دەست چەکدارانی داعش هەڵاتووە بەسەرهاتی خۆی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت دوای دەستگیرکردنیان لەلایەن داعشەوە، ئەمیرێکی داعش بۆ خۆی بردووە و دەستدرێژی کردووەتە سەر "بەیانی کاژێر سێ ئەم دێوە ناشیرینە دەستدرێژی کردە سەرم". ئەو کچە کە بەناوی هیند خۆی ناساندووە هەروەها دەڵێت جارێکیان بە 200 دۆلار فرۆشراوە و جارێکی دیکەش بە دیاری لەلایەن چەکدارێکەوە دراوەتە چەکدارێکی دیکە. هیند گێڕایەوە کە سێ چەکداری داعش دەستدرێژیان کردووەتە سەری، کە هەر سێکیان خەڵکی سێ وڵاتی جیاواز بوون، هەر بەو هۆیەش دووگیان بووە، بەڵام منداڵەکەی لەبار خۆی بردووە "خۆشحاڵم کە منداڵێکی داعشی ناهێنمە سەر دونیا".

هیند باسی رەفتار و هەڵسوکەوتی چەکدارانی داعش دەکات و دەڵێت "زۆر حەزیان لە نوێژ و رۆژوو بوو، زوو زوو باسی بەهەشتیان دەکرد. کەچی هەندێک لە چەکدارەکان مەشرووبیان دەخواردەوە، بەڵام بە نهێنی، چونکە لە ئیسلامدا رێگەپێدراو نییە".

2 »



هێمن عەبدوڵڵا

ئەردۆغان و خەونی نەجیب فازڵ

23

ئاکەپە سەرکەوت، هەدەپە لە کورتیی دا، جەهەپە چەقی و مەهەپە رووخا

3



فەخرەدین قادر بۆ (رووداو):

وەک هاوسۆزییەک لەگەڵ د.یوسف پەرلەمانم جێهێشت

7

مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ (رووداو):

# لەگەڵ پارتی دێینەوە سەر گفتوگۆ لەبارەی رێککەوتنی ستراتیژی و فراوانکردنی

3 »



بە پەکەکە و پەیەدەمان گوتووە دەبێت لەگەڵ پارتی رێکبکەون



خەڵک لە کوردستان روو لە یۆگا دەکەن

18



تەلار فایەق:

یەکەم ژنی کورد بووم لەگەڵ یوئێن کارم کرد

14



شاجوانی گەردوونی ساڵی 2015 بۆ(رووداو):

ئامادەم شوو بە کوڕە کوردێک بکەم

10

## خوێندنی داعش بە پارەیە

**رووداو– مووسڵ**

رۆژی یەکی ئەم مانگە وەرزی نوێی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لەشاری مووسڵ دەستپێکرد و چەکدارانی داعشیش بڕیاریانداوە پارە لە قوتابیان وەربگرن. غەیاس سورچی، لێپرسراوی راگەیاندنی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی بە (خەندان)ی راگەیاند "داعش سیستمی خوێندنیان گۆڕیوە لە جیاتی بابەتە زانستییەکان پەرتوکی تایبەت لەسەر ئیسلام و توندوتیژیی و سەربڕین و کوشتنیان داناوە". هەروەها گوتی "داعش بۆ هەر خوێندکارێکی سەرەتایی بڕی 25 هەزار و ناوەندی 50 هەزار و ئامادەییش 75 هەزار دینار وەردەگرن و ئەمەش وایکردووە کە هیچ لە خوێندکاران نەچنە هۆڵەکانی خوێندنەوە".



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2

**کچۆڵەیەکی کوردی ئێزدی باسی ژیانی خۆی لەژێر دەستی داعشدا دەکات**

# کچە ئێزدییەکە:
# دێوێکی ناشیرین دەستدرێژیی کردە سەرم

**سیماڤ مەزهەر**
**رووداو– هەولێر**

کچۆڵەیەکی کوردی ئێزیدی کە لەلایەن داعشەوە رفێنراوە و دوای سێ مانگ رزگار کرا، ئێستا بەسەرهاتی خۆی بە تایبەت بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و تێیدا باس لە دووگیانبوونی خۆی دەکات لە ئەنجامی دەستدرێژیی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی.

کچەکە تەمەنی 15 ساڵە و خەڵکی شنگالە. بۆ ئەوەی ناسنامەی پارێزراو بێت، لەم راپۆرتەدا بە "هیند" ناوی دەهێنین کە ناوێکی خوازراوە. هیند لە ساڵی رابردوودا کاتێک شنگال کەوتە دەستی داعش، وەک سەدان کچ و ژن و منداڵی دیکەی ئەو دەڤەرە بە تاڵان برا.

هیند دەڵێت: "کاژێر دووی بەیانیی رۆژی سێی ئاب، شەڕ لە شنگال دەستی پێکرد. شەڕ تا کاژێر نۆی ئێوارە بەردەوام بوو، پێشمەرگە و ئێزیدییەکان تووشی شکست هاتن. من لەگەڵ برازنەکەم چوومە ماڵی مامم. خوشکە بچکۆلانەکانم لەگەڵدا بوون و پووریشم منداڵەکانی خۆی لەگەڵ بوو، خێرا توانیمان ئۆتۆمبێلێک بدۆزینەوە. باوکم و دایکم و مامم بەرەو شاخ دەرچوون. ئەوانەی بەپێ چوونە شاخ توانییان دەرباز بن و ئەوانەی بە ئۆتۆمبێل هەڵاتین کەوتینە دەستی داعش."

### عەرەبەکان بۆ دەرفەت دەگەڕان

هیند دەڵێت ئەو گومانی هەیە لەوەی هەندێک لە عەرەبەکانی شنگال چاوەڕێ بووبن دەرفەتێک رێکبکەوێت و پەلاماری ئێزیدییەکان بدەن. ئەو دەڵێت زۆرینەی ئەوانەی نەیانتوانی رابکەن لە سنووری سووریا گیران و گواسترانەوە بۆ کەمپێک لە خانەسوور".

هیند دەڵێت خۆی و دوو لە خوشکەکانی بۆ ئاوایی باج گواسترانەوە و دواتر بردیانن بۆ تەلعەفەر. دوای ئەوێ بران بۆ گرتووخانەی بادۆش و لەوێ 25 رۆژ مانەوە.

هیند و کچەکانی دیکە دووبارە دەگەڕێننەوە تەلعەفەر. هیند دەڵێت "دیسان ئێمەیان بردەوە تەلعەفەر و لە قوتابخانەیەک جێگەیان بۆ کردینەوە. ئەوان کچە گەنجەکانیان لە ماڵەوە جیا دەکردەوە. ئێمە نزیکەی 700 کچ دەبووین."

### ئەمیرێکی داعش دەیبات


هیند و کچەکانی دیکە بۆ ماوەیەک لە خانوویەکی سێ نهۆمیدا دەهێڵدرێنەوە، تاوەکو رۆژێک ئەمیرێکی داعش سەردانیان دەکات "ئەمیرەکەی داعش، من و کچێکی دیکەی لە نێو کچەکان هەڵبژارد و لەگەڵ خۆی بردین".

هیند بە (رووداو)ی گوت "بەیانی کاژێر سێ ئەو دێوە ناشیرینە دەستدرێژیی کردە سەرم. سێ مانگ من گریام هەر لە بەیانییانەوە تاوەکو درەنگانی شەو".

هیند و هاوڕێکانی ئومێدیان لەدەست نەدا. هەوڵیان دا رابکەن، بەڵام لەلایەن چەکدارانەوە گیران و برانە شوێنێک کە سەدان کچی دیکەی ئێزیدی لێبوو. ئەو دەڵێت: "من و برادەرێکم لە ژێرزەمینی ماڵێک بەند کراین، نە ئاومان هەبوو نە خواردن."

هیند و دەستەخوشکەکەی بە بەردەوامی لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەگوازرانەوە. ئەو دەڵێت جارێکیان ئێمەیان بردە سووریا و گەڕاندیانینەوە.

دەشڵێت "من هێشتا لە ترسدا دەژییم و هەموو شەوێک خەونی ناخۆش دەبینم. ئەوەی یەکەمجار دەستدرێژی کردە سەرم، باڵای بەرز بوو، ریشێکی درێژی هەبوو. خەڵکی سووریا بوو."



هیند: دەچمە ئەوروپا و کوردستان ببێتە بەهەشتیش ناگەڕێمەوە (فۆتۆ: رووداو)

> **چەکدارانی داعش بە نهێنی مەشروبیان دەخواردەوە**

> **خۆشحاڵم کە منداڵێکی داعشی ناهێنمە سەر دونیا**

### دەکرێتە دیاری

زۆربەی کچە کوردە ئێزدییەکان کە داعش رفاندوونی کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە، هەندێکیان بەسەر بارەگاکانی داعشدا دابەشکراون، جگە لەوەش زۆربەی ئەمیرەکان بەشێک لەو کچانەیان بردووەتە ماڵەکانی خۆیان.

رۆژی 2015/5/16 لەسەر فەرمانی باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، هێزێکی تایبەتی ئەمریکی لە سووریا ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتیان بۆ دەستگیرکردنی سەرکردەی دیاری داعش ئەبو سەیاف ئەنجامدا. لەو ئۆپەراسیۆنەدا ئەبو سەیاف کوژرا و ژنەکەی دەستگیرکرا، هێزە تایبەتەکەی ئەمریکا کچێکی ئێزدییان لە ماڵی ئەبو سەیاف دۆزییەوە.

هیند دەڵێت جارێکیان بە 200 دۆلار فرۆشراوە و جارێکی دیکەش وەک "هەدیە" لەلایەن چەکدارێکەوە بەخشراوەتە چەکدارێکی دیکە. دواجار هیند ناچار دەکرێت شوو بە ئەندامێکی داعش بکات کە بردوویەتیە ماڵێکی کریستیانەوە.

### چۆن رزگاری بوو؟

بەپێی راپۆرتێکی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، 4000 کچ و ژنی ئێزدی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە ناوچەکانی شنگال و دەوروبەری رفێنراون، بەڵام زۆر لەوانە بەرێگەی جۆراوجۆر ئازادکراون.

هیند باسی چۆنیەتی رزگاربوونی خۆی و هاوڕێکەی دەکات و دەڵێت "توانیمان تەلەفۆنێکی مۆبایل پەیدا بکەین و شەحنمان کردووە. من لەگەڵ ماڵەوەمان قسەم کرد و ئەوان یارمەتییان دام قاچاخچییەک بدۆزمەوە کە بە نهێنی کچە کوردە ئێزیدییەکانی دەستی داعشی دەکرییەوە و دەیناردنەوە."

بەردەوامی بە چیرۆکی رزگاربوونەکەی دەدات و دەڵێت "کاژێر سێی بەیانی لە نهۆمی دووەمەوە خۆمان فڕێدایە خوارەوە. ئۆتۆمبێلێک هات و ئێمەی گەیاندە مووسڵ. سێ رۆژ لەوێ ماینەوە. قاچاخچییەکی دیکە هات و ئێمەی بردە جەزیرەی نزیک مووسڵ."

ئەو توانی لە مانگی 11ی پارساڵدا بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام چوار لە خوشک و براکانی تاوەکو ئێستاش لەدەستی داعشدا ماون.

### چی بە چەکدارەکان گوت؟

هیند لەنێو داعشدا هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە، تەنیا توانیویەتی بە قسە رووبەڕوویان ببێتەوە. هیند دەڵێت "من سەیری چاویانم دەکرد و لێیانم دەپرسی، بۆ وا دەکەن؟ لە خوا ناترسن؟ من پێمدەگوتن ئێمە لە تەمەنی کچەکانی ئێوەداین. ئێوە بەزەییتان نییە. لە من دەدەن. دەستدرێژیم

> **چەکدارێک بە دیاری منی دایە چەکدارێکی دیکە**

دەکەنە سەر".

وەڵامی چەکدارانی داعش چی بوو؟ هیند دەڵێت "دەیانگوت ئیسلام رێگە بەوە دەدات." هەروەها گوتی: "ئەوان ناچاریان کردم قورئان بخوێنمەوە و لەبەردەم ئەواندا دوعا بکەم. منیش هیچ چارێکم نەبوو، دەبوایە بە قسەیان بکەم".

### مەشروبیان دەخواردەوە

هیند دەگێڕێتەوە کە زۆربەی ئەندامانی داعش بیانی بوون و هەندێکیشیان ئینگلیزییان دەزانی. هەندێکیان خەڵکی میسر، ئەفغانستان، پاکستان، بەریتانیا، ئەمەریکا، چین و وڵاتانی دیکە بوون. ئەو دەڵێت بیانییەکان زیاتر لە سووریا دەمانەوە و نەدەهاتن بۆ عێراق.

هیند بیری دێتەوە کە چەکدارەکان زۆر حەزیان لە نوێژ و رۆژوو بووە و زوو زوو باسی بەهەشتیان دەکرد. ئەو دەڵێت "هەندێک لە چەکدارەکان مەشروبیان دەخواردەوە، بەڵام بە نهێنی، چونکە لە ئیسلامدا رێگەپێدراو نییە".

هیند باسی بارودۆخی ژنە چەکدارەکانی داعش دەکات "هەندێک لەو ژنە بیانییانەی لەگەڵ داعشدا بوون پێدەچوو زۆر بەختەوەر بن". ژنێک کە لە بەریتانیاوە هاتووە بە هیندی گوتووە: "موجاهیدانی دەوڵەتی ئیسلامی زۆر باشن، هەموو شتێکمان دەدەنێ، پارە و ماڵ و پاسەوان."

### داعش دووگیانی دەکەن

هیند دەڵێت چووەتە قوتابخانە و جاران دەیزانی چۆن بنووسێت و بخوێنێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی داعش بەسەریدا هێنا هەموو شتێکی لێ تێکچووە.

بە گوتەی خۆی لەلایەن سێ چەکداری داعشەوە دەستدرێژیی کراوەتە سەر کە هەرسێکیان خەڵکی سێ وڵاتی جیاواز بوون "من نەمدەزانی دووگیان بووم. هەر نەخۆش دەکەوتم و دواتر خوێنم لەبەر چوو. بردیانمە دکتۆر و گوتی دووگیانی. منداڵەکەم لەبارخۆم برد، چونکە ژیانمی دەخستە مەترسییەوە." گوتیشی "خۆشحاڵم کە منداڵێکی داعشی ناهێنمە سەر دونیا."

### خۆشەویستەکەی دەستبەرداری بوو

هیند ئازاری زۆری بینیوە و تووشی تراوما بووە "بەر لە هێرشی داعش کوڕێکم خۆشدەویست. کە گەڕامەوە کوڕەکە پێی گوتم منی ناوێت، چونکە دەستدرێژیم کراوەتە سەر".

هیند بەنیاز نییە شوو بکات و ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی لە کەمپێکی دەوروبەری شاری هەولێر نیشتەجێن، بەڵام هیچ دڵی بە ژیانی نێو کەمپ خۆش نییە و دەڵێت "ژیان لە کەمپ زۆر سەختە. بەم نزیکانە دەچمە ئەوروپا و ناگەڕێمەوە ئێرە، تەنانەت ئەگەر ئێرە ببێتە بەهەشتی سەر زەوییش".

# هەڵاتن لە "دۆزەخ"ی داعش بەردەوامە

**رەنجە جەمال**
**رووداو– هەولێر**

هەڵاتن لە ژێردەستی داعش بەردەوامە، بە جۆرێک لە ماوەی شەو و رۆژێکدا نزیکەی 70 کەس لە رێگای میحوەری گوێرەوە لە پارێزگای هەولێر خۆیان رادەستی پێشمەرگە کرد. ئەوان کە لە دەموچاویاندا ترس و ماندووبوون بەدی دەکرا، ژیانی ژێردەستی داعش بە "دۆزەخ" ناودەبەن، ژمارەیەک لەوانە فەرمانبەر و پۆلیسی عێراقی بوون.

عادل ئەحمەد حوسێن، یەکێک لەوانەی لە بندەستی داعش هەڵاتووە، باسی ژیانی خۆی لەسایەی داعش دەکات و دەڵێت "من لە مووسڵ پۆلیس بووم، لەوێ ژیانمان زۆر ناخۆش بوو، پارە نییە، کار نییە، خواردن نییە، نرخی هەموو شتێک بە رادەیەکی زۆر بەرزبووەتەوە. جگە لەوەش بەڕاستی مامەڵەکردنی داعش زۆر خراپ و نامرۆڤانەیە، ئەوان سەرت دەبڕن، نامرۆڤانە و نا موسڵمانانە لەگەڵت دەجووڵێنەوە، بەڵام مامەڵەی پێشمەرگە زۆر زۆر باشە، ئێمەیان وەرگرت و پێشوازییان لێکردین".

ئەوانەی خۆیان رادەستی پێشمەرگە کردووە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی گەیارەن لە باشووری رۆژئاوای مووسڵ لە نزیک رووباری دیجلە، ئەوان دوای پەڕینەوە لە زێی گەورە، خۆیان نزیک کردووەتەوە لە بنکەکانی پێشمەرگە و دوای لەبەرکردنەوەی جلوبەرگیان خۆیان رادەستی پێشمەرگە کردووە. دوای پشوودان و پێدانی خواردن، لەلایەن پێشمەرگەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵیان دەستی پێکرد، بەڵام تاوەکو لێکۆڵینەوەکان تەواو نەبن، دیار نییە چەندیان هاوکاری داعش بوونە. وەک خۆیان دەڵێن، لەسەر هەموو شتێک لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە.

هەڵاتوویەکی دیکەی ژێر دەستی داعش کە تەمەنی 25 ساڵانە و قژ و ریشێکی درێژی هەبوو، باس لە یاساکانی داعش دەکات و دەڵێت "دەبێت قژ و ریشت درێژ بکەی و پانتۆڵت کورت بێت، ئەوانە مرۆڤ سەردەبڕن، داعش هیچ لەبەرچاو ناگرن، نە مرۆڤایەتی و نە ئیسلامەتی، ئێمە هاتووینەتە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی گیانی خۆمان بپارێزین".

ئەوانەی هەڵاتوون زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان 10 تاوەکو 30 ساڵاندا بوو، هەندێک لەوانە منداڵ بوون و بە تەنیا هەڵاتبوون و کەسوکاری خۆیان جێهێشتووە و دەڵێن بەدوای داهاتوویاندا دەگەڕێن.

منداڵێکی هەڵاتووی تەمەن 10 ساڵ بە دەنگێکی نزمی پڕ لە ترسەوە گوتی "ئێمە دەمانەوێ بخوێنین، ئێمە ماندووین، لە رووبار پەڕینەوە تا بگەینە ئێرە، ئێرە باشترین شوێنە بۆ ئەوەی تێیدا بخوێنین".

مامەڵەی باشی پێشمەرگە و ترس و ژیانی سەختی ژێر دەستی داعش و گەرمیی هەواڵی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش، هۆکارەکانی هەڵاتنی ئەمانن لەژێر دەستی داعش.

سروود ساڵح، رائید لە هێزی پێشمەرگە، لە نزیک هەڵاتووەکانەوە گوتی کە ئەوان بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن، چونکە دەبێت هەمیشە ئەوەیان لەبەرچاو بێت، کە لەوانەیە چەکداری داعشیان تێدابێت و نیازی خراپیان هەبێ.

تەنیا لەماوەی مانگی رابردوودا زیاتر لە 300 کەس لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە هەڵاتوون. ئەو ئەفسەرەی پێشمەرگە گوتی "چاوەڕوان دەکرێت ئەوە سەرەتای هەڵاتنێکی گەورە و بە کۆمەڵی خەڵک و چەکدارانی داعش بێت لە ماوەی داهاتوودا".

ئەوەی هەڵاتووەکان زۆرتر حەزیان لێبوو، جگەرەکێشان بوو، چونکە وەک خۆیان گوتیان لەبن دەسەڵاتی داعش جگەرەکێشان قەدەغەیە و هەر کەسێک جگەرە بکێشێ جگە لەوەی پەنجەی دەبڕن، پارەیەکی زۆریشی لێ دەستێنن.



بەرپرسێکی پێشمەرگە: ئەوە سەرەتای هەڵاتنێکی گەورە و بە کۆمەڵی خەڵک و چەکدارانی داعشە

ڕاپۆرت
رووداو
ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2

## دەمیرتاش: دەبینە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا



**ڕووداو- ئەنقەرە**

هاوسەرۆکانی هەدەپە لە دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا وتارێکیان پێشکەشکرد و سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە ڕایگەیاند "ناتوانین بڵێین هەڵبژاردنێکی بێ ساختەکاری بەڕێوەچووە". دەمیرتاش سەبارەت بە کەمبوونەوەی دەنگەکانی هەدەپە گوتی "ئەوەی بەرامبەر هەدەپە کرا، بەرامبەر هەر لایەنێکی دیکە بکرایە ئەو ئەنجامەی بەدەست نەدەهێنا". سەلاحەددین دەمیرتاش ئۆپۆزیسیۆن بوونی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا ڕاگەیاند و گوتی "ئێمە دەبینە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا لە پەرلەمانی تورکیا". بەپێی ئەنجامی بەرایی هەدەپە لە هەڵبژاردنی پێشوەخت 59 کورسی بەدەستهێناوە.

### جەهەپە لە جێی خۆی وەستا و مەهەپە رووخا

# ئاکەپە سەرکەوت و هەدەپە لە کورتیی دا

### "پەکەکە جگە لە دەوڵەت گورزی لە هەدەپەش وەشاند"

**رووداو – هەولێر**

بەپێچەوانەی هەموو ڕاپرسی و چاوەڕوانییەکان، پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) لە هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەمی 2015 ژمارەی دەنگەکانی زۆر بەرز کردەوە. شرۆڤەکاران هۆکاری زیادبوونی دەنگەکانی ئاکپارتی بۆ ترسی دەنگدەر لە تێکچوونی بارودۆخی تورکیا و خراپبوونی ڕەوشی ئابووری دەگەڕێننەوە. پێشبینی ئەوەیە لە سایەی ئەو ئەنجامەی ئاکپارتی، پرۆسەی چارەسەری، بەڵام بەشێوازێکی جیاواز بەگەڕ دەکەوێتەوە.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا، ڕۆژی 2015/11/1 دووبارە هەڵبژاردنی گشتی لە تورکیا کرایەوە. بە گوێرەی ئەنجامە بەراییەکان ئاکپارتی بە بەراورد بە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران، دەنگەکانی نزیکەی 9% زیاد کرد و بووە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە.

ئاکپارتی بەسەرۆکایەتی ئەحمەد داودئۆغلۆ ژمارەی دەنگەکانی لە 18 ملیۆن و 867 هەزار و 411 دەنگەوە بەرز کردەوە بۆ 23 ملیۆن و 448 هەزار و 43 دەنگ (ئەنجامی بەرایی). ژمارەی پەرلەمانتارانیشی لە 258 پەرلەمانتارەوە بۆ 316 پەرلەمانتار زێدە کرد.

پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) هەرچەندە بەربەرستی هەڵبژاردنی تێپەڕاند، بەڵام نەیتوانی بەرگری لە دەنگەکانی هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران بکات، هەدەپە لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانی ڕابردوودا، شەش ملیۆن و 58 هەزار و 489 دەنگ (13%ی دەنگەکان) و 80 کورسی بەدەستهێنا. بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەنگەکانی دابەزین بۆ پێنج ملیۆن و 80 هەزار و 109 دەنگ (ئەنجامی بەرایی) و ڕێژەکەشی دابەزی بۆ 10.7 و ژمارەی کورسییەکانیشی بووە 59 کورسی.

### هۆکارەکانی هەڵکشانی ئاکپارتی

ئاکپارتی لە 13 ساڵی ڕابردوودا لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان زۆرینەی هێناوە و بە تەنیا حکومەتی پێکهێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی حوزەیرانی ڕابردوودا نەیتوانی دەنگی پێویست بهێنێ و حکومەتی زۆرینە دروست بکات.

دوای ئەوەی هەوڵەکانیش بۆ دامەزراندنی حکومەتی هاوپەیمانی شکستی هێنا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا لە 24ی ئابی 2015 داوای لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا کرد، کاتێک بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن دابنێ. ڕۆژی 1ی تشرینی دووەمیش بۆ ئەو هەڵبژاردنە دەستنیشان کرا. هەموو پێشبینیەکانیش بەو ئاراستەیە بوون کە لە 1ی تشرینی دووەم ئەنجامەکانی 7ی حوزەیران دووبارە دەبنەوە، بەڵام بەپێچەوانەی پێشبینییەکان جارێکی دیکە ئاکپارتی بەتەنیا دەسەڵاتی بەدەستهێنایەوە. ئەگەرچی هێشتا چاودێرانی سیاسی بە زووی دەزانن تاوتوێی هەڵکشانی ئاکپارتی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا پێیانوایە ترس لە خراپبوونی زیاتری بارودۆخی ئابووری و سیاسی، هۆکاری سەرەکی هەڵکشانی دەنگی ئاکپارتی بوو.

تارق چەلەنک، پسپۆڕی سیاسەت و سەرۆکی ڕێکخراوی ئەکۆپۆلۆتیک لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "دەنگدەر لە ململانێی سیاسی ماندوو بووە، بەدوای سەقامگیریدا دەگەڕێت. بەدوای خزمەتگوزاری و دەرفەتی کاردا دەگەڕێت. ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوورییە نادیارەی چەند مانگی ڕابردوو، گێچی دەنگدەری بەرەو ئاکپارتی بادایەوە".

هەر لەوبارەوە ئاکن چۆزچار، دیپلۆماتکاری خانەنشینی تورک و چاودێری سیاسی پێیوایە ئەنجامی هەڵبژاردن زللەیەکی لە میدیای بیانی دا کە ویستی مەسەلەکان بەرەواژی نیشانی ڕای گشتی تورکیا بدات "ئۆپۆزیسیۆن لە هەموو ڕوویەکەوە بێ توانایی خۆی سەلماند، دەنگدەریش گوتی دەنگ بە ئۆپۆزیسیۆنێکی بێ توانا نادەم. دەبێت ئۆپۆزیسیۆن ڕەخنە لە خۆی بگرێت". ئاکن وایگوت.



(فۆتۆ: AFP)

### ئاکپارتی مەهەپەی وەستاند

یەکێک لە قوربانییەکانی هەڵبژاردنی ڕۆژی (یەکشەممە)ی ڕابردوو پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا (مەهەپە) بوو کە لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا 7 ملیۆن و 520 هەزار دەنگ (16.29%ی دەنگەکان)ی بەدەستهێنابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی دووبارەدا زیاتر لە 4%ی دەنگەکانی لە کورتی داو دابەزی بۆ 11.94%. ژمارەی کورسییەکانیشی لە 80 کورسییەوە بۆ 41 کورسی کەمی کرد.

ستراتیژی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا، هێشتنەوەی هەدەپە بوو لەژێر بەربەستی 10%. کاتێک ئاکپارتی دوای حەوتی حوزەیران زانی جارێکی دیکە هێشتنەوەی هەدەپە لەژێر بەربەستی هەڵبژاردن زەحمەتە، ستراتیژی ڕاکێشانی دەنگەکانی مەهەپەی گرتەبەر. بۆیە گوتارێکی نەتەوەپەرستی پەیڕەو کرد، توانی کەسێکی وەکو تورگول تورکیش، کوڕی ئەلپئەرسەلان تورکیش لە مەهەپە بکاتەوە. بۆیە لە کورتیدانی دەنگەکانی مەهەپە لە 1ی تشرینی دووەم شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام بەو ڕێژەیە نا. چاودێرانی سیاسی جگە لەو هۆکارانەی سەرەوە دۆڕاندنی مەهەپە بۆ چەند هۆکارێکی دیکەش دەگەڕێننەوە.

کەمال ئۆزکریاز، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەفراسیا بۆ ڕاپرسی، پێیوایە مەهەپە هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرزبوونەوەی دەنگەکانی ئاکپارتی لە تەواوی تورکیا "لەدوای حەوتی حوزەیران دەوڵەت باخچەلی ئاستەنگ بوو لەبەردەم دروستبوونی حکومەتی جەهەپە – مەهەپە بە هاوکاریی هەدەپە. دیسان بێ توانایی ئەو پیاوە دەنگدەری مەهەپەی تووشی سەرلێشێوان کرد".

وەهاب جۆشکون، پسپۆڕی سیاسی و مامۆستای زانکۆی دیجلەش لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "باخچەلی سیاسەتمەدارێکی نەزۆکە. پێموایە ئەو داکشانەی مەهەپە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی باخچەلی و زیرەکیی ئاکپارتییە. پێشبینی دەکەم دەنگی نارەزایەتییەکان لەناو مەهەپە زیاتر ببن و باخچەلی لابدرێت".

### جەهەپە چەقی

هەموو کۆمپانیاکانی ڕاپرسی و پێشبینییەکان بەلای ئەوەدا دەچوون کە جەهەپە دەبێتە ئەستێرەی هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەم، کۆمپانیایەکی بەناو و دەنگی وەکو "کۆندا" پێیوابوو دەنگەکانی جەهەپە دەگاتە نزیکەی 29%. هەرچەندە پێشبینییەکان لە کورتییان دا، بەڵام جەهەپە لە کۆی گشتی توانی ڕێژەیەکی کەم لە دەنگەکانی زیاد بکات و دوو پەرلەمانتار زیاتر بەدەستبێنێ لە حەوتی حوزەیران، کە یەکێکیانی لەسەر حیسابی هەدەپە لە دێرسیم بەدەستهێنا. جەهەپە لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا 11 ملیۆن و 518 هەزار و 139 دەنگ (24.95%ی دەنگەکان)ی بەدەستهێنا و بووە خاوەنی 132 پەرلەمانتار، بەڵام لەو هەڵبژاردنە ژمارەی دەنگەکانی بۆ 12 ملیۆن و 30 هەزار دەنگ بە ڕێژەی 25.41% کە دەکاتە 134 پەرلەمانتار (ئەنجامی بەرایی) بەرزکردەوە.

چاودێرانی سیاسی وەستانی دەنگەکانی جەهەپە لەو ڕێژەیە بۆ فرەڕەهەندیی ستراتیژیی هەڵبژاردنی ئاکپارتی دەگەڕێننەوە. لەوبارەیەوە تاریق چەلەنگ دەڵێت "ئاکپارتی هەموو گرووپ و تەریقەتە ئایینیەکانی لەدوای حەوتی حوزەیران خستە ناو بارێکی نائاسایی، پێیگوتن خۆتان کۆنەکانەوە، عەلمانییەکان جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر دەسەڵات. بەمەش هەموو گرووپە ئایینییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا".

وەهاب جۆشکون، مامۆستای زانکۆ پێیوایە دەستکەوتێکی گرنگی ئەو هەڵبژاردنە نزیکبوونەوەی جەماوەری جەهەپە و ئاکپارتیە. لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەوەی دەیبینم جەماوەری هەردوو پارتی لە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی دوور دەکەونەوە، خەریکە بۆ دوارۆژی تورکیا و چارەسەری کێشەکان هەڵوێستەکانیان یەک دەخەن. ئەمە گرنگترین دەستکەوتی ئەو هەڵبژاردنەیە".

### هەدەپە لە کورتیی دا:

لە هەڵبژاردنی حەوتی حوەزیراندا هەدەپە و سەرۆکەکەی بوونە ئەستێرەی هەڵبژاردن، چونکە یەکەمجار بوو پارتێک کە چەقی سیاسەتەکەی بەناوی کێشەی کوردە، توانی بەربەستی 10%ی هەڵبژاردن ببڕێ و بگاتە پەرلەمان. لەگەڵ بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختیش، زۆربەی پێشبینی و ڕاپرسییەکان پێیانوابوو هەدەپە لەو هەڵبژاردنەدا بەلانیکەم پارێزگاری لە دەنگەکانی دەکات و ڕەنگە دەنگەکانی زیاتریش بکات، تەنانەت لەکاتی کەمپەینی هەڵبژاردن هەدەپە دەیگوت ئامانجیان ئەوەیە بگەنە 20%.

بەڵام ئەنجامە بەراییەکان لەوە نزیکبوون هەدەپە بگاتە بن بەربەرستی هەڵبژاردن. هەدەپە لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا شەش ملیۆن و 58 هەزار و 489 دەنگ (13.12%ی دەنگەکان)ی بەدەستهێنا و بە 80 نوێنەرەوە گەیشتە پەرلەمانی تورکیا، بەڵام لە هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەمدا 5 ملیۆن و 80 هەزار دەنگی بەدەستهێنا و ژمارەی کورسییەکانیشی لە 80 کورسییەوە بۆ 59 کورسی داکشا. تەنیا لە شارەکانی باکووری کوردستان هەدەپە 12 کورسی لە دەستداوە.

چاودێرانی سیاسی لە کورتیدانی دەنگەکانی هەدەپە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێننەوە. وەهاب جۆشکون دەڵێت "هەدەپە لە حەوتی حوزەیراندا سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد، ئەو سەرکەوتنە پشتگیری بوو لە سیاسەتی دیموکراتیانە، بەڵام دوای حەوتی حوزەیران، دەستپێکردنەوەی شەڕ و لێدانی خەندەق، لێدان بوو لە هەدەپە. پەکەکە جگە لە دەوڵەت گورزی لە هەدەپەش وەشاند".

تارق چەلەنگ، پێیوایە سەقامگیری داواکاریی سەرەکیی هەموو تورکیایە "ئاکپارتی بە شەڕی پەکەکە توانی متمانەی دەنگدەر بە هەدەپە بشکێنێت. دیسان خراپیی جۆری خزمەتگوزاریی هەدەپە لەناوچەکە هۆکارێکی دیکەیە".

بەڵام ئاکن ئۆزەر بە لێکدانەوەی خۆی مەسەلەکە بەو یارییە نێودەوڵەتیە دەبەستێتەوە کە لەسەر تورکیا پەیڕەو دەکرێت: "میدیای دەرەوە تورکیا و ئەردۆغان بە هەدەپە ناشیرین دەکات، ئەمەش متمانەی دەنگدەر بە هەدەپە لەناو دەبات".

<table>
<tr><th rowspan="2">پارتەکان</th><th colspan="3">هەڵبژاردنی 1ی تشرینی یەکەم 2015 (ئەنجامی بەرایی)</th><th colspan="3">هەڵبژاردنی 7ی حوزەیران 2015</th></tr>
<tr><th>ژمارەی کورسی</th><th>ڕێژە</th><th>ژمارەی دەنگ</th><th>ژمارەی کورسی</th><th>ڕێژە</th><th>ژمارەی دەنگ</th></tr>
<tr><td>AKP</td><td>23.467.205</td><td>%49.4</td><td>316</td><td>18.867.411</td><td>%40.87</td><td>258</td></tr>
<tr><td>CHP</td><td>12.056.125</td><td>%25.4</td><td>134</td><td>11.518.139</td><td>%24،95</td><td>132</td></tr>
<tr><td>HDP</td><td>5.084.353</td><td>%10.7</td><td>59</td><td>6.058.489</td><td>%13،12</td><td>80</td></tr>
<tr><td>MHP</td><td>5.665.772</td><td>%11.9</td><td>41</td><td>7.520.006</td><td>%16،29</td><td>80</td></tr>
</table>

### چارەنووسی پرۆسەی چارەسەری

بەر لە هەڵبژاردنی حەوتی حوەزیران، بە تایبەتیش دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی دۆڵمەباخچە لە 28ی شوباتی ڕابردوو، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەخنەی لەو ڕێککەوتنە گرت و بە شتێکی ناڕاست لەقەڵەمی دا. دوای ئەو لێدوانەی ئەردۆغان شاندی ئیمراڵی سەردانی ئۆجەلانی نەکردووە، هەروەها هیچ دانیشتنێک و گفتوگۆیەکیش لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد نەکراوە. لە دوای حەوتی حوزەیرانیش ڕەجەب تەیب ئەردۆغان چەندین جار ڕایگەیاندووە کە پرۆسەی چارەسەری هەڵپەسێردراوە، بەڵام کۆتایی نەهاتووە. ئەحمەد داودئۆغلوش جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئاکپارتی سوورە لەسەر درێژەدان بەو پرۆسەیە. گەیشتنەوەی ئاکپارتی بە تاقی تەنیا بە دەسەڵات، سەرەڕای مەترسییەکان لەسەر دەستپێکردنەوەی گەڕێکی نوێی شەڕ لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا، دەرفەتێکیشە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان و زیندووکردنەوەی پرۆسەکە. چاودێرانی سیاسی بەوە گەشبینن.

پرۆفیسۆر مەزهەر باغڵی پەرلەمانتاری خولی 25ی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی ئاکپارتی لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت: "سیاسەتی توندوتیژی هەدەپە سەری نەگرت. ئەمەش دەرفەتی زیندووکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد دەڕەخسێنێ".

باغڵی لە درێژەی قسەکانیدا پێیوایە تورکیا بەبێ چارەسەری کێشەی کورد ناتوانێ سەقامگیری بەدەستبێنێ، نوێکردنەوەی متانەی دەنگدەر بە ئاکپارتی پەیامە بۆ ئەو پارتە تا کێشەی کورد چارەسەر بکات: "بە گوێرەی ئەنجامەکان پێموایە سەرلەنوێ پرۆسەی چارەسەری، بەڵام زۆر بە بەرنامەتر دەستپێدەکاتەوە. لەبەر ئەوەی لە ڕابردوودا دەستپێشخەری لە دەستی چەکدا بوو پرۆسەکە تەندروست نەبوو. ئیدی دەستپێشخەری لە دەستی دیموکراتیدایە".

وەهاب جۆشکون لەگەڵ باغڵی هاوڕایە و دەڵێت: "چۆن ئەگەر هەیە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تەکانێک بدەنە ئابووریی تورکیا، بە هەمانشێوە ئەگەر زۆرە پرۆسەی چارەسەری دەست پێبکاتەوە و مێزی چارەسەری دروست بکرێت".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2


## یەکگرتوو: دەنگی هەدەپە و ئاکەپە چاوەڕواننەکراو بوو

**ڕووداو– سلێمانی**

د.عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دەنگەکانی ئاکەپە و هەدەپە تورکیا چاوەڕوان نەکراوبوون و گوتی "ئاکەپە ئامانجی دروستکردنی حکومەتی زۆرینە بوو هەر لەبەرئەوەش هەڵبژاردنەکەی دووبارەکردەوە"، بەبۆچوونی ناوبراو، ئاکەپە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ئاسایش و ئارامی و ئابووری وەک فاکتەری سەقامگیری تورکیا باسدەکرد و گوتی "ئاکەپە توانی بەو دروشمانەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت و دەرکەوت خەڵک ئاسایش و ئابوورییان بەلاوە گرنگترە وەک لە مەسەلەی نەتەوەیی".

### لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی لە سلێمانی باسی چییان کردووە؟

# "نەوشیروان مستەفا مانگێکی دیکە دەگەڕێتەوە"



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، باسی گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا دەکات و دەڵێ ئەگەری بەهێز ئەوەیە تا مانگێکی تر چارەسەرەکانی تەواو بکات و بگەڕێتەوە.

لەوەتەی بزووتنەوەی گۆڕان دامەزراوە، دوو کۆبوونەوەی بەبێ ڕێکخەرەکەی کردووە، هەردوو کۆبوونەوەکەش بۆ تاوتوێکردنی قەیرانێک بووە کە هەر لە غیابی نەوشیروان مستەفادا، پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەنجامی ململانێیەکەوە تێیکەوتوون. بەڕای بەرپرسانی هەردوولا، هێشتا ئاسۆی ئاساییبوونەوەی دۆخەکە تەواو تاریک نەبووە، بەڵام تاوەکو گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، پێناچێ گۆڕانکاری ئەوتۆ لەو ڕووەوە بێتە ئاراوە.

محەممەد حاجی، لێپرسراوی ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "دڵنیاین کاک نەوشیروان ڕۆڵی ئیجابی خۆی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا دەبینێ".

### نەخۆشییەکەی چییە؟

زۆر لەبارەی نەخۆشییەکەی نەوشیروان مستەفاوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنووسرێ، بەڵام هوشیار عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "جگە لە نەشتەرگەرییەک کە بۆ بڕبڕەی پشتی کراوە، هیچ نەخۆشییەکی دیکەی نییە و ئێستا تەندروستی زۆر باشە".

نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەدایکبووی ساڵی 1944ی سلێمانییە و ژیانی سیاسی ئەو لە ساڵی 1964ەوە دەستپێدەکات کاتێک دەچێتە نێو یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لەوێشەوە بۆ نێو پارتی و پاشتر دەبێتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ڕزگاری و لەوێوە تێکەڵ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەبێ.

ئەو نەخۆشییەی ئێستا لە گوڕەپانە تاوسەندووە سیاسییەکەی باشووری کوردستان دووری خستووەتەوە، بۆ ساڵانێک پێش ئێستا دەگەڕێتەوە کاتێک ئازاری پشت ناچاری کرد نەشتەرگەری بکات.

ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، جگەرە زۆر دەکێشێ، وەک (ڕووداو) لە نزیکەکانییەوە زانیویەتی، ڕۆژانە نزیکەی دوو پاکەت جگەرە دەکێشێ. یەکێک لە هاوڕێکانی، لەوبارەیەوە زیاتر قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "تاوەکو ئەو کاتەش چووە دەرەوە بۆ چارەسەر، لێرە بەردەوام پشکنینی خوێن و سییەکانی دەکرد و ئەنجامەکانیش بێ گرفت بوون". گوتیشی "من لە نزیکەوە ئاگادارم کە نەخۆشییەکەی بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە جگەرە کێشانەوە نییە".

### پرۆژە تەواو نەکراوەکەی

عەلی حەمە ساڵح، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان وای بۆ دەچێت نووسین و خوێندنەوە و بینینی خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژێکدا هۆکاری ماندووکردنی نەوشیروان مستەفا بووبن "لە خوار ئەو بڕبڕەیەی نەشتەرگەریی بۆ کراوە، هەندێ بڕبڕەی دیکەی کێشەی بۆ دروست بووبوو".

عەلی حەمە ساڵح دەڵێ زۆربەی ئەو کاتانەی کە چووەتە لای یان نووسیویەتی، یان خوێندوویەتییەوە.

نەوشیروان مستەفا، زۆر حەزی لەوەیە لەبارەی مێژوو بخوێنێتەوە و بنووسێ، تاوەکو ئێستا حەوت کتێبی نووسیون (کورد و عەجەم، حکومەتی کوردستان، لەکەناری دانوبەوە تا خڕی ناوزەنگ، کورد لەگەمەی سۆڤێتیدا، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ژیانی بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) کە ئەوەی دواییان سێ بەرگە.

هوشیار عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە بۆ ماوەی 4 ساڵ زۆرترین کات لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بووە، نوێترین بەرهەمی نەوشیروان مستەفا ئاشکرا دەکات کە هێشتا کاری تێدا دەکات و دەڵێت "خەریکی کتێبێکی لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەنفال". هەروەها دەڵێ "ئەو زۆر جار لە یەک کاتدا لە دوو بواری جیاوازدا دەینووسی، ئەدەبی و سیاسی. هەموو ڕووداوێکی گەورە و بچووکی ڕۆژانەشی دەنووسییەوە، بۆیە هەموو ئەو شتانەی یاداشت کردووە کە ڕۆژانە بینیونی و بیستوونی".

### دوا دانیشتنی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی

هەرکاتێک نێچیرڤان بارزانی دەهاتە سلێمانی، سەردانێکی نەوشیروان مستەفای دەکرد. دوایین دانیشتنی ئەو دوو سەرکردەیەش کاتێک بوو کە هێشتا پەیوەندییەکانی گۆڕان و پارتی زۆر گەرم بوون. هوشیار عەبدوڵڵا، باسی ئەو دانیشتنە دەکات و دەڵێ "باسی کشتوکاڵ و چاندنیان کرد".

نەوشیروان مستەفا، بە یاوەریی عومەری سەید عەلی سەردانی ناوچەی پشدەر و بتوێن و قەرەداخ و هەورامانیان کردبوو، وەک هوشیار عەبدوڵڵا دەڵێت، نەوشیروان مستەفا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، باسی ئەو شوێنانەی کردووە کە بینیویەتی و پێیگوتووە دەکرێ بایەخێکی زۆرتریان پێبدرێ لە پرۆژەی چاندن و کشتوکاڵدا "بە وردی باسی ئەوەی کرد کە لە هەریەکێک لەو شوێنانە چ جۆرە بەرووبوومێکی کشتوکاڵی سەرکەوتوو دەبێ".

### کەی دەگەڕێتەوە؟

هەرچەندە ماوەیەک پێش ئێستا، شەماڵ عەبدولوەفا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "کاک نەوشیروان چارەسەری پزیشکی وەردەگرێت و سێ مانگی دیکە دەگەڕێتەوە"، بەڵام هوشیار عەبدوڵڵا دەڵێ تەندروستیی کاک نەوشیروان ئێستا زۆر باشە و مانگێکی دیکە دەگەڕێتەوە". گوتیشی "کاک نەوشیروان بە وردی ئاگاداری هەموو ئەو هەنگاوانەیە کە بزووتنەوەکە دەینێت. ئێمەش بەردەوام لە پەیوەندیداین لەگەڵی کە چی بکەین و چی نەکەین".

وەک پێشتر (ڕووداو) بڵاوی کردەوە، ئەیاد عەللاوی، لە هەوڵدایە بۆ هێنانە ئارای کەشێکی ئارام لەنێوان پارتی و گۆڕاندا تاوەکو گفتوگۆ دەستپێبکەنەوە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی بزووتنەوەکەیان گفتوگۆ ڕەتناکاتەوە و پێشوازیش لە هەر هەوڵێک دەکات بۆ نێوبژیوانی. لەبارەی هەوڵەکانی سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش کە بڕیارە بۆ نێوبژیوانی ئەو دوو حیزبە بێتە کوردستان، ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی "کاک نەوشیروانیش لێرە نەبێ، بە تەلەفۆن ڕای وەردەگیرێ و ئاگاداری هەر گفتوگۆیەکیش دەبێ گۆڕان بیکات، بۆیە ئامادەنەبوونی لە کوردستان گرفتێک نابێ".

# 46 بارەگاکەی پارتی هێشتا لەدەستی هێزە ئەمنییەکانە

## گوتەبێژی پارتی لە سلێمانی: بەنیازین قسە لەسەر وەرگرتنەوەیان بکەین

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

هێشتا پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بارەگاکانی لە هێزە ئەمنییەکان وەرنەگرتووەتەوە، سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی ئەو بارەگایانەش کە زیانیان پێگەیشتووە، بەرپرسێکی پارتی دەڵێت "پابەندی بڕیاری دادگا دەبین، ئەگەر بڕیار دەرچوو خۆمان نۆژەنی بکەینەوە یان حکومەت نۆژەنیان بکاتەوە".

### 46 بارەگاکەی پارتی

دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکەی قەڵادزێ لە شەوی 2015/10/9 گرژی تێکەوت و کوژران و برینداربوونی خۆپیشاندەرانی لێکەوتەوە، هەر ئەو شەوە هێرشکرایە سەر بارەگای ناوچەی پارتی و سووتێندرا، ڕۆژی دواتر خۆپیشاندان زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیانی گرتەوە و هێرشەکان بۆ سەر بارەگاکانی پارتی فراوانتر بوون، بەو هۆیەشەوە سەرکردایەتی پارتی بڕیاری دا لەو شوێنانە بارەگای ناوچە و مەکتەبەکان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان بکرێن.

لە سنووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگای سلێمانی لقەکانی چوار لە ناوشاری سلێمانی، 21ی دەوروبەری سلێمانی، 11ی ڕانیە و 12ی هەڵەبجەی شەهید هەن، هەروەها لقەکانی 19ی چەمچەماڵ و 22ی گەرمیان سەر بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکوک- گەرمیانن. لقەکانی (4، 11، 21، و 22) هەریەکەیان 8 ناوچەیان هەیە و لقی 12یش 11 ناوچە و لقی 19ش نۆ ناوچەی هەیە.

بەگشتی 46 بارەگای پارتی لە سنووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی و کەرکووک–گەرمیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کراون و تاوەکو ئێستا وەرنەگیراونەتەوە.

### چاوەڕێی دۆخەکەن

فارس نەورۆڵی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تا ئێستا داوای هیچ بارەگایەکیان لە هێزە ئەمنییەکان نەکردووەتەوە، چاوەڕێن بزانن دۆخەکە بە کوێ دەگات و پێیانوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە.

سەبارەت بەوەی تاوەکو ئێستاش ترسیان هەیە لە وەرگرتنەوەیان، نەورۆڵی گوتی "مەسەلە ترس نییە، بەڵکو دوای ئەو ڕووداوانەش کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوویانداوە، بۆیە لە ئایندەیەکی نزیکدا قسە لەسەر وەرگرتنەوەیان دەکەین".

### زیانی بارەگایەکیان 80 هەزار دۆلارە

ڕەهێڵ جاف، کارگێڕی لقی 22ی گەرمیان و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ئەو لقە دەڵێت بەهۆی ئەو پەلاماردانەوە زیانی زۆر بە بارەگاکانیان گەیشتووە، لەوانەش ناوچەی کەلار کە بینایەکی سێ نهۆمی بووە و بە کرێ تێیدا بوون "هەرچەندە تا ئێستاش سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارین، بەڵام وای مەزەندە دەکەم تەنیا زیانەکانی ناوچەی کەلارمان نزیکەی 80 هەزار دۆلار بێت".

### سکاڵا تۆمار دەکەن

سەرکردایەتی پارتیش لە سلێمانی لیژنەیەکیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە زیانی بارەگاکانیان پێکهێناوە و دواتریش سکاڵای یاسایی تۆمار دەکەن.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

فارس نەورۆڵی زانیاری لەبارەی زیانەکانیان نەبوو، ئەو گوتی "ئێستا لیژنەکە سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارین بۆ ئەوەی بزانین زیانەکان چەندن و سکاڵاش تۆمار بکەن هەم لە دژی چالاکڤانەکان و هەمیش ئەو میدیایانەی کە هانی خەڵکیان بۆ ئاژاوە داوە".

سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی بارەگاکانیشیان کە ئایا خۆیان نۆژەنیان دەکەنەوە یاخود داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، نەورۆڵی گوتی "دوای تۆمارکردنی سکاڵا پابەندی بڕیاری دادگا دەبین، ئەگەر بڕیارەکە ڕووبەڕووی خۆمان بووەوە ئەوا خۆمان نۆژەنیان دەکەینەوە، ئەگەریش داوای کرد لایەنی هێرشکەر چاکیان بکەنەوە ئەوا دەبێت ئەوان بیکەن".

لقی 22ش بەنیازی تۆمارکردنی دوو سکاڵان، ڕەهێڵ جاف گوتی "یەکێکیان لەسەر کەناڵێکی ڕاگەیاندنە کە ڕاپۆرتێکی مۆنتاژکراویان بڵاوکردووەتەوە گوایە ئەو شەهیدەی لقی 22 لەلایەن پارتییەوە شەهید کراوە و دەمانەوێت بۆمان بسەلمێنن، سکاڵای دووەمیش لەسەر ئەو گێرەشێوێنانەی هێرشیان کردە سەر بارەگاکانمان".

### بارەگا کەم دەکەنەوە؟

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، پێش دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانیش، سەرکردایەتی ئەو حیزبە بەنیازی کەمکردنەوەی بارەگاکانی بووە، فارس نەورۆڵی گوتی "پێشتریش بیرمان لەوە کردبووەوە کە بارەگاکان کەم بکەینەوە، چونکە ئەو فرە بارەگاییە پێویست ناکات و لەهەمانکاتیشدا لەڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە کارکردن ئاسان بووە، بەڵام کەمکردنەوەکە هێشتا نەبووەتە بڕیار و بۆ داهاتوو قسەی لەسەر دەکرێت".

ڕۆژی 2015/10/12 پارتی ڕێگەی نەدا د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بێتەوە شاری هەولێر، لەو ڕۆژەوە پەرلەمان هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە، بەڵام لیژنەکانی پەرلەمان بەنیازن بەدواداچوون بۆ خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییە بکەن.

شوان قەڵادزەیی، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی لیژنەکەیاندا پێشنیازیان کردووە سەردانی شوێنی ڕووداوەکان بکەن و بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی 2015/11/3 لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ سەردانی کەلار و قەڵادزێ دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسوکاری قوربانیان و بەرپرسان و چالاکڤانان کۆببنەوە و زانیاری وەربگرن.

قەڵادزەیی گوتی "وەکو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەین بۆ ئەوەی لە شەهیدبوون و برینداربوونی هاووڵاتیان و سووتانی بارەگاکان و ڕۆڵی دەزگا ئەمنییەکان بکۆڵینەوە".

بەڵام قادر ڕەزگەیی، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ ڕەتیکردەوە کە بڕیاریان دابێت لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو سەردانانە بکەن و گوتی "وەکو لیژنەکەمان ئەمڕۆ دووشەممە کۆدەبینەوە و بڕیار بۆ بەدواداچوون دەدەین، بەڵام نازانین لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ دەیکەین یان نا".

ڕەزگەیی گوتی ئەوان وەکو لیژنەی لێکۆڵینەوە ناچن "سەردانەکانی ئێمە وەکو بەدواداچوونە نەک لێکۆڵینەوە، چونکە لێکۆڵینەوە پێویستی بە دەرکردنی فەرمانە".

مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ (ڕووداو):

# من لەنێو یەکێتیدا پەڕیش نیم نەک باڵ

مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەفتەی ڕابردوو دوو سیمیناری بۆ ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات ساز کرد. یەکێکیان لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا و ئەوەی دیکەشیان لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید. دوای سیمینارەکەی ستۆکهۆڵم ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ ساز کرد.

هەڤپەیڤین: ئالاَ شاڵی
ڕووداو- ستۆکهۆڵم



### ڕەوەندی کوردی

**ڕووداو: بۆچی بەپێویستت زانی لەم کاتەدا ئەو زنجیرە سیمینارە لە ئەورووپا ساز بکەی؟**

**مەلا بەختیار:** هەستم کرد دابڕانێک هەیە لەنێوان ڕەوەندی کوردی و سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاودەکرایەوە، هەستم کرد پڕوپاگەندەی ڕەشبینی زاڵ بوو بەسەریدا. بۆیە ئەو دوو سیمینارەم بەتایبەت بۆ ئەوە کرد ڕاستییەکان وەکو ئەوەی هەیە لەگەڵ ڕەوەندی کوردی باس بکەم، نەک وەکو ئەوەی باس دەکرێ.

**ڕووداو: دەتەوێ چ بە کوردانی تاراوگەنشین بڵێی و لە چ شتێک دڵنیایان بکەیەوە؟**

**مەلا بەختیار:** پەیامی ئێمە ئەوەیە لە عێراق و لە کوردستان و ناوچەکە ڕووداو و کێشمەکێشمی تازە هەیە، دەمانەوێ بیانخەینە بەرامبەر ئەو پانۆراما سیاسییەی کە لە ناوچەکەدا هەیە. ئەوەی ڕوانگەی ئێمە بوو وەکو یەکێتی و ڕوانگەی حیزبەکانیش، ئەوەندەی توانیم بە ئارامی ڕوونم

### یەکێتی باڵی تێدا نییە کێشەی تێدایە

### قسەکانی شاناز ئیبراهیم ڕای خۆیەتی

کردەوە. ئەوەندەی لە بەرپرسیارێتی دیموکراتی و نەتەوەییەوە قسەم کرد، ئەوەندە لە بەرپرسیارێتی تەسکی حیزبایەتییەوە قسەم نەکرد.

داوامان لە ڕەوەندی کوردی کرد دوور لە تووڕەبوون، دوور لە قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان، ڕۆڵ بگێڕن. پەیامی خۆیان بگەیەنن بە هەموو حیزبەکان بۆ ئەوەی بەشێک بن لە چارەسەر. وشیاری دیموکراسی و پەروەردەی دیموکراسی ئەو وڵاتانە بۆ ڕۆژێکی وا بەکاربهێنن. نەک هەر بۆ توندڕەوی و ڕق و کینە ڕشتن.

**ڕووداو: هەستتان نەکرد کوردی تاراوگە لەو ڕەوشەی ئێستای باشووری کوردستان تووڕەن؟**

**مەلا بەختیار:** کەمێکیان تووڕەن. ئەگەرنا باقیەکەی کە خۆتان لە سیمینارەکە بوون، جگە لە دوو کەس، ئەوانی دیکە زۆر بە ئارامی و زۆر بە پەرۆشی قسەیان کرد.

**ڕووداو: ئەی بۆچی کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستان لە سیمینارەکەی ئەڵمانیا کرایە دەرەوە؟**

**مەلا بەختیار:** کەس دەرنەکرا. کوردێکی ڕۆژئاوا هەڵسا ڕەخنەی توندی لە پەیەدە گرت، پەیەدەکانی ئەوێش وەڵامیان دایەوە. منیش هەردوولام ئارام کردنەوە.

**ڕووداو: هەست ناکەی ئێستا پارتەکانی باشووری کوردستان بەگشتی بێ چالاکین لە ئەورووپا؟**

**مەلا بەختیار:** من هەست ناکەم، بە پێچەوانەوە ئێستا کۆنتاکتی پارتەکانی کوردستان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی لە ئەورووپا لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان، لەگەڵ ناوەندەکانی دەرەوەی وڵات زۆر باشە. وەفدەکانی ئەورووپاش ئێستا پەیتا پەیتا سەردانی باشووری کوردستان دەکەن. ئێستا کوردستان بووەتە ژمارەیەکی ئێجگار گرنگی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی دەوروبەرمان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**ڕووداو: پێش ڕاپەڕین، لێرە لە سوید کتێبێکت نووسی لەسەر ڕاپەڕینی جەماوەری، دەتوانی ئێستا کتێبێک بنووسی پێشبینی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکەی لە چەند ساڵی داهاتوودا؟**

**مەلا بەختیار:** ئەو کتێبە تاوەکو ئێستا پێنج چاپی کراوە، لە پێشەکی دوایین چاپدا نووسیومە سوید بە وڵاتی دووەمی خۆم دەزانم، نیوەی ئەو کتێبەم لە ماڵی کولتووری لە سوید نووسیوە. هەر جارێک بێمە سوید بە یادی نووسینی ئەو کتێبە سەردانی ئەو ماڵە دەکەم و شەترەنجێکیش دەکەم، ئەمجارەش چووم و لەوێ شەترەنجم لەگەڵ کەسێک کرد کە هەر نەمدەناسی و ئەویش منی نەدەناسی، لە شەترەنجەکەش لێم بردەوە.

بێگومان ئەو بیرۆکەیەی تۆ لە مێشکمدا هەیە کە بۆ نەبووین بە دەوڵەت و بۆ دەبێت ببین بە دەوڵەت. بەڵام بەڕاستی سەرقاڵی ناهێڵێ.

**ڕووداو: بۆ نەبووین بە دەوڵەت؟**

**مەلا بەختیار:** بۆ نەبووین بە دەوڵەت، خەتای داگیرکەرەکانمان گرتووە، بەڵام نیوەی خەتاکەش خۆمان بووین. بۆیە من ئەگەر بینووسم، هەموو خەتاکان باس دەکەم و ناوی هەموویان دەهێنم. دەبێ ئەو هەڵانە بۆ نەوەکانی ئێستا و ئایندە بنووسرێن.

**ڕووداو: ئێستا نەوشیروان مستەفا بۆ چارەسەری لە ئەورووپایە، بەنیاز نیت سەردانی بکەی؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر.

### ڕەوشی یەکێتی

**ڕووداو: ڕەوشی یەکێتی چۆنە ئێستا، دەڵێن ئێستا یەکێتی سێ باڵە، باڵی بەڕێزتان، باڵی هێرۆخان و باڵی کاک کۆسرەت، ئایا ئەوە ڕاستە؟**

**مەلا بەختیار:** من پەڕیش نیم نەک باڵ. پێمواننییە ئەو وشەیە دەقیق بێت کە بڵێین چەند باڵێک هەیە، دەتوانین بڵێین کێشە هەیە لەنێو یەکێتی. کێشەش ئاساییە. ئەوە پارتی کێشەی هەیە حەزدەکەم بزانیت، کۆمەڵ و یەکگرتوو و گۆڕان و حیزبە بچووکەکانیش کێشەیان هەیە. سروشتی حیزبەکان لە یەکێک بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. حیزب هەیە مەرکەزیەتی بەهێزە کێشەکانی دادەپۆشێ وەکو پارتی. حیزبی وا هەیە لیبراڵیەتی بەهێزە، کێشەکانی دەردەکەون وەکو یەکێتی. بە بڕوای من نەبوونی کێشە نیشانەی مردوویی حیزبە، بەڵام نابێت کێشە زاڵ بێت بەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرک و بەرپرسیارێتیدا. کێشە لە خانەی خۆیدا ڕابگرە و چارەسەری بۆ بدۆزەوە.

ئێمە نایشارینەوە کێشەمان هەیە. ئێمە جارێ کۆنگرەی سێیمان نەبەستبوو، خەڵک دەیگوت دەچنە نێو کۆنگرە و بە ئینشیقاقەوە دێنە دەرەوە. بە ئینشیقاق نەهاتینە دەرەوە. کە گۆڕان جیابووەوە گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد ڕەنگە یەکێتی نەتوانێ بەرگە بگرێ، کۆمەڵێک کێشەیان هەیە دەتەقێتەوە، بەشێکیان دەچنە نێو گۆڕان و بەشێکی کەمیشی دەچێتە نێو پارتی و بەشێکی کەم لە یەکێتییەکی لاوازدا دەمێنێتەوە، کەچی لە هەڵبژاردنی عێراقدا بەشداریمان کرد و هەستاینەوە. لە بەرامبەر داعشدا یەکێتی ڕۆشنترین هەڵوێستی هەبوو. بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکێتی ئەوەی کردووە کە کردوویەتی. منەتیش لەسەر کەس ناکەین. ئەو دەستکەوتانەی یەکێتی ڕەتکردنەوەی پڕوپاگەندەکان بوو.

**ڕووداو: ئێستا فرەدەنگییەکی زۆر لەناو یەکێتیدا هەیە، دەتوانرێت بگوترێت هەڵوێستی فەرمیی یەکێتی ئەو هەڵوێستەیە کە لە زمانی کام بەرپرسی یەکێتییەوە دەردەچێت؟**

**مەلا بەختیار:** چەند بەرپرسێکی ئێمە کە لە ئۆرگانی گرنگی یەکێتین، قسە دەکەن. ئێمە دواجار وریامان کردوونەتەوە کە بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی قسەکردن نابێت. بەڵام هەڵوێستی فەرمی یەکێتی ڕاگەیەنراوەکانی مەکتەبی سیاسین. هەر کەسێک پێچەوانەی ئەو ڕاگەیەنراوانە قسە بکات هەڵەیە.

**ڕووداو: ڕاستە دەگوترێت، قسەی یەکەم و کۆتایی قسەی هێرۆخانە؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر. من بە ویژدانەوە دەڵێم وانییە. هیچ مەبەستێکم نییە. من هەموو جارێک لەگەڵ ئەو هەڤاڵە کە دادەنیشین ئەوەی پێویست بێت قسەی دڵی خۆم دەکەم. بەڵام قسەی یەکەم و کۆتایی هی ئەو نییە. بە دڵنیاییەوە پێتدەڵێم هەندێک شت کارگێڕ بڕیاری لێداوە، ئەو هەر ئاگاشی لێ نەبووە. زۆرجار ئەو لە مەکتەبی سیاسی ئیعترازی هەبووە، بە پێچەوانەی ئەو شتەکان ڕۆیشتووە. هەندێکجاریش گوێی لێگیراوە، چونکە ئەو مێژوویەکی هەیە و پێگەیەکی هەیە لەنێو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

**ڕووداو: وتار و پۆستەکانی شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، پارتی زۆر تووڕە دەکەن، ئایا ئەوانە ڕای یەکێتین؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر، ئەوە ڕای شەخسی خۆیەتی. شانازخان هەرچییەکی گوتبێ بەناوی یەکێتییەوە، یان بەرپەرچی پارتی دابێتەوە، ئەبەدەن ئەوە ڕای یەکێتی نییە.

**ڕووداو: ئاگادارتان کردووەتەوە؟**

**مەلا بەختیار:** بەڵێ ئاگادار کراوەتەوە. ئەگەر تێبینیش بکەن ئەو خوشکە ئێستا کەمتر شت دەنووسێت.

### ڕەوشی کوردستان

**ڕووداو: وەک زانیومانە یەکێتی خەریکی ئامادەکردنی پڕۆژەیەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئایا ڕاستە خەریکی ئەوەن؟**

**مەلا بەختیار:** بەناوی پڕۆژە نا، بەڵام بڕیار وابوو لەگەڵ هەموو حیزبەکانی کوردستان کۆببینەوە. دوایی دانیشین و لەنێو خۆماندا تاوتوێی بیروبۆچوونی هەموو حیزبەکان بکەین، ئینجا سەرلەنوێ بڕیارێک بدەین. ئێستا ئەو بیروبۆچوونانە لەلامان گەڵاڵە بووە و ماوەتەوە بڕیار بدەین.

**ڕووداو: ئێوە دەڵێن ئێمە ناچینە بەرەی هیچ لایەنێکەوە، بەڵام دەگوترێ بەڵێن بەیەکتردان و ڕێککەوتنێکی نەنووسراو لەنێوان نەوشیروان مستەفا و هێرۆخاندا هەیە، ئەوە ڕاستە؟**

**مەلا بەختیار:** ئێمە نەمانگوتووە ناچینە هیچ بەرەیەکەوە، گوتوومانە لەگەڵ هیچ لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە نابین. بەرە بێتە پێشەوە بەرژەوەندی دیموکراسی و گەلەکەمانی تێدا بێت،

### هەر حیزبێک کێشەی تێدا نەبێت حیزبێکی مردووە

### پارتی مەرکەزیەتی بەهێزە و کێشەکانی دادەپۆشێ

ئێمە لەگەڵیداین.

سەبارەت بەڕێککەوتنی نهێنی ئەو دوو جوامێرە، دەتوانم بە یەقینەوە پێت بڵێم ئەسڵ و ئەساسی نییە. من قبوڵی ناکەم ڕێککەوتنی نهێنی لەنێوان هێرۆخان و کاک نەوشیروانیدا هەبێت، بەڵام بە تەواوی عەقڵی سیاسی خۆم هەوڵ دەدەم ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان یەکێتی و گۆڕاندا هەبێت.

**ڕووداو: دەتوانی بڵێی لەو دۆخەدا، یەکێتی ناچێتە پاڵ هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕانەوە؟**

**مەلا بەختیار:** گوتمان ئێمە لەگەڵ هیچ لایەک لەدژی لایەکی دیکە نابین.

**ڕووداو: یەکێتی چۆن دەڕوانێتە ئەو بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، بەرەو دوو ئیدارەیی ناڕوات؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر. ئێمە دژی دوو ئیدارەیین، پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانن. هەموو وەزارەتەکان لەو دوو پارێزگایە کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبەن. تا ئێستا هیچ بەڕێوەبەرێک و قایمقامێک سەرکێشی نەکردووە، قایمقامێک سەرکێشی کرد و شتێکی لە فەیسبووک نووسیبوو، ئاگادارمان کردەوە. یەکێتی باجی دوو ئیدارەیی داوە، ئەگەر ئەمجارە

### پارتی 5 %ی نیگەرانییەکانی ئێمەی چارەسەر نەکردووە

### ڕێککەوتنی نهێنی نێوان کاک نەوشیروان و هێرۆخان ئەسڵ و ئەساسی نییە

قازانجیشی لێ بکەین ئامادەنین خۆمان بخەینە ژێر ئەوبەرپرسیارێتییەوە.

### دۆسیەی نەوت

**ڕووداو: چۆن دەڕوانییە دۆسیەی نەوت، پێتوانییە دووڕایی هەیە لە هەڵوێستی یەکێتیدا، قوباد تاڵەبانی و عیماد ئەحمەد و دکتۆر بەرهەم پێشتر گوتوویانە ئێمە ئاگاداری هەموو شتێکی دۆسیەی نەوتین، بەڵام کەسێکی وەک حاکم قادر دەڵێت ئاگادار نین؟**

**مەلا بەختیار:** حاکم قادر کارگێڕی مەکتەبی سیاسییە، حەقی خۆیەتی پرسیار بکات لە دۆسیەی نەوت کە ئایا یەکێتی پشکی بەرکەوتووە یان نا، بەڵام ئەو قسەیەی کە ئەو سێ بەڕێزە گوتوویانە ئاگادارن، ئاگادارن. چونکە کاک بەرهەم سەرۆک وەزیران بووە. کاکە قوباد، جێگری سەرۆک وەزیرانە. کاک عیماد، جێگری سەرۆک وەزیران بووە، ناکرێ ئاگادار نەبن. لەو لێژنانەی پێکهێنراون و لەو گفتوگۆیانەی کە کراون ئەوانی تێدا بووە، بڕیار درابێ ئاگادارن. شتی دیکە لە دەرەوەی ئەمە کرابێ، ئەوان ئاگادار نین. ئێمە نیگەرانیمان هەیە لە هەندێک شتی دیکە. لە هەندێک گرێبەست، گفتوگۆ لەسەر نەوت و داهاتی نەوت. بە تایبەتی ئەوەی لەگەڵ تورکیا کراوە. ناڵێم بڕیارمان هەیە، دەڵێم نیگەرانیمان هەیە. دەشمانەوێ ئەو نیگەرانییەمان برەوێنێتەوە.

**ڕووداو: ئێوە لایەنگری ئەوەن ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بکرێتەوە، گەرەنتی ئەوە هەیە بەغدا هەموو بودجەی هەرێمی کوردستان بدات، واتە 17 % بەتەواوی بدات بە هەرێمی کوردستان؟**

**مەلا بەختیار:** ئێمە پێمانوایە گفتوگۆیەکی بەرپرسیارانە پێویستە. بەبڕیاری هاوبەش لەسەر ورد و درشتی ئەو پڕۆژەیە، ئابووری، نەوت، سیاسی ئیداری، ئەمنی، ماددەی 140 و جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی، هەموو ئەوانە دەبێ ئێمە بڕۆین دوا هێزی خۆمان لە حکومەت و حیزبەکانیش ببەینە بەغدا، ئەوان بخەینە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژووییەوە. من پێمولیە حکومەتی عێراق ئێستا لە هەموو کاتێک زۆرتر پێویستی بە هەرێمی کوردستانە. هەرێمی کوردستانیش دەرکەوت هەر دەبێت گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا بەردەوام بێت و چارەسەریش بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە.

### شاناز ئیبراهیممان ئاگادار کردووەتەوە

کە بەغدا ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە هەرێمی کوردستان هەبێت کەوابێت کوردیش دەتوانێ ئەوە بقۆزێتەوە. حکومەتی عێراق بەرپرسە لەچارەسەرنەکردنی کۆی کێشەکان، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ئێمەش هەڵەمان نەکردبێ. ئێمەش دەبێ بەخۆماندا بچینەوە. سیاسەتی 3-4 ساڵی ڕابردوو هەڵبسەنگێنینەوە، سیاسەتی نەوت، ئیدارە، ئەمنی، سیاسەتی کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی مادەی 140 لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە. سیاسەتی دیارینەکردنی سنووری کوردستان. من پێموایە ئێستا هەلومەرجی گفتوگۆیەکی سەرکەوتوو لەگەڵ بەغدا لەئارادا هەیە و بەغدا دەبێ پابەند بێ.

**ڕووداو: ئێوە ڕاتانگەیاند کە هەوڵ دەدەن ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕان بکەن، ئایا ئەوە ڕێگەی ڕێککەوتنتان لێناگرێت لەگەڵ پارتی؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر. ئێمە لە پارساڵەوە بە ڕوونی بە پارتیمان گوتووە ئێمە لەگەڵ گۆڕان گفتوگۆ دەکەین. بە پارتیمان گوتووە ئێمە و گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، وەکو ئێوە و گۆڕان نین لە هەولێر و دهۆک. ئێمە مەگەر گۆڕان ڕازی نەبێت، دەنا بڕیاری ڕێککەوتنمان داوە.

### ڕێککەوتننامەی ستراتیژی

**ڕووداو: ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی بە کردەوە نەماوە، خەتاکەی زیاتر لەملی کێیە؟**

**مەلا بەختیار:** غەدرێکی گەورەی لێ دەکرێ، هەندێکجار وا باس دەکرێت کە هیچ نەبووە، نەخێر ڕێککەوتنەکە دەستکەوتی گەورەی بۆ کورد هەبووە. نێوان یەکێتی و پارتی چاک کردووە. سەرەنجام لە هەڵبژاردنەکاندا کەشێکی ڕەخساوی ئامادە کرد، حکومەت و پەرلەمان کاری خۆی کرد. ئەم ڕێککەوتنە بەرامبەر داعش، بەغدا و دوژمنانی کورد، یەکگرتوویی ئیرادەی کوردی دەرخست. ئێستاش پارتی و یەکێتی دوو هێزی ئەساسی کوردستانن. بەڵام هەلومەرج گۆڕا، بەهاری بەناو عەرەبی هاتە پێشەوە، کێشەی عێراق و کێشەی نەوت هاتە پێشەوە. ئەوانە هەموو کاریگەریی نێگەتیڤیان هەبوو لەسەر ڕێککەوتنەکە. وردە وردە لەسەر ئەو ڕووداوانە و لەناو عێراق خوێندنەوەی جیاوازمان بۆ پەیدا دەبوو. بەبێ ئەوەی وا بکەین خوێندنەوە جیاوازەکان بگەیەنینە خوێندنەوەی هاوبەش.

جگە لەوەش ئێمە لەسەر هەندێک جومگەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت نیگەرانیمان هەبوو، لە وەزارەتەکان ئێستاش نیگەرانیمان هەیە، هیچ وەزارەتێک نییە 80%ی کەمتری پارتی بێ.

کابینەی هەشت کە دروست بوو، من سەرکردایەتی وەفدێکی یەکێتیم کرد، بە کاک نێچیرڤانم گوت ئەگەر دەتانەوێ مام جەلال پشتگیریتان بکات، دەبێ هاوسەنگی لەو حکومەتە دروست بکەن. کاک نێچیرڤان گوتی لێژنە دروست دەکەین بۆ نەهێشتنی ئەو ناهاوسەنگییە، هەندێکی چارەسەر کرا، بەڵام تا ئێستا 5%ی نیگەرانییەکانی ئێمە چارەسەر نەکراون.

بڕیار وابوو ئێمە پڕۆژەیەک پێشکەش بکەین، بەڵام بارودۆخەکە یارمەتی نەدا، هەتا دەهات کێشەکان قووڵتر دەبوونەوە، بە تایبەتی کە حکومەت بەوشێوەیە لە نێوان گۆڕان و پارتی پێکهێنرا و چەند وەزارەتێکی گرنگی ئێمە تەسلیم بە گۆڕان کران. ئەوەش کاریگەریی زۆری لەسەر ئێمە هەبوو.

**ڕووداو: ئێوە کاراکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنە بە گرنگ دەزانن؟**

**مەلا بەختیار:** تا ئێستا هیچ لایەکمان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەمان نەداوە. ئەگەر دۆخەکە ئارام ببێتەوە، پارتی هاوکاریمان بکات کێشەکە بە گشتی چارەسەر بکەین، من دڵنیام دێینەوە سەر گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی کە چۆن گەشەی پێبدەین، چۆن فراوانی بکەین.

### پەیوەندی لەگەڵ تورکیا

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ تورکیا چۆنە؟**

**مەلا بەختیار:** پەیوەندییەکی ئاساییە و هاتوچۆ لە نێوانماندا هەیە، نوێنەرمان لە ئەنقەرە هەیە و بە بەردەوامی یەکدی دەبینین. دوایین وەفدیان کە بەنوێنەرایەتی سەرۆک کۆمار سەردانی کردین جەختیان کردەوە کە حەزدەکەن پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکێتیدا هەبێت. ئێمەش وەڵامان دانەوە و گوتمان بەڵێ ئێمەش ئەو پەیوەندییەمان بەپێویست زانیوە.

**ڕووداو: هەڵوێستی تورکیا چی بوو لەسەر چوونی ئێوە بۆ باکووری کوردستان و وتارەکەی ئێوە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا؟**

**مەلا بەختیار:** تورکیا پێی خۆش بوو ئێمە نەچین، مافی خۆشی بوو، بەڵام ئێمە لەلامان گرنگە تورکیا ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی و تورکیا گەشە بکات و ببێ بە ئیسپانیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

نەک ببێ بە میسری وڵاتانی عەرەبی.

یەکێک لە ئاکارە جوانەکانی ئاکەپە ئەوەیە کە فەلسەفەی کەمالیستی شۆڤێنی بەجێهێشت. قۆناغێکی دیکە هاتووەتە پێشەوە. ئاکپارتی دەستکاری دەستووری نەکرد وەکو ئەوەی ئیخوانەکانی میسر کردیان. ئێستا هەلێک لە تورکیا هاتووەتە پێشەوە ئێمە پێمانباشە لەو هەلەدا دیموکراسی پێشبکەوێ. ئێمە ئەو قسانەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆک کۆماری تورکیا و جەنابی سەرۆک وەزیرانی تورکیاش کردووە. هەدەپەش هێزی دیموکراتی گەلانی تورکیایە. نەک هێزێکی ناسیۆنالیستی کوردی. ئەوەش بۆ ئێمە زۆر زۆر جێگەی ڕامانە. ئێستاش دەیڵێین ئێمە هەموو توانای خۆمان دەخەینە کار بۆ ئەوەی ئەو دیموکراسییەی لە تورکیا هەیە سەربکەوێ.

**ڕووداو: دوای هەڵبژاردنەکان داواتان لە هەدەپە کرد هەڵوێستی نەرم بێت بەرامبەر بە ئاکەپە و حکومەتی لەگەڵ پێکبێنێت، پێتوایە هادەپ هەڵەی کرد؟**

**مەلا بەختیار:** ئێمە بە قەندیلمان گوتووە هەدەپە بچێتە حکومەت باشە.

### قسەی یەکەم و کۆتایی یەکێتی لای هێرۆخان نییە

### بڕیاری ڕێککەوتنمان لەگەڵ گۆڕان داوە

### هیچ وەزارتێک نییە 80%ی کەمتری پارتی بێ

**ڕووداو: ئایندەی باکووری کوردستان چۆن دەبینی دوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن؟**

**مەلا بەختیار:** پێموایە ئایندەی باکووری کوردستان پەیوەندی بە سەرانسەری تورکیاوە هەیە، ئەو بزووتنەوە دیموکراتییەی تورکیا گەشە بکات، باکوور دەگات بە مافە دیموکراسییەکانی.

ڕووداو: پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵ قەندیل؟

مەلا بەختیار: باشە.

**ڕووداو: پەکەکەتان هان داوە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی؟**

**مەلا بەختیار:** بەڵێ. بەردەوام ئەو قسانەیان لەگەڵ دەکەین. لەگەڵ پەکەکە و لەگەڵ پەیەدەش. دوایین دیدارمان لەگەڵ پەیەدە گوتوومانە دەبێت لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون. دەبێ ئەو کێشەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێ، خۆشیان ئێستا باش بیر دەکەنەوە.

**ڕووداو: سەردانی ڕۆژئاوای کوردستانت کرد، گەیشتییە ئەو باوەڕەی کە ڕۆژئاوای کوردستان وەک باشووری کوردستان دەبێتە خاوەن ڕەوشێکی یاسایی جێگیر و ئەو ڕزگاربوونەی ئێستای دەمێنێتەوە؟**

**مەلا بەختیار:** کێ باوەڕی دەکرد لە باشووری کوردستان فیدراڵی بمێنێ. کە باسی فیدراڵیمان دەکرد، ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا دژمان بوون، هەندێک حیزبی ناوخۆییش دژ بوون، پەکەکەش قبوڵی نەدەکرد. بەڵام یەکێتی و پارتی سووربوون لەسەر مەسەلەی فیدراڵی. تەجروبەکەش سەرکەوت. ئێمە کاتێک فیدراڵیمان ڕاگەیاند کە هەلومەرجی سەرکەوتنی نەبوو. ئێستا ڕۆژئاوا لە هەلومەرجێکدا کانتۆنەکان ڕادەگەیەنێ کە هەلومەرجی سەرکەوتنی لە سووریا زۆر زۆر بەهێزە.

**ڕووداو: داواتان لە پەیەدە کردووە ڕێگەی بەشداری بە پارتەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد بدات؟**

**مەلا بەختیار:** بەڵێ داوامان کردووە. لە ڕاگەیەنراوی مەکتەبی سیاسیدا جەختمان لەسەر دوو خاڵ کردووەتەوە: یەک: کرانەوەی پەیەدە بەرامبەر بە حیزبەکانی دیکە. دوو: چارەسەری تەنگ و چەڵەمە ئابوورییەکان. دەبێ بە زووترین کات دەروازەی سێمالکا بەڕووی ڕۆژئاوادا بکرێتەوە، چونکە بیستمان کە دەرمان و ئامێری پزیشکی لە باشوورەوە قەدەغەیە بچێ بۆ ڕۆژئاوا، بەڕاستی ئەوە زۆر گوناهە. ئێمە وەکو یەکێتی ئەوەمان نەدەزانی.

ئێستا دوو حیزب یان چەند حیزبێک خەریکن هێزێک بەناوی هێزی ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکەن و بینێرن بۆ ڕۆژئاوا، ئێمە پێمانوایە ئەوە بەبێ ڕێککەوتنی سیاسی ناکرێت. چونکە ئەگەر بەبێ ڕێککەوتن بڕواتەوە بە دڵنیاییەوە شەڕ ڕوودەدات.

## گۆڕان کار بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکات

**رووداو- سلێمانی**

عەبدولڕەحمان عەلی بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، تاوەکو ئێستاش بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە شاری سلێمانی کە بەپێی پەیڕەو دەتوانن ئەو کارە بکەن و گوتی "لە هەوڵداین بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەیی یاسایی، بەڵام تائێستا ئەو ڕێژەیە تەواو نەبووە". سەبارەت بە هەڵوێستی یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیش بۆ ئەو دانیشتنە، عەبدولڕەحمان گوتی "ئەوان تا ئێستاش سوورن لەسەر ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی لە پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام بۆ دانیشتنی پەرلەمان لەسلێمانی خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە".

### کورد بیر لە ئامادەبوونی لایەنی سێیەم دەکاتەوە

# نوێنەرانی کورد لە گفتوگۆی هەولێر و بەغدا ڕەشبینن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

هێشتا کاتی چوونی شاندی کوردی بۆ بەغدا دیار نییە، پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا دەڵێن پێویستە کورد بەر لەوەی شاند بنێرێ بۆ بەغدا، نێوماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە. پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێت ئەگەر ئەمجارە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکرێت، دەبێ لایەنی سێیەم لەنێو دانوستاندنەکەدا بێت.

پێشتر سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو کە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی نەوت و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڵام هێشتا کاتی چوونی ئەو شاندە بۆ بەغدا دیار نییە.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق هیوایەکی زۆر لاوازی بەو دانوستاندنە هەیە "هیچ ئومێدێکم بە هاتنی شاندی کوردی بۆ بەغدا نییە". هەر بۆیە پێیوایە هەردوو حکومەت لە یەک بێدەنگ دەبن و وەک پێشوو بەردەوام دەبن "ئەو نەوتی خۆی دەفرۆشێ و ئەویش بێدەنگ دەبێ و مووچە و بودجەی خەڵک دەبڕێ".

موسەننا ئەمین داوا دەکات تاوەکو دۆخی نێوخۆی هەرێمی کوردستان ئاسایی نەکرێتەوە، ڕێگەی بەغدا نەگرنەبەر "چونکە کاریگەریی لەسەر پێگەی کورد دەبێت و توانای فەرزکردنی ئەجێندایان لاواز دەبێ".



ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، یەکەم گرفتی بەردەم شاندی کوردستان لەوەدا دەبینێ کە "حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی شەرعیەتی هەیە". ئەمین بەکر پێیوایە ئەگەر دۆخی نێوخۆیی پێشتر ئاسایی بکرێتەوە، گەیشتن بە چارەسەر لەگەڵ بەغدا ئاسانە.

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارەی بزووتنەوەی گۆڕان، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ ئەوە دێتە بەغدا تاوەکو بڵێ بەغدا کەمتەرخەمە نەک ئەو "سەردانەکە بابەتێکی ڕۆتینییە و بەس". گوتیشی "وەزیری دارایی کە پارتییە، لەنێو پرۆژەی بودجەدا ڕێککەوتنەکەی پێشووی وەک خۆی هێناوەتەوە و دایناوە، شاندەکە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ڕێککەوتنە کۆنە دێن و ڕێکناکەون، دواتر وەک ئێستا هەریەکە و بە لایەکدا دەڕۆن و کەسیش کەس لۆمە ناکات".

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرگای لەسەر کۆمپانیا بەنێوبانگەکانی جیهان کردەوە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە بواری دەرهێنانی نەوت بکەن، ئەوە هێندەی دیکە بارستایی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدای زۆرتر کرد. لەوکاتەوە دانوستاندن لە دوای دانوستاندنی بێ ئەنجام دەکرێ.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، متمانەی بە گفتوگۆی دووقۆڵیی نێوان کورد و بەغدا نەماوە و داوای لایەنی سێیەم دەکات.

ئەشواق جاف گوتی "پێویستە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بێنە کۆبوونەوەکە و وەک لایەنی سێیەم بەشداریی بکەن بۆ ئەوەی دواتر دیسانەوە پەنجەی تۆمەت بۆ کورد درێژ نەکرێ بەوەی خۆی لە ڕێککەوتن دەدزێتەوە".

ئەو پەرلەمانتارە ئەوە بەبیر دێنێتەوە کە کورد لە سەرەتای 2015دا بە پێداگیریی زۆری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا گەڕایەوە بۆ بەغدا و ڕێککەوتنی نەوتی لەگەڵ واژۆ کرد "بەڵام بەغدا پابەند نەبوو، ناکرێ ئەمجارە خۆیان لەگەڵمان نەیەنە کۆبوونەوەکان، چونکە ئێمە دڵنیاین بەغدا پابەند نابێ".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی، هاوڕای حیزبەکانی دیکەیە لەوەی دەبێ شاندی کوردی پشتیوانی بەهێزی حیزبەکان و شەقامی کوردستانی هەبێ بۆ ئەوەی بچێتە بەغدا "چونکە دەزانم بەغدا دەیەوێ دەرفەت لەو ناکۆکییانە وەربگرێ کە لە نێوان حیزبەکانی کوردستان دروست بووە".

سەبارەت بە چوونی شاندی کوردستان بۆ بەغدا، (رووداو) لەگەڵ هەندێک بەرپرس و سەرچاوەی دیکە قسەی کرد، بەڵام زۆربەیان وای دەبینن کە سەرکەوتنی ئەو گفتوگۆیە ئەگەرێکی بەهێز نییە. پەرلەمانتارێکی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ کات لە بەرژەوەندی کورد نییە و دەبێ زووتر شاندی کوردستان بێنە بەغدا.

بەختیار شاوەیس، ترسی لەوە هەیە پارتی و یەکێتی بەبێ گۆڕان بێنە بەغدا بۆ گفتوگۆ "ئەگەر بەو شێوەیە بێن و دانوستاندنەکەش سەرکەوتوو بێت، ئەوا هەر بۆ ماوەیەکە و دواتر گرفتی بۆ دروست دەبێ، بۆیە باشترە گۆڕان لەنێو ئەو شاندەدا بێت". ناوبراو دەڵێ "ئەگەر گرفتەکە ئەوەیە گۆڕان وەزیرەکانی دەرکراون، دەتوانرێ یەکێک لە وەزیرەکانی بەغدای گۆڕان بخرێتە نێو شاندەکەوە".

### بەغدا لە خوێندنیشدا پشت لە زمانی کوردی دەکات

# بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا تەنیا یەک مامۆستای ماوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردی لە بەغدا ماوەی دوو مانگە لە ماڵەوە دانیشتووە و هۆشداریش دەدات لەوەی "خوێندنی کوردی لە بەغدا بەرەو نەمانی یەکجاریی دەڕوات". ئەندامێکی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ ئەگەر بە پەلە مامۆستای پسپۆڕی کوردی بۆ ئەو بەشە دابین نەکرێ، ئەوە سەرەتای داخستنی یەکجاریی بەشەکەیە لە زانکۆی بەغدا".

بەهۆی نەبوونی مامۆستای پسپۆڕی وانەبێژەوە، بەشی کوردی لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی بەغدا، خوێندنی ڕاگرت و بەشی کوردیش لە کۆلیژی پەروەردە لە بەغدا وەرگرتنی خوێندکاری ڕاگرت، ئەوەش بووەتە گرفت بۆ ئەو خوێندکارانەی دەیانەوێ درێژە بە خوێندنی کوردی بدەن.

د.فەرهاد قادر، ئەندامی لیژنەی پەروەردە و فێرکردن لە پەرلەمانی عێراق، ئەو کێشەیە بە نوێ نازانێ و دەڵێ چەند جارێک لەبارەی کەمبوونەوەی مامۆستای پسپۆڕی زمانی کوردی لە زانکۆ و پەروەردەکانی بەغدا هۆشدارییان دا و گوێیان لێ نەگیرا "بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە خوێندنی کوردی لەو بەشانە ڕاگیراوە. دەبێ پەلە بکەین بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزینەوە".

پەیوەندییە سیاسییەکەی نێوان هەولێر و بەغدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێ، دەرکەوت سیاسەت ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر کایەکانی دیکەی ژیانی ئەو کوردانە هەیە کە لە بەغدا و شارە عەرەبنشینەکانی دیکەی عێراق دەژین، بەتایبەتی پەروەردە. چونکە کورد چیدی نایەوێ وەک هاووڵاتی لە بەغدا باج بە گیانی خۆی بدات بۆ ئەوەی ژیان بگوزەرێنێ. ئەوەش وایکرد بەشێک لە خێزانە کوردەکانی بەغدا، ئەو شارە بەرەو هەرێمی کوردستان و تاراوگە جێبهێڵن.

د.فەرهاد قادر دەڵێ ئەمڕۆ (دووشەممە) لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی عێراق کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بەپەلە کە خۆی لە دابینکردنی مامۆستای وانەبێژدا دەبینێتەوە، بدۆزنەوە، بەڵام هیوایەکی ئەوتۆشی نییە چارەسەر بدۆزنەوە "دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوکاریمان بکات بۆ ئەوەی بەشی زمانی کوردی نەوەستێ".

بەشە کوردییەکەی کۆلێژی زمان لە زانکۆی بەغدا 600 خوێندکاری هەیە، بەڵام وەک ئەو ئەندامەی لیژنەی پەروەردە و فێرکردن لە پەرلەمانی عێراق باسیکرد "تەنیا یەک مامۆستای پسپۆڕی زمانی کوردی هەیە و ئەویش سەرۆک بەشەکەیە".

کێشەی خوێندنی کوردی لە بەغدا تەنیا بەرۆکی زانکۆ و پەیمانگاکانی نەگرتووە، بەڵکو بەڕێوەبەرێتی خوێندنی کوردی بۆ قۆناغەکانی ئامادەیی و سەرەتایی بەهەمانشێوە گرفتاری کەمیی مامۆستا بوون. تەنانەت بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە بەغدا ماوەی دوو مانگە خانەنشین بووە و لە ماڵەوە دانیشتووە بەبێ ئەوەی تاوەکو ئێستا کەسێک لە جێگای دانرابێ.

حوسێن جاف پێیوایە خوێندنی کوردی بەرەو نەمان دەڕوات و ئەوەی ئەوان لە دوای ساڵی 2004ەوە بە هەوڵ و کۆششی زۆر بنیاتیان نا، وا نزیکە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ مەداری پێشووی خۆی "مامۆستای تازە دانامەزرێنرێ و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر بەتەنگ خوێندنی کوردییەوە نییە لە بەغدا".

بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە بەغدا باسی 3580 قوتابخانەی بەغدا و شارەکانی عێراق دەکات کە تاوەکو ساڵی ڕابردوو وانەی کوردییان تێدا خوێندراوە "بەڵام لەساڵی 2004 کاتێک ئێمە دەستبەکار بووین، تەنیا 18 قوتابخانە وانەی کوردی تێدا دەخوێنرا".

حوسێن جاف، لەو ساڵانەی کارکردنیدا بەڕوونی بۆی دەرکەوتووە ئێستا لە بەغدا و هەندێک شاری دیکەی عێراق خێزانە عەرەبەکانیش بەلایانەوە گرنگە منداڵەکانیان فێری کوردی ببن "بەڵام بەداخەوە وا ئێستا منداڵە کوردەکانی خۆشمان لەوێ مامۆستا نییە وانەیان پێ بڵێتەوە".

هەروەها دەڵێ شەڕی زۆریان لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەکانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکانیان وانەی کوردی زیاد بکەن "بەڕێوەبەری پەروەردەی نەجەف ئێستاش نەهاتە ژێربار و ڕازی نەبوو وانەی کوردی لە قوتابخانەکانی نەجەف بخوێندرێ".

حوسێن جاف، باسی هۆکاری کەمبوونەوەی مامۆستای کوردی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق دەکات و دەڵێ "بەشێکیان چوونە ئەوروپا و هەندێکیشان بۆ هەرێمی کوردستان ڕۆیشتوون". هەروەها باسی هۆکارێکی دیکە دەکات و دەڵێ "ئەمساڵ لە بەغدا 60 مامۆستای تورکمان دامەزراوە، کەچی یەک مامۆستای کورد دانەمەزرێنراوە".

### ئەنجوومەنی وەزیران:

# لابردنی سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە نایاساییە



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ڕوونکردنەوەیەکەوە بە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ڕاگەیاندووە کە لابردنی خدر کەریم لە پۆستی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە "نایاساییە"، چونکە ئەنجوومەنەکە دەسەڵاتی لەکارلادانی سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجەی نییە". سکرتێری ئەنجوومەنی پارێزگاش دەڵێت "سەرجەم بڕیارەکانمان یاساییین".

سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە 7727 لە 2015/10/4 ڕوونکردنەوەیەکی بۆ چەند بڕیارێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ناردووە کە پێشتر ئەنجوومەن بە نووسراوی ژمارە 647 لە 2015/8/9 ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیرانیان کردبوو.

خاڵی ژمارە 13ی ڕوونکردنەوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران تایبەتە بە پێشنیازی لابردنی خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید کە چەند مانگێک لەمەوبەر و بە تۆمەتی کاری "نایاسایی" بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن، متمانەی لێ وەرگیرایەوە و دواتریش لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە لیژنەیەکی لەسەر دروستکرا و لیژنەکەش بڕیاری لەسەرکار لادانی خدر کەریمی لە پۆستەکەی دەرکرد تا ئەوکاتەی دۆسیەکەی لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە.

لە نووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا کە وێنەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە و لەو خاڵەدا کە تایبەتە بە سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە، هاتووە "بڕیاری ژمارە (18)ی ساڵی 2015 ناوەڕۆکەکەی پێچەوانەی یاسایە".

لە ڕوونکردنەوەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە "بەپێی حوکمەکانی یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 2009، ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی لەکار لادانی سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجەی نییە".

هەروەها لە بڕگەیەکی دیکەدا هاتووە "ئەو دەقە یاساییانەی لە نووسراوتان لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، هیچ پەیوەندییان بە بابەتی لەکارلادانی سەرۆکی شارەوانییەوە نییە، چونکە:-1 ماددەی (5)ی یاسای پارێزگاکان دەسەڵاتی داوەتە ئەنجوومەنی پارێزگا، بەڵام بەو مەرجەی لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەدا بێت کە لە هەمان یاسادا هاتووە و ناکۆک نەبێت لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیدارن بەم لایەنەوە، وەک یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان و عێراق ژمارە (12)ی ساڵی 2010 و یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (6)ی ساڵی 1993ی هەموارکراو".

هەر لە نووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ڕوونکراوەتەوە "پشتبەستن بە ماددەی (6) بڕگەی (دووەم) لە یاسای پارێزگاکان هەڵەیە، چونکە پەیوەندی بە لەکار لادانی سەرۆکی شارەوانییەوە نییە، بەڵکو تەنیا پەیوەندیدارە بە لەکار لادانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا".

لە خاڵێکی دیکەشدا ئاماژە بەوە دراوە "ماددەکانی (6/ هەشتەم، یازدەهەم، دوازدەهەم، سیازدەهەم، چواردەهەم)، (15/ سێیەم)، (23)، (35) هیچ پەیوەندییان بە بابەتی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی شارەوانییەوە نییە". هەروەها "ماددەی (9/ یازدەهەم، دوازدەهەم) لە یاسای پارێزگاکان پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی خۆجێیی قەزاوە هەیە، نەوەک ئەنجوومەنی پارێزگا، سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییان بە لەکار لادانی سەرۆکی شارەوانییەوە نییە".

بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی داکۆکی لە بڕیارەکانی خۆی دەکات. مەهدی مەحمود، سکرتێری ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بڕیارانەی دەرمانکردوون هەمووی بە پشتبەستن بووە بە یاسا و ڕێنماییەکان و لەنێویشیدا پێشنیازی لابردنی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە، چونکە هیچ بڕیارێک بە میزاجی شەخسی نەدراوە".

وا بڕیاریشە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕوونکردنەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران، سبەی سێشەممە 2015/11/3 ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەیەکی تایبەت ساز بکات.

فەخرەدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# وەک هاوسۆزییەک لەگەڵ د.یوسف پەرلەمانم جێهێشت

فەخرەدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کە بەشێوەیەکی کاتی پۆستی سکرتێری پەرلەمانی وەرگرت، لەدوای ڕێگری لە د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمان کە دەیویست بگەڕێتەوە هەولێر، ئیدی بارەگای پەرلەمانی لە هەولێر جێهێشت و دەوامی خۆی بردە نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی. فەخرەدین قادر پێیوایە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە دەرەوەی هەولێر وەک ئەوەی هەندێک داوا دەکەن، خزمەت بە پرۆسەی سیاسی ناکات.

هەڤپەیڤین مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر



وەکو برا مامەڵەم لەگەڵ د.یوسف محەممەد و د.جەعفەر ئیبراهیم کردووە

**ڕووداو: لە دوای ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان تۆش هەولێرت جێهێشت، ئەوەی تۆ کردت هەڵوێست بوو بۆ پشتگیری لە د.یوسف محەممەد، یاخود مەترسیەکت لەسەر هەبوو لە هەولێر؟**

**فەخرەدین قادر:** بەجێهێشتنی پەرلەمان لەلایەن ئێمەوە وەکو هەڵوێست و هاوسۆزیمان بووە بۆ سەرۆکی پەرلەمان و ئیدانەکردنی ئەو کارە نایاساییە بوو کە ڕێگری کرا لە سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە هەولێر.

**ڕووداو: بە نیازی بگەڕێیتەوە هەولێر و لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەست بە کار بکەیتەوە؟**

**فەخرەدین قادر:** پەرلەمان و هەولێری پایتەخت و هەر شار و شارۆچکە و گوندێکی هەرێمی کوردستان جێگای شانازیمە و خۆم ئازاد دەبینم لە سەردان و مانەوە تێیدا،

## سەرۆکی پەرلەمان پێمدەڵێت شێخم

هەردوو بەڕێزان د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمان و د.جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەکو دوو برا و هاوڕێ مامەڵەم لەگەڵدا کردوون، بەداخەوە ئاراستە سیاسییە خراپەکان جاروبار ناکۆکییان دروست کردووە. من سکرتێری پەرلەمانی کوردستانم کە سەرۆکەکەی د.یوسف و جێگرەکەی د.جەعفەرە.

**ڕووداو: هەوڵێک هەبوو بۆ دانیشتنی پەرلەمان لە سلێمانی، لە ڕووی یاساییەوە و هەروەها لە ڕووی سیاسی و واقیعییەوە دەتوانرێت کۆبوونەوەی پەرلەمان لە سلێمانی بکرێت؟**

**فەخرەدین قادر:** بڕوام وایە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە هەر شوێنێکی کوردستان بکرێت، پێویستە دۆخەکە ئارام بکرێتەوە و سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار بدەین چۆن و لە کوێ کۆبوونەوە دەکەین. کۆبوونەوەی پەرلەمان بەبێ سەرۆک و جێگر و سکرتێر لە دەرەوەی باڵەخانەی پەرلەمان لەم قۆناغەدا خزمەت نە بە پەرلەمان و نە بە پرۆسەی سیاسی و نە بە خەڵکی کوردستان دەکات.

**ڕووداو: پێشبینی ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان و ئەو دۆخەت دەکرد؟**

**فەخرەدین قادر:** هەرگیز بڕوام وا نەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ سەرۆکی باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان بکات و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان هێندەی دیکە قووڵ بکاتەوە کە زیان بە سومعەی ئەم هەرێمە دەگەیەنێت و دەیخاتە ژێر پرسیاری زۆر گەورەوە.

**ڕووداو: پارتی و هەندێک لایەنی دیکە بارودۆخی ئێستای پەرلەمان دەخەنە ئەستۆی تۆ و سەرۆکی پەرلەمان کە دانیشتنی 19ی ئابتان کرد، لە کاتێکدا بە ئامادەبوونی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان پێنج حیزبەکە لەسەر دواخستنی کۆبوونەکە ڕێککەوتبوون؟**

## کۆبوونەوەی پەرلەمان لە دەرەوەی هەولێر خزمەت بە پرۆسەی سیاسی ناکات

## پۆستی بارزانی لە بۆشایی یاساییدایە

**فەخرەدین قادر:** سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ دواخستنی هەر کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان ڕێکاری یاسایی خۆی هەیە، بەڵام بەداخەوە پێنج فراکسیۆنە سەرەکیەکەی پەرلەمان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک بۆ دواخستنی دانیشتنی پەرلەمان و پێنج پارتە سیاسییەکەش هیچ میکانیزمێکیان دیاری نەکردبوو بۆ دواخستنی دانیشتنەکە، بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆمان ناچار بینی بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی پەرلەمان و کاری پەرلەمانی، بڕیاری دەستپێکردنی دانیشتنی پەرلەمان بدەین، کە دواجار ڕێژەی یاسایی تەواو نەکرد.

## ئاگاداری ئەوە نیم کە پارتی منی بە سکرتێری پەرلەمان قبوڵ نەبێت

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی لەم یارییە سیاسییە سەرۆکی ئێستای پەرلەمان ببێتە قوربانی، بە تایبەتی پارتی هێڵی سووری لەسەر گەڕانەوەی هەیە؟**

**فەخرەدین قادر:** پێویستە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بگیرێت، بەڕێز د.یوسف محەممەد، سەرۆکی شەرعیی پەرلەمانە و هەر گۆڕانکارییەک لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا پاش ڕێککەوتنی پارتە سیاسییەکان بەهەمان ڕێکاری یاسایی کە دانراون هەڵدەوەشێتەوە، نەک بە بڕیاری سیاسی.

**ڕووداو: پارتی بە مەکتەبی سیاسی ئێوەی ڕاگەیاندووە کە فەخرەدین قادریان وەکو سکرتێری پەرلەمان قبووڵ نییە؟**

**فەخرەدین قادر:** ئاگاداری هیچ شتێکی لەو جۆرە نیم و من کاری یاساییم کردووە لە ڕابردوودا و جێگای شانازیمە. بنەمای ئیرادە و خەباتی پەرلەمانیمان داڕشتووە کە لە ئایندەدا دەزانرێت ئەم خەباتە چەند پیرۆزە.

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ یەکگرتوو بۆچی نەتانتوانی هێڵی سێیەم بدۆزنەوە و ئێوەش بە خێرایی پرۆژەتان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد؟**

**فەخرەدین قادر:** پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پرسێکی یاساییە و لەڕابردوودا و ئێستا و ئایندەش هەر دەبێت بە یاسا چارەسەر بکرێت، کەمتەرخەم لەم پرسەدا ئەو لایەنەیە کە پرۆژەی بۆ پرسێکی ئاوا هەستیار نەهێنایە پەرلەمان.

**ڕووداو: ئەمیری کۆمەڵ و خودی ئەنجوومەنی سیاسی لەگەڵ هەڵوێستی ئێوەدا نەبوون، بۆچی لە سیاسەت و هێڵە گشتییەکانی حیزب دەرچوون تەنانەت پێش 23ی حوزەیران هەر 6 پەرلەمانتارەکە دەست لەکار کێشانەوەتان پێشکەش کردبوو ئەگەر بێت و مەکتەبی سیاسی گوشارتان لەسەر دروست بکات؟**

**فەخرەدین قادر:** ئێمە سەرەڕای ئەوەی ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەستکراوەی کردووین لە کاری تایبەتی پەرلەمانیماندا، بەڵام ئێمە بۆ پرس و بابەتە هەستیارەکان بە ڕاوێژ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا علی باپیر و ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵ هەنگاومان ناوە. لەم بابەتانەدا ئەنجوومەنی سیاسی سەرپشکی کردووین کام هەنگاوە یاساییە و لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، ئەوە بکەین.

**ڕووداو: ئەوەی پارتی لە 12ی مانگ کردی چ ناوێکی لێدەنێی؟**

**فەخرەدین قادر:** بێڕێزییە بەرامبەر بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و یاسا شکێنییە.

**ڕووداو: هەڵوێستی کونسوڵخانە و وڵاتانی زلهێز لە هەرێمی کوردستان چۆن دەخوێنیتەوە کە بارودۆخی پەرلەمان بەم ڕۆژە گەیشت؟**

**فەخرەدین قادر:** بەشێوەیەکی گشتی بۆ کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان جەنگی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش جێگای گرنگییە و ئەم پرسە وەکو پرسێکی ناوخۆیی تەماشا دەکەن. لە کاتێکدا دەبووایە زۆر بە گرنگییەوە چاودێریی پرۆسەی دیموکراسییان بکردایە لە هەرێمی کوردستان. بەداخەوە لای هەندێکیان بەرژەوەندیی ئابووری گرنگ بوو.

**ڕووداو: ئەگەر دیبلۆماسییەکی بیانی لێت بپرسێ کێ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانە؟ چۆن وەڵامی دەدەیتەوە؟**

**فەخرەدین قادر:** بەڕێز د.یوسف محەممەد سادق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بۆشایی یاساییدایە.

نوێنەری یەکێتی لە تورکیا بۆ (ڕووداو):

# ئەنجامی هەڵبژاردنی تورکیا کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت



بەهرۆز گەلاڵی، نوێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنقەرە، لە گەرمەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی دووبارەی تورکیادا، لەسەر دەرکردنی گۆڕان لە حکومەت، داوای لە حیزبەکەی خۆی کردبوو لە حکومەت بێتە دەرەوە و گوتی: "داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەکەم، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ببەستێ و دیراسەیەکی وردی وەزعی سیاسیی هەرێم بکات و لەم حکومەتە بێتە دەرەوە"، چونکە وەک ئەو گوتی، یەکێتی بە مانەوەی لەناو حکومەت ئەوە بۆ پارتی دەسەلمێنێ کە "ئەوان خاوەنی کوردستانن و حیزب و لایەنەکانی دیکە میوانن".
گەلاڵی بەو مەرجە ڕازی بوو ئەو هەڤپەیڤینە لەگەڵ (ڕووداو) بکات، پرسیاری لەبارەی ڕەوشی هەرێمی کوردستان لێ نەکرێت و پرسیارەکان تەنیا تایبەت بن بە تورکیا و باکووری کوردستان.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: قسەیەک هەیە دەڵێن تۆ ئەندازیاری دانیشتنەکەی ئۆسلۆ لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و دەزگای میت بووی، ئەوە ڕاستە؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** عادەتەن پرۆسەی ئاشتی هەوڵێکی دەستەجەمعیە، بەڵام خۆزگە پرۆسەکە سەرکەوتبایە.

**ڕووداو: ئەو دەستپێشخەرییە هی تۆ بوو، یان لەسەر داوای مام جەلال بوو؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** هەموو هەوڵەکانی ئاشتی کە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بوون، جەنابی مام جەلال ڕۆڵی بنەڕەتی تێدا بینیوە و ئێمەش شاگردێکی جەنابی مام جەلالین.

**ڕووداو: کێ بە هۆکاری ڕاوەستانی پرۆسەی چارەسەری دەزانی؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** بەدیهێنانی ئاشتی هەموو لایەکی پێویستە.

**ڕووداو: هیچ ئومێدێک هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەکە؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** هیوادارم کەشوهەوای سیاسی دوای ئەو هەڵبژاردنە ئەو دەرفەتە بڕەخسێنێ.

**ڕووداو: ئێستا واقیعێک لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە و چەند کانتۆنێک دروست بوون، تا چەند ئەگەری گواستنەوەی ئەو واقیعەی ڕۆژئاوا بۆ باکووری کوردستان هەیە؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** ئەمە کەوتووەتە سەر خەباتی دیموکراسی و ئاشتیخوازانەی گەلی کورد لە باکوور، ئێمە ناتوانین قەزاوەتی تێدا بکەین.

**ڕووداو: ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە چی لە نەخشەی سیاسی تورکیا دەگۆڕێت؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** تا ئەم قسانە بڵاودەبێتەوە هەڵبژاردنەکە تەواو بووە، بەڵام هەدەپە سەردەکەوێت.

**ڕووداو: ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا تا چەند کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** بەدڵنیاییەوە کاریگەری دەبێت.

**ڕووداو: دەگوترێت بەشێک لە بێدەنگبوونی لایەنەکانی باشووری کوردستان دوای ڕووداوەکەی 12ی ئۆکتۆبەر بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی گۆڕان لە حکومەت و ڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان، پەیوەستە بەم هەڵبژاردنەی تورکیاوە، تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەی؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** هیچ پەیوەندی بەم هەڵبژاردنەوە نییە، پێشم باش نییە هیچ لایەک هێلکەکانی خۆی بخاتە ناو سەبەتەی ئەملا یان ئەولا.

**ڕووداو: ئەگەر ئاکەپە نەیتوانی بە تەنیا حکومەت پێکبێنێ، پێتوایە بۆ کورد لە باکووری کوردستان، باشتر وایە ئاکەپە لەگەڵ جەهەپە یاخود مەهەپە هاوپەیمانی پێکبێنێ؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** پێم باشە هەدەپە لە حکومەتی داهاتووی تورکیادا بەشداری بکات.

**ڕووداو: ئەگەر هەدەپە دەرفەتی چوونە نێو حکومەتی بۆ بڕەخسێ، لەو بڕوایەدای پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا بکەوێتەوە سەر سکەی خۆی؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** بەهێزبوونی هەدەپە بۆ دەستپێکردنەوە و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی زۆر گرنگە.

**ڕووداو: پێتوایە ئاکەپە بەتەنیا دەتوانێ حکومەتی داهاتووی تورکیا پێکبێنێ؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** ئاکەپە وەکو جاران بەهێز نابێتەوە.

**ڕووداو: لە تورکیا نوێنەرایەتی پارتی و یەکێتی هەیە، بەڵام نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تورکیا نییە، کێ هۆکاری ئەوەیە، هەرێمی کوردستان یان تورکیا؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** هەردوولا هۆکارن.

**ڕووداو: قسە هەبوو کونسوڵخانەی تورکیا لە شاری سلێمانی بکرێتەوە، بۆچی دواکەوت؟**

**بەهرۆز گەلاڵی:** کردنەوەی کونسوڵخانە پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە هەیە.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2

## کوردستان و چیک پرۆتۆکۆڵێک واژۆ دەکەن

**ڕووداو- سلێمانی**

بەختیار مەلا ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە سەردانی هەفتەی ڕابردووی ئەندامانی یەکێتییەکەیان بۆ شاری پراگ لە چیک بۆ بەشداریکردن لە پێشانگەیەکی بازرگانی، هەردوولا ڕێککەوتوون کە پرۆتۆکۆڵێک بۆ پتەوترکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان واژۆ بکەن و گوتی "وا بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەفدێکی بازرگانانی چیک سەردانی کوردستان بکەن بۆ واژوو کردنی ئەو پرۆتۆکۆڵە کە دەبێتە یەکەمین پرۆژەی لەو شێوەیە لەنێوان هەردوولا".



### بەگوێرەی پێشبینیی وەزارەتی کشتوکاڵ



# ئەمساڵ سێ ملیۆن دۆنم زەوی بە گەنم دەچێنرێ



## بەرهەمی گەنم لە ساڵی داهاتوودا دەگاتە ملیۆنێک و 200 هەزار تۆن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەوە وەرزی چاندنی دانەوێڵە لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات. بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێشبینی دەکات ئەمساڵ ڕووبەری زیاتر لە 3 ملیۆن دۆنم زەوی لە هەرێمی کوردستان دابچێندرێت و بەرهەمەکەشی بگاتە ملیۆنێک و 200 هەزار تۆن.

لە کوردستاندا شەش ملیۆن و 143 هەزار دۆنم زەوی شیاو بۆ چاندن هەیە، ساڵانەش نیوەی ئەو زەوییە بە گەنم و جۆ دەچێندرێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا ڕووبەری چێنداوی گەنم لە هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ لەزیادبووندایە، بەجۆرێک لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ 3 ملیۆن و 56 هەزار دۆنم زیاد بووە، بڕی بەرهەمیش لە 218 هەزار و 644 تۆنەوە بۆ 912 هەزار و 626 تۆن زیاد بووە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی نزیکی شەڕ لە ناوچەکانی مەخموور و گوێر و هەندێ ناوچەی دهۆک و گەرمیان، ساڵی ڕابردوو نزیکەی 105 هەزار دۆنم زەوی بە بەیاری مانەوە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی ئارامبوونەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە پێشبینی دەکەین ئەو ڕووبەرەش بچێندرێت و ڕووبەری چاندنی گەنم بگاتە 3 ملیۆن و 161 هەزار دۆنم".

د.ئەنوەر عومەر هۆکاری زیادبوونی ساڵ بە ساڵی ڕووبەری چێنداوی گەنم بۆ سەرکەوتوویی پلانی وەزارەتەکەی و مسۆگەریی بەبازاڕکردنی گەنم گەڕاندەوە "هۆکارەکان زۆرن، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ مسۆگەریی بەبازاڕکردنی گەنم دەگەڕێتەوە کە ساڵانە بەنرخێکی بەرز لە سایلۆکان لە جوتیاران دەکڕدرێتەوە. جگە لەوەش وەزارەت گەنمی باوەڕپێکراو بەنرخی پاڵپشت دەداتە جوتیاران. لەڕێگەی بەخشینی قەرزی کشتوکاڵی بۆ بیرلێدان و کڕینی ئامێری پرژاندن ڕووبەری بەراو زیاد بووە کە هاندەر بووە بۆ زیادبوونی ڕووبەری چاندن و بڕی بەرهەم".

بەپێی پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵ 15ی تشرینی دووەم تاوەکو 15ی کانوونی یەکەم گونجاوترین کاتە بۆ چاندنی گەنم و جۆ لە هەرێمی کوردستان.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت بەشێک لە جوتیاران لە پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی گەنم گەیشتوونەتە ئاستێکی پێشکەوتوو "بەشێکیان لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی کاتی چاندن و هەڵبژاردنی جۆری گەنمی باوەڕپێکراو و پەیڕەوکردنی خولی چاندن، توانیویانە بڕی بەرهەم زۆر زیاد بکەن".

### بنەتۆو کەمە

ئەگەر پێشبینی بەرپرسانی وەزارەت ڕاست دەربچێ و 3 ملیۆن و160 هەزار دۆنم زەوی بەگەنم بچێنرێت، ئەوا جوتیاران بۆ چاندنی ئەم ڕووبەرە پێویستیان بە زیاتر لە 70 هەزار تۆن بنەتۆو دەبێت، بەڵام بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، ئەمساڵ وەزارەتی کشتوکاڵ تەنیا 12 هەزار و 245 تۆن گەنمی باوەڕپێکراوی بۆ جوتیاران دابین کردووە.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و پەسەندکردنی بنەتۆو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەهۆی کەمیی ئەو بودجەیەی بۆ کڕینەوەی بنەتۆو دابین کراوە، ئەمساڵ نەمانتوانیوە وەک پێویست بنەتۆو بۆ جوتیاران دابین بکەین".

فاروق عەلی گوتی "بەو بودجەیەی بۆمان دابین کرا، توانیمان سێ هەزار تۆن گەنم بۆ جوتیارانی پارێزگای دهۆک پاک بکەینەوە کە پاککردنەوەی هەر تۆنێک 100 هەزار دینار دەکەوت، ئێمە بۆ هەر تۆنێک 10 هەزار دینارمان وەرگرتووە، بۆ پارێزگای هەولێر 2025 تۆنمان دابین کردووە کە 200 تۆنی هی ساڵی ڕابردوو بوو، لە گەرمیانیش 3630 تۆنمان دابین کردووە کە 1200 تۆنی هی پار بوو، لە سلێمانیش 3563 تۆنمان دابین کردووە، هەر تۆنێکمان بە 400 هەزار دینار پێ فرۆشتن کە دەکاتە نیوەی نرخی ڕاستەقینەی خۆی".

بەبڕوای فاروق عەلی، بەشێکی هۆکاری زیادبوونی ڕووبەری چاندن و بڕی بەرهەمی گەنمی کوردستان بۆ دابینکردن و دەستنیشانکردنی گەنمی باوەڕپێکراو دەگەڕێتەوە، چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئەو گەنمە باوەڕپێکراوانەی ئێمە دابەشی دەکەین لە ڕووبەری دۆنمێک زەوی بەراو تۆنێک و لەهەمان ڕووبەر لەدێمی نیو تۆن بەرهەم دەدات، ئەمە لە کاتێکدایە لەهەمان ڕووبەری چێندراو جوتیاران لە گەنمە کۆنەکان 300 کیلۆگرام تاوەکو 500 کیلۆگرام بەرهەمیان دەستدەکەوت".

### هەولێر پێشەنگە

پارێزگای هەولێر بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پێشەنگە لە ڕووبەری چاندن و بەرهەمهێنانی گەنم، ساڵانە نزیکەی ملیۆنێک و 400 هەزار دۆنم زەوی بەگەنم دەچێندرێت، بەرهەمی ئەمساڵی گەیشتە 373.282 تۆن گەنم.

عوسمان هەمزە، 55 ساڵ کە جوتیارێکی پێشکەوتووی گوندی پاڵانی سەر بەناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە و خاوەنی 70 دۆنم زەوی کشتوکاڵییە، بەرهەمی ئەمساڵی نزیکەی 70 تۆن گەنم بوو. عوسمان دەڵێت "هەرچەندە هێشتا پارەی گەنمی ئەمساڵم وەرنەگرتووە، بەڵام ئامادەکاریم بۆ وەرزی چاندن کردووە و 3 تۆن گەنم ئامادەیە و لە ناوەڕاستی ئەم مانگە دەست بە چاندنی زەوییەکانم دەکەم".

عوسمان هەمزە هەروەها دەڵێت "لەڕێگەی ئەو بنەتۆیەی ساڵانە لە بنکەی توێژینەوەی کشتوکاڵ وەریدەگرم، لە هەر دۆنمێک تۆنێک بەرهەمم دەستدەکەوێت".

داهاتی گەنمی ساڵی ڕابردووی جوتیارانی کوردستان 513 ملیار و 883 ملیۆن دینار بوو، بەپێی ئەو زانیاریانەی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەست (ڕووداو) کەوتووە 38%ی ئەم پارەیە کە دەکاتە (197 ملیار و 355 ملیۆن و 438 هەزار دینار) هێشتا لەلایەن بەغداوە خەرج نەکراوە، ئەمەش جوتیارانی نیگەران کردووە و کاریگەریشی لەسەر چاندنی گەنم لە کوردستان جێهێشتووە، بەشێک لە جوتیارانیش ترسی ئەوەیان هەیە بەغدا بەرهەمی ساڵی داهاتوویان نەکڕێت.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت "هەرچەندە هێشتا بڕیارێکی لەو شێوەیە لەلایەن بەغداوە بەفەرمی نەدراوە، بەڵام وەک ئەگەرێک لەئاستی باڵا ئەم پرسەمان خستووەتەڕوو". گوتیشی "بەهۆی قەیرانی دارایی زەحمەتە هەرێمی کوردستان لەو قۆناغەدا بتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر بەغدا بڕیارێکی لەم شێوەیەی دا دەستەوەستان ناوەستین و بەدوای جێگرەوەدا دەگەڕێین، لەوانەیە بەشێک لەگەنمی جوتیاران هەناردەی دەرەوە بکەین".

**ڕووبەری چانداوی گەنم لە هەرێمی کوردستان بە دۆنم لە 2009 - 2015**

| ساڵ | کۆی گشتی | گەرمیان | دهۆک | سلێمانی | هەولێر |
|---|---|---|---|---|---|
| 2006 | 1.937.378 | 283.125 | 446.863 | 492.200 | 715.190 |
| 2010 | 2.443.330 | 283.125 | 845.288 | 521.650 | 793.267 |
| 2011 | 2.583.871 | 283.125 | 784.978 | 542.102 | 973.666 |
| 2012 | 1.737.409 | 167.324 | 516.685 | 513.400 | 540.000 |
| 2013 | 2.660.297 | 161.595 | 866.410 | 599.400 | 1.032.892 |
| 2014 | 3.065.138 | 392.179 | 730.000 | 908.400 | 1.034.559 |

# کەس ئامادە نییە مریشکی کوردستان بخاتە بازاڕەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

پتر لە چوار مانگە وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەی بە بازاڕکردنی گۆشتی مریشکی دەواجنەکانی کوردستانی ڕاگەیاندووە، بەڵام هیچ کۆمپانیایەک پرۆژەکە ناگرێتە ئەستۆ، بۆیە وەزارەت ڕێگا بە خاوەنی کێڵگەکانی پەلەوەر دەدات بەرهەمەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق بکەن.

وەزارەتی کشتوکاڵ بڕی 7 ملیار و 710 ملیۆن دیناری لە پارەی پرۆژەکانی ئیعاناتی کشتوکاڵی تەرخان کردووە بۆ پرۆژەی بە بازاڕکردنی گۆشتی مریشک بەشێوەی بەستوو، لە سەرجەم پارێزگاکانیش زیاتر لە جارێک تەندەر بۆ پرۆژەکە ڕاگەیەندراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئامادەیی دەرنەبڕیوە پرۆژەکە بگرێتە ئەستۆ.

ئامانج لە پرۆژەکە بەبازاڕکردنی گۆشتی مریشک و پشتگیریکردنی پرۆژەکانی پەلەوەر بوو تاوەکو لەکاتی دابەزینی نرخدا زەرەر نەکەن و بەردەوامی به پیشه که یا ن بدەن.

بەگوێرەی پرۆژەکە، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پارێزگاکان بەپێی ئەو پارەیەی بۆیان تەرخان کراوە، دەسەڵاتیان هەیە تەندەر بۆ پرۆژەکە ئامادە بکەن، بەڵام ڕەمەزان محەممەد بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت: "لەسەرجەم پارێزگاکان تەندەری پرۆژەکان زیاتر لە جارێک ڕاگەیەندراوە، بەڵام هیچ بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئامادە نەبووە پرۆژەکە وەربگرێت".

ڕەمەزان ئەوە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە: پرۆژەکە تازەیە و کۆمپانیاکان وەک پێویست شارەزاییان لێی نییە، بەڵێندەرانیش ترسیان هەیە لەوەی حکومەت پارەکەیان لەکاتی خۆی بۆ خەرج نەکات، چونکە بەشێکیان پارەی 2013یان لەلای حکومەتە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 1226 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت هەن کە ئێستا نزیکەی 65%یان لەکاردان. تێکڕای بڕی بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 83 هەزار و 500 تۆن مریشک، ئەم بڕەش کەمترە لە پێداویستیی خەڵکی هەرێمی کوردستان کە 130 هەزار تۆن مریشکە لە ساڵێکدا.

### مریشکەکانیان هەناردە دەکەن

بەهۆی دابەزینی نرخ و جێبەجێنەبوونی پرۆژەکە و گوشاری خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر، وەزارەتی کشتوکاڵ ماوەی دوو مانگە ڕێگەی بەخاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر داوە مریشکەکانیان هەناردەی باشووری عێراق بکەن.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "ئێستا مۆڵەت بەخاوەن پرۆژەکان دەدەین مریشکەکانیان بۆ شارەکانی عێراق هەناردە بکەن، بۆ ئەوەی هاوسەنگیی نرخ ڕابگرین و خاوەن پرۆژەکان زەرەر نەکەن".

بەڵام هەژار جەوهەر کە خاوەنی دوو پرۆژەی پەلەوەرە لە نزیک گوندی مورتکەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر، ئێستا زیاتر لە 20 هەزار مریشکی سەرووی کێشی دوو کیلۆگرامی هەیە کە تێچووی هەر کیلۆگرامێک 2500 دینارە، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخ کەس ئامادە نییە بە 2250 دینار لێی بکڕێت.

گرفتی هەژار و خاوەن پرۆژەکانی دیکەی پەلەوەر لەوەدایە خەڵکی شارەکانی دیکەی عێراق ئەگەر مریشکی زیندوو کێشی لە دوو کیلۆگرام زیاتر بێت نایکڕن، زۆرجاریش بەهۆی دابەزینی نرخ و نەبوونی ڕێگا مریشکی کێڵگەکان کێشیان دەچێتە سەرووی دوو کیلۆگرام.

هەژار گوتی "کاتێک مریشکەکانمان کێشیان زیاد بێت، تەنیا لە هەولێر و سلێمانی دەتوانین بیانفرۆشین، بەهۆی قەیرانی داراییش ئێستا خەڵک وەک جاران مریشک ناکڕن و مریشکیش لە بازاڕ زۆرە، بۆیە ناچارین بە زەرەر بیفرۆشینەوە، تەنیا لە ماوەی سێ مانگدا 30 هەزار دۆلارم زەرەر کردووە".

بەگوێرەی پرۆژەکە، کۆمپانیای بەڵێندەر گرێبەست لەگەڵ سەربڕخانەیەک دەکات و سەربڕخانەکە کیلۆیەک گۆشتی مریشکی زیندوو بە 2500 دینار لە خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکان دەکڕێتەوە، دوای سەربڕین و چاککردنی بە 3625 دەیفرۆشێتەوە کۆمپانیاکە، ئەویش بەهەمان نرخ دابەشی بازاڕی دەکات و کرێی دابەشکردنەکەی لە حکومەت وەردەگرێت.

دەستهەل مەمێ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە شاری دهۆک دەڵێت "زیاتر لە دوو جار تەندەری پرۆژەکەمان لە ڕێگەی پارێزگاوە ڕاگەیاند، بەڵام هیچ بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئامادە نەبوو پرۆژەکە لەئەستۆ بگرێت".

بەبڕوای دەستهەل، سەرنەکەوتنی پرۆژەکە لە پارێزگای دهۆک دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەم: سەربڕخانەی پێویست لە دهۆکدا نییە، دووەمیش ئەو نرخەی بۆ فرۆشتنەوەی مریشک دانراوە بۆ کۆمپانیاکە زۆرە بەراورد بە نرخی مریشکی هاوردە. گوتیشی "دوای ئەوەی ئەم شێوازە بەبازاڕکردنە سەرکەوتوو نەبوو، نووسراوێکمان بۆ وەزارەت کرد و پێشنیازمان کرد لەجیاتی گەڕانەوەی پارەکە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، ڕەزامەندی بدەن پارەکە بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ پرۆژەکان تەرخان بکەن، بۆ ئەوەی نرخی تێچووی مریشک دابەزێت و خاوەن کێڵگەکانیش زەرەر نەکەن، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە".

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستان بۆ پیشەسازیی پەلەوەر دەڵێت "ئەو پارەیەی تەرخانکراوە بۆ بەبازاڕکردنی مریشک، ئێمە دەستبەرداری نابین و هەر دەبێت بۆ خزمەتی پرۆژەکانی پەلەوەر خەرج بکرێت، چونکە بەناوی ئێمە وەرگیراوە".

حەیدەر فەرحان کە سەردانی وەزیری کشتوکاڵی کردووە، پێشنیازێکی تازەی بۆ وەزیر کردووە کە ئەگەر ئەو پرۆژەیە بەم شێوەیە سەرکەوتوو نابێت، با لە هەر شارێک لێژنەیەک دابمەزرێ و هەر خاوەن پرۆژەیەک مریشکی بردە سەربڕخانە بڕی 500 تاوەکو 600 دینار بۆ هەر کیلۆیەک وەک پاڵپشتی پێبدەن، ئەوکات هەم مریشکەکان لە سەربڕخانە سەردەبڕدرێن و خاوەن کێڵگە زۆر زەرەر ناکات، هەمیش نرخی گۆشتی مریشک دادەبەزێ.

حەیدەر فەرحان دەڵێت کە وڵاتانی دەوروبەر کار لەسەر بازاڕی کوردستان دەکەن و پاڵپشتی خاوەن کێڵگەکانی خۆیان دەکەن تاوەکو پرۆژەکانیان نەوەستێ و پارە بۆ وڵات ڕابکێشن.

گوتیشی ئەگەر حکومەت مەبەستی بێت پاڵپشتی بەرهەمی خۆماڵی بکات، دەتوانێ بە بڕیارێک هەموو ئەو بەڵێندەر و کۆمپانیایانەی خواردن بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆ، پێشمەرگە، تەندروستی، گرتووخانە و نەخۆشخانەکان ئامادە دەکەن، ناچاریان دەکەن لەجیاتی مریشکی هاوردە مریشکی ناوخۆ بکڕن، بەوەش بەشێکی زۆری گرفتی بەبازاڕکردنی مریشکی خۆماڵی چارەسەر دەبێت.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

رووداو
تاراوگە
ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2

## پۆلیسی ئەڵمانیا چاودێری کەمپەکان دەکات

**رووداو- ئاژانسەکان**

بەشـێک لە پەرلەمانتاران و چەند پارتێکی سیاسـی ئەڵمانیا، گومانیان هەیە و دەڵێن ژمارەیەکی زۆری "تیرۆریسـت" بەناوی پەنابەرییەوە روویـان لـەو وڵاتـە کردووە. پیتەر فرانک، داواکاری گشـتیی ئەڵمانیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند "بەشـێک لە پەرلەمانتـاران و چەند پارتێکی سیاسی، یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی فەرمانگەی باڵای داواکاری گشتیی ئەڵمانیا کردبوو، لەبارەی بوونی ژمارەیەکی زۆری تیرۆریستان کە بەناوی پەنابەرییەوە روویان لەو وڵاتە کردووە، دوای ئەو یاداشتە ئێمە کارمان لەسەر کردووە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هاتنی تیرۆریستان بۆ ئەڵمانیا راستییە، یان پروپاگەندەیە".




بایکۆتی مارکێتەکانیان دەکەن

# تورکەکانی ئەڵمانیا هەڕەشە لە خاوەنکارانی کورد دەکەن

**پۆلا گەرمیانی**
**رووداو- ماینز**

یەکێـک لـە زنجیـرە سـوپەرمارکێتەکانی ئەڵمانیـا کە خۆراک و کەلوپەلی تەندروسـتی دەفرۆشـێت، لەژێر هەڕەشـەی بایکۆتکردنیدا ناچار کراوە ئەو هەڵمەتە رابگرێت کە پێشـتر بـۆ کۆکردنەوەی پـارە و یارمەتیدانی ئاوارەی کورد دەستی پێکردبوو.

سـوپەرمارکێتی دی ئێـم دوای ئـەوەی لەلایـەن رەوەنـدی تورکـەوە لـە ئەڵمانیـا هەڕەشەی بایکۆتکردنی لێ دەکرێت، ناچار بوو هاوکارییەکـەی لەگەڵ ئـەو رێکخراوە کوردییە هەڵپەسـێرێت کـە هەڵمەتـی کۆکردنـەوەی کۆمەکی بەڕێوە دەبرد.

مارکێتەکـە هەروەهـا ئەو بۆنەیـەی راگرت کـە دەبووایە سـەرەتای هەفتەی رابـردوو بۆ یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکانی ئەڵمانیا بەڕێوە بچێت.

بڕیار وابوو چالاکڤانی ئەڵمانیی مافی مرۆڤ، رووپێـرت نیودێـک، وەک پارەوەرگر ئەو رۆژە لە مارکێتەکە بوەستێ و هەرچی کۆیدەکاتەوە ببەخشێتە ئاوارە و لێقەوماوەکان، بەڵام دوای ناڕەزایـی رەوەندی تورکی لە ئەڵمانیا کە دژی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ رێکخراوە کوردییەکە بوون، بۆنەکە راگیرا. نزیکەی دوو ملیۆن تورک و یـەک ملیـۆن کورد لـە ئەڵمانیـا دەژیێن و هەمیشە جۆرێک لە گرژی لە نێوانیاندا هەبووە.

ئێریک هارش کە بەڕێوەبەری مارکێتەکەیە، لـە لێدوانێکدا لەبـارەی راگرتنی بۆنەکە گوتی "ئێمـە لەوە تێناگەین کە بۆ دەبێ بەم شـێوە سیاسـییانە و بەم توندوتیژییە مامەڵە لەگەڵ یارمەتیدانی مرۆییدا بکرێت".

ئـەو هەروەها گوتی: "بەهەموو شـێوەیەک ئەمە سـەرکۆنە دەکەین، بـەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەهۆی ئەم هەڵمەتی یارمەتیدانەوە لە ترۆیسدۆرف رووبەڕووی هەڕەشە و توندوتیژی بووینەتەوە".

ئـەو پارەیـەی لـە مارکێتەکـەی هـارش کۆدەکرایـەوە بڕیار بوو بدرێتـە ئەو کۆچبەرە کوردانـەی دەیانەوێت تێکەڵـی کۆمەڵگە ببن و ئەڵمانـی فێـر ببن. هارش دەڵێت: "ئێسـتا بۆنەکەمـان راگرتـووە و هیواداریـن گرژییەکان بنیشنەوە".

دوای ئـەوەی ئەم زنجیرە سـوپەرمارکێتە رایگەیانـد کە دەیەوێت یارمەتـی کۆبکاتەوە، هەزاران تورکی وڵاتەکە دەستیان بە هەڵمەتێک کرد و هەڕەشەیان کرد کە پەلاماری مارکێتەکە و کارمەندەکانی دەدەن.

سەلجووک ئەکباس کە بە رەچەڵەک تورکە، لەسەر فەیسبووکی مارکێتەکە نووسیبووی کە ئـەو دژی کۆکردنـەوەی یارمەتییـە بۆ کورد: "کۆمەککردنـی ئـەم تیرۆریسـتانە رابگـرن! خەڵکێکـی زۆر زیاتر هەیە کە پێویسـتیان بە یارمەتی هەیە، کەواتە بۆ یارمەتی ئەم خەڵکە دەدەن. مـن چیتر لای ئێوە شـت ناکڕم هەی تیرۆریسـت پەروەرینـە! هیـچ بە دووریشـی مەزانـن کـە دووکانەکانتان لەو چەنـد رۆژەدا تێکبدرێن".

تورکێکـی دیکە بـە ناوی مەدیحـە ئۆزێل رێکخراوە کوردییەکە دەبەسـتێتەوە بە پارتی کرێکارانی کوردسـتان پەکەکـەوە کە تورکیا وەک "تیرۆریست" دەیناسێنێت و ماوەیەکە لە سنووری کوردستاندا بۆردومانی دەکات.

ئەو ژنە نووسیویەتی: "ئەگەر پارەیان نییە ئەدی چۆن ئەو هەمووە پەلامارە تیرۆریستییە دەدەن؟ ئەم رێکخراوە بەشێکە لە پەکەکە."

مووسا ئاتامان کە بەڕێوەبەری رێکخراوەکەیە – کەی جی ئار ئێس بی – و مەدالیای کارنامەی ئەڵمانی کـە بەرزترین مەدالیـای ئەو وڵاتەیە وەرگرتووە، دەڵێت رێکخراوەکەیان سەربەخۆیە و هیـچ پێوەندییەکی لەگەڵ پەکەکە یان هیچ گرووپێکی دیکە نییە.

عەلـی توپراک کـە یەک لـە بەڕێوەبەرانی رێکخراوەکەیـە، گوتی "ئەم رەگەزپەرسـتییە قێزەونـە. نابێ فاشیسـتی تورکی لە ئەڵمانیا جێگەیان ببێتەوە".

ئـەو گوتـی: "کاردانـەوەی زنجیـرە سـوپەرمارکێتی دی ئێـم جێگـەی داخـە. بـەم هەنگاوەیـان نیشـانیان دا کە هەڕەشـە کاریان تێـدەکات. نەتەوەپەرسـتە تورکەکان هەموو ئـەو دوکانـە کوردانەیان خسـتووەتە نـاو لیسـتی بایکۆتـی خۆیانـەوە. ئەمـە بەشـێکە لە رەگەزپەرستی ناشـیرینی تورکە نەتەوەپەرستەکان".

دوای ئـەوەی دی ئێـم یارمەتیدانەکـەی راگـرت، سیاسـەتمەداری لیبراڵـی ئەڵمانـی توبیـاس هـاچ رایگەیاند کە "سـازش لەگەڵ فاشیست کارەساتە".

بەم دواییە گرژیـی نێوان رەوەندی کورد و تورک لـە ئەڵمانیا ئاڵۆزتر بـووە، بە تایبەت دوای ئـەو شـەڕەی ئێسـتا لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بەڕێوەدەچێت. کورد، ئەنقەرە بە یارمەتیـدەر و هاوپەیمانـی داعـش تۆمەتبار دەکەن.

پێکدادانـی کـورد و تـورک لـە ئەڵمانیـا ئەمسـاڵ رووی لـە هەڵکشـان بـووە. مانگی رابـردوو، دەیان کورد لە ئەورووپا بریندار بوون دوای ئەوەی لە گردبوونەوەیەکدا دژی ئاکەپەی دەسەڵاتداری تورکیا بەشدارییان کرد.

لێدوانی رەگەزپەرستانەی دژی کورد داوە

# زانکۆیەکی ئەڵمانی مامۆستایەکی تورک دەردەکات




**پۆلا گەرمیانی**
**رووداو- ماینز**

قوتابییەکی تورک کە لە زانکۆیەکی ئەڵمانی سـەرقاڵی نووسـینی تێزی دکتۆراکـەی بووە و وەک یاریـدەدەری توێـژەر کاری دەکـرد، بەهۆی لێدوان و نووسـینی رەگەزپەرستانەی دژ بە کورد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەسـەر کارەکەی لادرا.

ئەگەرچی جەمال ئایدۆغـان دەڵێت لاپەڕە ئەلیکترۆنییەکەی هاک کـراوە و لە کۆنترۆڵی خۆیـدا نەبـووە، بـەڵام زانکـۆی تەکنۆلۆژیی ئیلمەنـاو کـە ئایدۆغـان تێیـدا کاری دەکرد، دەڵێـت ئەو راسـتی ناڵێت و سـاڵانێکە بیری رەگەزپەرستانەی لە خۆیدا پەروەردە کردووە، بۆیە دەریانکرد.

ئایدۆغان لە رۆژی چواری تشرینی یەکەمی ئەمسـاڵدا، وێنـەی ئـەو پۆلیسـە تورکانەی بڵاوکردووەتـەوە کـە تەرمـی کوڕێکی گەنجی کوردیان لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەیان بەستووە و بەناو شـەقامدا لە دوای خۆیان رایدەکێشن. لەگەڵ وێنەکەدا ئایدۆغان تویتێکی نووسـیوە "ئەوە ئەم پۆلیسـانە چی دەکەن، پیاسـە بە سەگەکەیان دەکەن؟".

ئەم دەربڕینە کورتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنییـەوە، بـە تایبـەت چونکە نووسـینەکە لەلایەن کارمەندی زانکۆیەکەوە نووسرابوو.

سـەدان کورد و ئەڵمانی گلەییان ئاراستەی لاپـەڕەی فەیسـبووکی زانکۆکە کـرد و بۆیان نووسـین کە ناکرێت دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵا لەجیاتی ئەوەی سەرمەشـقی لێبووردەیی بێـت، رێگـە بـە کارمەندانـی خـۆی بـدات بەمشێوەیە پاڵپشتیی رەگەزپەرستی بکەن.

رۆژێـک دوای کۆمێنتەکـەی، زانکۆکـە ئایدۆغانـی لـە کار لادا و پۆلیسـی ئەڵمانیای لێ ئاگادار کردەوە و رایگەیاند کە لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە و دواتر بڕیار دەدات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات.

سێ هەفتە دواتر ئایدۆغان ئیدی بە یەکجاری لـە زانکۆکـەی دەرکـرا، ئەمـە دوای ئـەوەی زانکۆکـە بـۆی روون بووەوە ئەو لە شـوێنی دیکەیش نووسینی هاوشێوەی بڵاوکردووەتەوە.

سێشەممەی رابردوو، زانکۆکە لە لێدوانێکدا گوتـی: "بـە پێچەوانـەی ئـەو قسـانەی کە یاریـدەدەری توێژینـەوە (ئایدۆغـان) دوای بڵاوبوونـەوەی لێدوانە نەژادپەرسـتانەکەی بە بەڕێوەبەرایەتیـی زانکـۆی گوتـووە، زانکۆی ئیلمێناو بۆی دەرکەوتووە کە لە رابردوویشـدا حاڵەتـی وا روویانداوە. زانکۆ هەسـت دەکات متمانـە لەنێوانمانـدا نەمـاوە، هـەر بۆیـەش گرێبەستی ئەم کارمەندە هەڵدەوشێنێتەوە."

جانا هانسن کە ئەنترۆپۆلۆژیای خوێندووە و لە هامبورگ دەژییێت، دەڵێت خۆشحاڵە بەوەی کە دەبینێت دامەزراوە ئەڵمانییەکان بەرپەرچی هێرشی دژەکورد دەدەنەوە.

ئەو دەڵێت: "من زۆر شادمانم بەبڕیارەکەی زانکۆ. راسیزمی تورک بەرامبەر بە کورد هەیە و زۆریشە. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا، پرسەکە هیچ پێوەندی بە سـۆز بـۆ وڵات و میللەتەوە نییە، بەڵکوو رقێکی ئەسـتوورە بەرامبەر بە کورد. خۆشـحاڵم کە دامەزراوە ئەڵمانییەکان ئێسـتا وا دەکەونە رەتکردنـەوەی ئەم جۆرە راسیزمە."

ئـالان شـێخانی کە لە باشـووری ئەڵمانیا دەژیێـت و بە رەچەڵـەک خەڵکی کەرکووکە، دەڵێت ئەو رەگەزپەرسـتییەی هەیە بەشێکی پەیوەنـدی بەوەوە هەیـە کە ئەڵمانیا کورد و تورک لە یەک جیا ناکاتەوە.

ئەو دەڵێت "ئەمە کێشـەیەکی بنەڕەتییە. دامەزراوەکانـی ئەڵمانیا کورد و تورک لە یەک جیا ناکەنەوە و لەڕاسـتیدا ئێمە بەشێوەیەکی دامەزراوەیی بەر جیاکاری دەکەوین."

ئـەو ئامـاژە بە وەزیـری ئینتگراسـیۆنی ئەڵمانیـا، ئایـدن ئۆزۆگـووز دەکات کـە بـە رەچەڵـەک تورکە و دەڵێت: "بیر لە ئۆزۆگووز بکـەوە. ئـەو یـەک رێکخـراوی کـوردی بـۆ دانیشـتنێک کـە لەبـارەی پەنابەرانـەوە بوو بانگهێشـت نەکرد. خەڵکێکی زۆر ناڕەزایەتی دەربـڕی. جـا پێتوایە دوای ئـەوە چی کرد؟ یـەک تاکە رێکخراوی کوردی بانگهێشـت کرد و لە بەرامبەردا دەی تورکی داوەت کرد. ئەمە جیاکارییە بە پلەی ئیمتیاز."

کێشـەی تـورک و کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا گرژییەکـی زۆری لەنێوان کورد و تورکـی دانیشـتووی هەنـدەران، بـە تایبەت ئەڵمانیا ناوەتەوە. ئەڵمانیا خاوەنی گەورەترین رەوەندی کوردی و تورکییە لە رۆژئاوا.

لـە مانگی ئەیلولی ئەمسـاڵدا لە ئەڵمانیا، کوردێک لەلایـەن هێرشـبەرێکی تورکەوە بە چەقۆ زامدار کرا و لە سویسرا کۆمەڵێک کورد لەلایـەن "گورگە بـۆرەکان"ەوە کە گرووپێکی توندڕۆی تورکییە، بە ئۆتۆمبێل هێرشـیان بۆ کراوە.

# شارۆچکەیەکی ئەڵمانیا بە ترسەوە پێشوازی لە پەنابەران دەکات

**ئێلینا ئێس ئیلمیز**
**رووداو- رووپیچتەرۆت**

لەم شارۆچکە 10 هەزار کەسییەی رۆژئاوای ئەڵمانیـا، هاتنـی بە لێشـاوی کۆچبـەران، کاردانـەوەی جیـاوازی لـەلای دانیشـتووانی ئەم شـارۆچکە خنجیلانەیـە لێکەوتووەتەوە. دانیشـتووانە دێرینەکـەی شـارۆچکەکە وەک داگیرکار سـەیری ئاوارەکان دەکەن. بەشێکی دیکـەش پێیانوایە کە ئێسـتا کاتـی ئەوەیە باوەش بۆ پەنابەران بکەنەوە.

مارگارێت هان، 87 ساڵ کە لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەمدا ناچار کرا زێدی خۆی لە سیلێسیا بەجێبهێڵێ و خۆی ناخۆشیی زۆر چەشتووە، هیچ بە پێویستی نازانێت کۆچبەران دەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکرێ.

مارگارێـت دەڵێت "دەزانیت، کەس ئەوکات بـە هانای ئێمەوە نەهات. ئێمـە ناچار بووین لەگەڵ چوار کەسـی دیکە بۆ ماوەی سـاڵێک زیاتریـش لە ژوورێکـی 12 مەتریدا بژین. ئەو جوتیارەی کە لە ماڵی دەژیاین ئاوی خواردنەوە و شیوی لە ئاخوڕی مانگاکانیدا بۆ دەهێناین."

مارگرێت بە تەوسـەوە دەپرسـێت باشـە ئەوانە خەڵکی کوێن؟ بەڵام جانین کە تەمەنی 33 سـاڵە و نـەوەی مارگارێتـە، دێتە وەڵام و دەڵێـت "دایە گەورە ئەوانـە مرۆڤن، بۆ تۆ سـەیری تەلەڤزیـۆن ناکەیت؟ کـێ دەتوانێت لەگەڵ داعشدا لە ماڵێک و وڵاتێکدا بژیێت؟".

خاتـوو هان دژی یارمەتیدانی خەڵک نییە: کاتـێ خۆی کە نەوەکەی دیکەی داوای لێکرد یارمەتی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان بدەن، دایە گەورە دەستبەجێ دۆلابەکەی کردەوە.

ئـەو دەڵێـت "من باوەڕم بە دابەشـکردنی ئـەوە هەیـە کـە ئێمـە هەمانـە و خەڵکـی دیکەیش پێویستی پێیەتی. بنەماڵەی ئێمە و دراوسـێکانمان کاتی خۆی جلوبەرگی باشمان بۆ ئاوارەکان نارد."

دراوسێ 82 ساڵانەکەی خاتوو هان، لویس لێئوشـێن، وا بە نیگەرانییەوە سەیری هاتنی ئاوارەکان ناکات.

ئەو دەڵێت "من هەمیشـە خـاوەن فەرموو بوومـە. حـەزم لە هاونشـینی خەڵکە. کە لە 2005دا پاپـای ڤاتیـکان هـات و سـەردانی ناوەندێکـی گەنجانی کریسـتیانی کرد، من لە ماڵی خۆم خانەخوێی چوار هەرزەکاری خەڵکی باڤاریا بووم. من ئامادەم ژووری میوان بەسەر ئـاوارەدا بکەمەوە، بەڵام مێردێکی نەخۆشـم هەیە کە چیدی بەرگەی دڵەڕاوکێ ناگرێت."

رووپیچتەرۆت نیو کاژێرێک لە شاری بۆن، پایتەختی پێشووی ئەڵمانیاوە دوورە و لە چەند گوندێ پێکهاتووە. زۆرتر خەڵکێکی ئاینپەروەر و موحافەزەکار لێرە دەژین و شارەکە ناوی بە جوانی و رێکخراوەیی رۆیشتووە.

سـەرباری ئـەوەی کـە شـارۆچکەیەکی بچکۆلانەیە و سروشـتی لادێی هێشـتا ماوە، رووپیچتەرۆت مێژووی خۆی لەگەڵ داڵدەدانی پەنابەرانـدا هەیـە: نزیکـەی 30 سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا، لودڤیـگ نیوبێر، کە ئـەوکات بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوو، ژن و مێردێکی لە لائۆسـەوە وەک منداڵی کوڕ و کچـی خـۆی وەرگرت و ئەرکی ئـەوان و کچە ساوایەکەیشیانی گرتە ئەستۆی خۆی.

دواتـر پێوەندییان لەگەڵ یەکـدی پتەوتر بوو: ژن و مێـردە گەنجەکە قوتابخانەیەکیان بۆ وەرزشـی جەسـتەیی کردەوە و کۆمەڵێک پاڵەوانیشـیان لە بەشـداربووان دروسـتکرد. بنەماڵەی نیوبێریش رێکخراوێکی خێرخوازییان دروستکرد و سەرقاڵی دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە بوون لە لائۆس.

تەنانـەت سـێ سـاڵ بـەر لە ئێسـتاش، کاتێک بەرپرسان ویستیان داواکاریی "ئارتاک بـی" رەتبکەنـەوە کە لە ئەرمینیـاوە هاتبوو بـۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری و دەیانویسـت بیگەڕێننـەوە وڵاتەکـەی، دانیشـتووانی رووپیچتەرۆت دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.

ئارتاک بۆ دوو ساڵ دەچوو لە رووپیچتەرۆت گیرسـابووەوە و زمانیش فێـر بووبوو، کاری وەرگرتبوو و هەندێک هاوڕێشی دۆزیبووەوە.

نیکۆلاس ئۆتێرشباخ کە 26 ساڵی تەمەنە و میدیاکارێکـی شـارەکەیە، دەڵێت "حەزمان دەکـرد بمێنێتـەوە. ئارتاک وەک بەشـێک لە لادێکەی لێهاتبوو، دەمانزانی ئەگەر بەجێمان بهێڵێت غەریبی دەکەین."

بۆیـە دەسـتبەجێ، قایمقامـی شـارەکە لەگـەڵ پایەدارانی کەنیسـە کەوتنە خۆیان و پارێزەرێکی شـارەزایان دۆزییەوە و و پارەیان بۆ دابین کرد و داواشیان لە راگەیاندنی شارەکە کرد بێنە ناو پرسەکەوە.

بـەڵام بەداخـەوە، هەمـوو ئـەم شـتانە کاریگەرییان نەبوو، دواتر کە کابرای ئەرمەنیان ناردەوە ئیدی خەم لادێکەی داگرت.

پێش هاتنی لێشاوی ئەمجارەی پەناخوازان بـۆ ئەڵمانیـا، رووپیچتـەرۆت خـۆی ئامادە کردبوو: ئیدارەی شارەکە و ئەندامانی کەنیسە گرووپێکیـان پێکهێنابوو بۆ ئەوەی ئاگایان لە ئاوارە سووریایی و عێراقییەکان بێت.

قایمقام ماریۆ لۆسکێل بە بەردەوامی لەسەر ماڵپـەڕی فەرمیـی شـارەکە داوای یارمەتـی لـە خەڵـک دەکات. ئـەو دەڵێت "تا ئێسـتا توانیومانـە 92 ئاوارە کـە خەڵکی 24 وڵاتی جیاوازن لێرە بحەوێنینەوە، 32یان بەم دواییە هاتوون."



**ڕووداو: هەسـتت چـی بـوو کـە ناسـناوی شاجوانی گەردوون-ی کرواتیات بۆ ساڵی 2015 بردەوە؟**

**باریـارا لیلیـاک:** هەسـتێکی زۆر خۆش بوو، ئـەو کاتەی کە ناوم خوێندرایـەوە زۆر دڵخۆش بـووم، هەرگیـز بـاوەڕم نەدەکـرد من بـم ئەو کچەی کە زۆرترین خاڵی لەلای لیژنەی دادوەری بەدەستهێنابێت.

**ڕووداو: بەبۆچوونی تۆ هۆکاری چی بوو کە تۆ بوویتە شاجوان؟**

**باریـارا لیلیـاک:** نازانم هۆکارەکـی چی بوو، بـەڵام ڕەنگـە بەرزیی بـاڵام یـان پێکەنینەکەم بووبێت، چونکە مـن پێکەنینێکی جوانم هەیە. ئەمانە هەمووی هۆکار بوون بۆ ئەوەی ناسناوەکە ببەمەوە.

**ڕووداو: لـە کۆتایـی ئەمسـاڵدا شـاجوانی گەردوونـی 2015 لەسـەر ئاسـتی جیهـان هەڵدەبژێردرێـت، پێتوایـە تـۆ ناسـناوەکە دەبەیتەوە؟**

**باریارا لیلیاک:** هیوام وایە ناسناوەکە ببەمەوە، بەڵام نازانم کە سەرکەوتوو دەبم یاخود نا، چونکە لەوێ کچی زۆری وڵاتانی دونیا هەن، هەموشیان جوان و زیرەکن.

**ڕووداو: چـی لەبارەی کورد و کوردسـتانەوە دەزانیت؟**

**باریـارا لیلیـاک:** زانیـاری زۆرم لـە بـارەی کوردسـتانەوە نییە، بەڵام دەزانم کورد دابەشی سەر چوار وڵات کراون، بەڕاستی بەو لێکچوونەی نێوان زمانی کوردی و کرواتی زۆر سەرسام بووم،

ئەوەی کە تۆ باست کرد، بۆ نموونە کە لای ئێوە

بە ئافرەتی خێزاندار دەگوترێت ژن، لای ئێمەش هەر پێی دەگوترێت ژن. لە ژمارەکانیشدا لە یەک تاوەکو پێنج لەلای کورد و کرواتی وەکو یەکە.

دەی دەوڵەتی ئیسلامی


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا کراوەیە
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
CIHAN CITY
www.cihancity.com
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ فوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


divan
Erbil's
One & Only
erbil
We Put a
smile
Back On
Your
Face
LVX
Preferred HOTELS & RESORTS
BOOK NOW
066 210 5000
Gulan Street, Erbil,
Kurdistan Region of Iraq
P: +964 66 210 5000
F: +964 66 210 5001
E: info.divanerbil@divan.com
www.divan.com
/DivanErbil /DivanHotelErbil


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder
حليب

## کچێک بە گوللەی میوانەکەیان کوژرا



**رووداو – سلێمانی**

رۆژی 2015/10/30 لە گەڕەکی هەواری شاری سلێمانی کچێکی تەمەن 7 ساڵان بە گوللەی کەسێک کوژرا بە میوانداری سەردانیان کردبوون. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "کەسێک بە میوانداری دەچێتە ماڵی ناسیاوێکیان لەوێ چەکەکەی پاک دەکاتەوە، لەو کاتەدا دوو گوللە لە چەکەکەی دەردەچن و بەر کچی ماڵەکە دەکەوێت، بەو هۆیەوە گیانی لەدەستدا، دواتر بکوژەکە دەستگیرکرا". گوتیشی "میوانەکە بە مەبەست ئەو کچەی نەکوشتووە و بە هەڵە تفەنگی لەدەست دەرچووە".

رووداو

ژنان

ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2

تەلار فایەق، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ (رووداو):

# یەکەم ژنی کورد بووم لەگەڵ یوئێن کارم کرد

وەک بەشێک لە زنجیرەی بەشی ئینگلیزی پۆرتاڵی رووداو لەسەر ژنانی بەتوانا، سیماڤ مەزهەر پەیامنێری (رووداو) هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ تەلار فایەق ساڵح، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر ساز کردووە کە تێیدا لەبارەی رۆڵی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردستاندا و ئەزموونی کارکردنی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و پاشان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر قسە دەکات.

رووداو- هەولێر



**رووداو: لە هەرێمێکدا کە زۆربەی پۆستە باڵاکان لەلایەن پیاوەوە بەڕێوەدەبرێت، چۆن بوویتە بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێر؟**

**تەلار:** لەو بڕوایەدا نیم هیچ ئیشێک هەبێت زۆر گران بێت. ئەوە پشت بە خواست و ئارەزووی کەسەکە دەبەستێت. هەرکەسێک بیەوێت شتێک بکات، دەتوانێ بیکات. بۆ من، ئەوە قورس نەبوو لەبەرئەوەی ئەزموونم هەبوو لە کارکردن لە باشوور و باکووری عێراق. لەبواری کاری مرۆیی و بارودۆخی ئیمێرجنسی بۆ ماوەی 10 ساڵ لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان کارم کردووە.

باکگراوندی کارم تێکەڵە لە کار لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. کاتێک لە بەریتانیا بووم، بەردەوام کۆرسی جیاوازم دەخوێند لە بواری رێکخستن و بەڕێوەبردن. هەمیشە سەرقاڵ بووم بە خوێندن و توانیم ئەوەی فێربووم لە پیشەکەمدا پراکتیزەی بکەم. هەموو ئەمە یارمەتیدەرم بوو لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ئێرە. ئەزموونی ژیان لە هەموو بڕوانامەیەک گرنگترە، خەڵک هەیە بڕوانامەی باڵای هەیە، بەڵام ناتوانێ لەبوارەکەیدا داهێنەر بێ. هەرکاتێک کەسێک هەڵدەبژێرم بۆ پۆستێک، هەمیشە تەرکیز دەخەمە سەر ئەزموونی.

**رووداو: لە پۆستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ فڕۆکەخانە، ئەو گۆڕانکارییە چۆن بوو بۆت؟**

**تەلار:** بەبیرم دێت هەر کە خوێندنم تەواو کرد،

ئەگەر ژنێک بیەوێ گەندەڵی بکات 100 بیری لێدەکاتەوە

لە بەغدا لەگەڵ بێگانەکان دەستم بەکارکردن لە پڕۆژەیەکی گەورە کرد، وەک ئارەزوویەک کۆرسی فڕۆکەوانیم خوێند و بۆماوەیەک لەو بوارەدا کارم کرد. پاش ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە عێراق، لەو بڕوایەدام من یەکەم ژن بووم کاریان لەگەڵ بکەم. لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە لەندەن کارم دەکرد، کاتێک گەڕامەوە بۆ کوردستان داوام لێکرا پۆستی بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەخانەی هەولێر وەربگرم.

**رووداو: ئەو ئاستەنگانە چین لە پیشەکەتدا رووبەڕووی دەبیتەوە؟ ئایا جیاکاریت لە بەرامبەردا کراوە؟**

**تەلار:** ئاستەنگ لە هەموو شوێنێکدا هەیە. هەندێجار خێزانەکەم پرسیارم لێدەکەن، بۆ کارێکی ئاسانتر وەرناگری؟ لەو بڕوایەدام ئەگەر جدی بیت لەو کارەی دەیکەیت، رووبەڕووی ئاستەنگ دەبیتەوە لەهەر شوێنێک بیت. سروشتی کاری فڕۆکەوانی زۆر هەستیارە لەڕووی تەکنیکی و ئەمنییەوە: پۆستێکی ئاستەنگاوییە.

لەلایەنی حکومیەوە، هەندێکیان زۆر یارمەتیدەرن و هەندێکی دیکەشیان بەهۆی تێنەگەیشتن و نەبوونی ئەزموونی فڕۆکەوانی،

خێزانەکەم پێمدەڵێن بۆ کارێکی ئاسانتر وەرناگری

ژنان سیستمی سەلامەتیی فڕۆکەخانە بەڕێوەدەبەن

قورسە بۆ من یاسا و پێداویستیەکانی فڕۆکەوانییان تێبگەیەنم. من ئەم کێشەیە بە شەخسی وەرناگرم و لەوبڕوایەدا نیم ئەمە لەبەر ئەوە بێت کە من ژنم. دەکرێت ئەمە بۆ پیاویش رووبدات.

**رووداو: بارودۆخی ژنانی خاوەن پۆست لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

**تەلار:** وەک شەخسی خۆم لە هەندێک بواردا ژنم پێ باشترە لە پیاو، بەتایبەت لە بواری گەندەڵی. زۆر بەکەمی ژنان دەبینی گەندەڵ بن. ئەوە زۆرتر پیشەی پیاوانە، ئەگەر ژنێک بیەوێت گەندەڵی بکات 100 جار بیری لێدەکاتەوە.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژنان هەلی زۆر و پشتگیریی خێزانەکانیان نییە. هۆکارەکەی تەنیا کۆمەڵگە نییە، بەڵکو ژنانیش خۆیان جدی نین.

**رووداو: بۆچی ژمارەی ئەو ژنانەی پۆستی باڵایان هەیە زۆر کەمە؟**

**تەلار:** چونکە کولتووری ئێمە بڕوای بە توانای ژن نییە. ئەگەر بیانەوێ ژن لە پۆستێکی هەستیاردا دابنێن، 100 جار بیری لێدەکەنەوە. ئاین و کولتوور کاریگەرییان هەیە لەسەر توانای ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

**رووداو: ستافەکەت چۆن تەماشات دەکەن وەک ژنێک لە پۆستێکی باڵادا؟**

**تەلار:** من وەک ژنێک دەزانم رێزی زۆرم لێدەگیرێت و زۆرێک لە ستافەکەم پشتگیریم دەکەن. لەو بڕوایەدا نیم وەک ژنێک تەماشام بکەن، چونکە هەموومان وەک یەک تیم کاردەکەین.

**رووداو: تێڕوانینی کۆمەڵگە چۆن گۆڕاوە لە بەرامبەر ئەو ژنانەی خاوەن پۆستن بەراورد بە رابردوو؟**

**تەلار:** کاتێک خوێندنم تەواو کرد، دەستبەجێ دەستم بەکارکردن لەگەڵ کۆمپانیایەک لە بەغدا کرد. خەڵک هەبوون بە باوکمیان دەگوت: چۆن رێگە بە کچەکەت دەدەی بڕواتە بەغدا و لەگەڵ بێگانە کار بکات؟ ئەو زۆر گەنجە. باوکم بە خەڵکەکەی دەگوت دەزانم کچەکەم چۆن گەورە کردووە.

پاشان وەک یەکەم ژن دەستم بە کارکردن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و ئەوکاتە سەدام حوسێن لەسەر دەسەڵات بوو، کەس نەیدەتوانی نزیکی نەتەوە یەکگرتووەکان ببێتەوە.

ئێستا ژن دەبینین پۆستی وەزیری و ئەندام پەرلەمانی هەیە، ئەوە بووەتە شتێکی ئاسایی. دەزانم رەنگە من یەکەمین ژن بم پۆستی بەڕێوەبەریم هەبێت، بەڵام چەندین ژنی دیکە هەن لە پۆستی باڵا و هەستیاردا کاردەکەن. چەندین ژن لە ستافی فڕۆکەخانەدا هەن. بۆ نموونە، بەشی سیستمی سەلامەتیمان هەیە لە فڕۆکەخانە کە پەیوەستە بە سەلامەتیی فڕۆکەخانە و پۆستێکی گرنگی فڕۆکەخانەیە: ئەو سیستمە هەمووی لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێت.

ئێستا، هیچ پۆستێک نییە کە زۆر هەستیار و باڵا بێت ژنان پێی نەگەن. ئەوە پشت بە توانای ژنەکە خۆی دەبەستێت بەو شێوەیەی هەوڵی بۆ دەدات. لەو بڕوایەدام کە تێڕوانینی کۆمەڵگە ئێستا باشترە.

**رووداو: شەڕی داعش چ کاریگەرییەکی لەسەر قەرەباڵغی فڕۆکەخانە هەبووە؟ رێوشوێنی ئەمنیتان زیاد کردووە؟**

**تەلار:** بەڵێ، بێگومان. هەر کاتێک هەست دەکەین هەڕەشەیەک لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، دەستبەجێ رێوشوێنی ئەمنی لە فڕۆکەخانە زیاد دەکەین. جوڵەی فڕۆکەکان کەم بوونەتەوە، بەڵام نەک لەڕووی ژمارەی گەشتیارەوە لەبەرئەوەی گەشتی ناوخۆییمان هەیە.

ئەو شەڕە کاریگەریی هەبووە لەسەر شێوازی گەشتکردن زیاتر وەک لە هاتوچۆی ژمارەی گەشتیاران. بەخۆشحاڵییەوە، لە مانگی حوزەیرانەوە هەموو شتێک گەڕاوەتەوە بارودۆخی ئاسایی و ئێستا زۆر سەرقاڵین.

پۆستەکەم ئاستەنگاوییە

بە خێزانەکەمیان دەگوت کچەکەتان زۆر جوانە، چۆن رێگە دەدەن لەگەڵ بێگانە کار بکات

**تەلار فایەق**

- ساڵی 1967 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.
- بڕوانامەی وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی موستەنسەریەی بەغدا بەدەستهێناوە.
- ساڵی 1991 بۆ ماوەی 10 ساڵ لەگەڵ یوئێن کاری کردووە
- دوای ساڵی 2000 چووەتە لەندەن و ماوەیەک نوێنەری حکومەت بووە.
- لە کۆتایی ساڵی 2009 گەڕاوەتەوە کوردستان و بووەتە بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر.
- شووی کردووە و دایکی کچێکە.

# ژنێکی بۆسنەیی پەیامێک بۆ ژنانی کورد دەنێرێ



## مونیرە سوباشیچ: نابێت ژنانی کورد ببنە مەڕ و ماڵاتی سیاسییەکان

**ئەوزاد مەحموود**
**رووداو- سەرایێڤۆ**

لەنێو ئەپارتمانێکدا کە هێشتا شوێنەواری گوللە و تەقینەوەکانی جەنگی 20 ساڵ لەمەوبەری پێوە دیارە، چەند ژنێک سێ ژووری بچووکیان گرتووە و رۆژانە لەوێ کۆدەبنەوە. سیمای هەر یەکێکیان پێتدەڵێ، تۆ لەگەڵ کەسێک رووبەڕووی کە هەموو خێزانەکەی بوونەتە سوتووی جەنگ. ژنێک لەوێ دانیشتووە و کەمتر لە هەموویان قسە دەکات، بەڵام دوابڕیار لای ئەو دەردەچێ.

مونیرە سوباشیچ، بەهۆی دۆسیەی کۆمەڵکوژکردنی نزیکەی 100 هەزار کەسی وڵاتەکەی لەلایەن سوپای سربەوە، کە بۆ خۆی زۆربەی دیمەنە خوێناوییەکانی هێشتا لەبەرچاوە، زۆر وڵاتی دونیا گەڕاوە بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە. مونیرە دڵخۆشە بەوەی کە ئەوەی پێویست بوو بیکەن، کردیان "ئێستا من زۆر دڵخۆش و رازیم لەوەی کردمان". نهێنی ئەو سەرکەوتنەش لەوەدا دەبینێتەوە کە کۆڵیان نەدا و خەریکی رشتنی فرمێسک نەبوون.

لە سەرتاسەری بۆسنە و هێرزەگۆڤینیادا رێکخراوەکەی مونیرە ناوێکی ناسراوە، ئەو چەند ژنەی لەبەر نەبوونی بودجە و کەمدەرامەتی، هێشتا نە دەتوانن کرێ خانوو بدەن و نانێک بخۆن کە گەدەیان تێر بکات، چیرۆکی چۆنێتی دامەزراندنی رێکخراوەکەیان دەگێڕنەوە و دەڵێن ساڵی 1997 کە تازە تەپوتۆزی شەڕ نیشتبووەوە، ژمارەیەک لەو دایکانەی سریبرینسکا کە کوڕ و کچ و هاوژینەکانیان لەدەست دابوو، بڕیاریان دا کۆمەڵەیەک دابمەزرێنن و کار بکەن بۆ ئەوەی بەجیهان بڵێن چییان بەسەرهاتووە.

"سوپاس بۆ دایکان، 20 ساڵە کاردەکەین و بەردەوامیش دەبین لە کارکردن بۆ دادپەروەری. نەک هەر رازی، بگرە زۆر رازین لەوەی بەدەستمان هێناوە. چونکە بەهۆی ئێمەوە وڵاتانی پێشووی یۆگوسلافیا قسە لەسەر ئەو رووداوانە دەکەن کە بەسەرماندا هاتووە. وڵاتانی جیهان هەموویان دەربارەی جینۆسایدی سریبرینسکا دەزانن و ئیدانەی دەکەن".

لەبەر ئەوەی هێشتا لە بۆسنەدا، سەرکردەکان نەیانتوانیوە ناکۆکیی خۆیان لەگەڵ سەرکردەکانی سربیا و کرواتیا وەلابنێن و تارمایی دووبارەبوونەوەی شەڕ دەبینن، بێدەنگ بوون لەوەی دۆسیەکەیان بجووڵێنن، بەڵام گوشاری بەردەوامی مونیرە و هاوکارەکانی، لەگەڵ کەسوکاری قوربانیان بەهێزتر بوون لەوەی بەو پەردەیە داپۆشرێت "مێرد و منداڵ و برا و خوشکەکانیان کوشتین و دەستدرێژییان کردە سەر کەسوکارمان، دواتر کە لە جینۆساید رزگارمان بوو، بۆ ئەوەی نیشانی هەموو جیهانی بدەین کە کچەکانمان ئەتک کراون و مێردەکانمان کوژراون، دەنگمان بەرز کردەوە. بەفەرمی لەرێگای وەزارەتی دادەوە خۆمان تۆمار کرد و کەوتینە کارکردن بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان و بەدەستهێنانی دادپەروەری بۆ منداڵەکانمان".

تاوانەکانی سریبرینسکا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک کۆمەڵکوژی ناسراوە، مونیرە دەڵێ "دەچووینە هەر وڵاتێک و لەگەڵ هەر گەورە بەرپرسێکی جیهانی قسەمان دەکرد، لە قووڵایی دڵ و رۆحمانەوە قسەمان دەکرد. کەسێک پێویستی بەوە بووبێ رەخنەی لێبگرین رەخنەمان لێگرتووە، بۆ سوپاسیش چی پێویست بووبێ کردوومانە".

بۆ ئەو گرنگ نەبوو ئەندامانی رێکخراوەکەی خوێندەوار بن یان نا، بەڵکو دەیویست ئازایەتی و کۆڵنەدان، بڕوانامەی ئەوان بێت.

سریبرینسکا، ئەو شارەی مونیرە و هاوکارەکانی پێش شەڕی بۆسنە و سربەکان تێیدا دەژیان، هەشت هەزار کەسی تێیدا کۆمەڵکوژ کرا، هەر بۆیە ئەمڕۆ بەنێوبانگترین مۆنۆمێنتی قوربانییەکان لەوێیە و ساڵانەش لە مانگی تەمموزدا رێوڕەسمی یادکردنەوە هەر لەوێ بەڕێوەدەچێ. لەو ساڵانەدا هێزێکی سەربازیی هۆڵەندییەکانیش لەوێ بوون، بەڵام نەک نەبوونە فریادڕەس، بەڵکو تەماشاوانێکی بێدەنگی جەنگەکە بوون لەکاتێکدا دەیانتوانی یارییەکە بگۆڕن.

### شکاتیان لە هۆڵەندا کردووە

دوای ئەو ململانێ 20 ساڵییەی ئەوان کردیان بۆ بردنەوەی گرەوەکە لە سربەکان، مونیرە و هاوڕێکانی دەیانەوێ هۆڵەندا سکاڵاباران بکەن و رایبکێشنە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی "ئێمە سکاڵایەکی یاساییمان دژی نەتەوە یەکگرتووەکان و کەتیبەی هۆڵەندییەکان تۆمار کردووە، ساڵی رابردوو هۆڵەندییەکان بە ناچاری بەرپرسیارێتی کوشتنی 300 بۆ 500 گەنجیان گرتە ئەستۆ، بەڵام ئێمە دەمانەوێ دان بە هەموو راستییەکاندا بنێن، چونکە ناکرێت تۆ لە کوژرانی یەکێک بەرپرسیار بیت و بۆ ئەوانی دیکە نا".

دەمانباتە ژوورەکەی خۆی، دیوارەکە هەمووی بە وێنەی ئەو چالاکیانە داپۆشراون کە مونیرە و هاوڕێکانی لەو ساڵانەدا ئەنجامیانداون، ئەو شار و پایتەختانەی جیهان کە هانایان بۆ بردوون، لە وێنەکاندا لەگەڵ سەرۆکە دیارەکان قسە دەکات. وێنەی مونیرە و تیمەکەی لەگەڵ بیل کلینتنی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا و کوفی ئەنان، ئەمینداری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند کەسایەتییەکی دیکەی جیهان لەسەر دیوارەکە دەبینی.

لەگۆشەیەکی دیکەی دیوارەکەدا، چەند ناوێکمان پیشان دەدا کە بەدەستی خۆیان چنیویانە و ناوی کوڕ و منداڵە کوژراوەکانی خۆشی تێدایە "ئەوانە هەموو کوژراون، نامانەوێ خوێنی ئەوان لەبیر بکەین".

### ئامۆژگاری ژنانی کورد دەکات

خەڵکی بۆسنە زانیارییان لەسەر ئەو نەهامەتیانە هەیە کە لەسەر دەستی رژێمی پێشووی عێراق بەسەر خەڵکی باشووری کوردستاندا هاتووە، بەڵام ئەوان زۆرتر لەبارەی هەڵەبجەوە دەزانن نەک ئەنفال.

مونیرە لەم ساڵانەی دواییدا هاتووەتە باشووری کوردستان و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەندێک لە نوێنەری قوربانیانی بینیوە، بەڵام لە شێوازی کارکردنی کەسوکاری قوربانییەکانی کوردستان رازی نییە و دەڵێ "دەمەوێت لەم رێگایەوە نامەیەک بۆ دایکانی کوردستان بنێرم".

نێوەڕۆکی نامەکە ئەوەیە کە چیدی ژنانی کورد ئەوەندە بە گریانەوە خەریک نەبن و لەجیاتی ئەوە بۆ خۆیان بێنە مەیدانی کارکردن "وەک رێکخراوێک خۆتان رێکبخەن و گوێ لە سیاسییەکانتان نەگرن، مەبن بە مەڕوماڵاتی کەس و گوێڕایەڵی سیاسییەکان". ئەو ژنە هەروەها دەڵێ "ئەوەی کە وادەکات جیهان گوێتان لێبگرێ خۆتانن نەک سیاسییەکان. پێویستە بەدوای راستییەکاندا بگەڕێن و باوەڕتان بەخۆتان هەبێت، بەو شێوەیە سەردەکەون".

هەرچەندە دۆسیەی ئەنفال لەلایەن پەرلەمان و دادگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بە فەرمی بە جینۆساید ناسێندراوە، بەریتانیا و سوێدیش دانیان بە جینۆسایدی گەلی کورددا ناوە، بەڵام مونیرە زانیاری لەو بارەیەوە نەبوو.

ئەو گوتی "لە هەر جێگایەک و هەر کاتێک، دان بە جینۆسایدا نرا ئێمە پێشوازی لێدەکەین، جا دژی هەر نەتەوە و لە قازانجی هەر نەتەوەیەک بێت".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2

## گەنجێک لە هوتێلێکی دهۆکدا دەکوژرێ

**ڕووداو- دهۆک**

لە ئوتێلێکی شاری دهۆک دەمەقاڵێ لەنێوان چەند گەنجێک دروست دەبێت و بەو هۆیەوە گەنجێک دەکوژرێت و سێی دیکەش بریندار دەبن. ڕائید هێمن سلێمان گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2015/10/31 لەنێو ئوتێلێکی بازاڕی شاری دهۆک لە کاتی مەیخواردنەوە دەمەقاڵێ لەنێوان چەند گەنجێکدا دروستبووە و بەو هۆیەشەوە گەنجێکی تەمەن 29 ساڵ کوژراوە و 3 کەسی دیکەش بریندار بوون. گوتیشی "دوای گەیشتنی هێزەکانمان بۆ شوێنی ڕووداوەکە و دەستکردن بە لێکۆڵینەوە بکوژی گەنجەکە دەستگیرکراوە و لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکەش بەردەوامە".



کێ حوسێنی کوشت؟

# سەردەشتییەک لە سلێمانی دەکوژرێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

پیاوێکی خەڵکی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماڵی خزمێکی خۆی لە شاری سلێمانی بە چەقۆ دەکوژرێت و بە تۆمەتی کوشتنەکەشی خاوەن ماڵەکە و ژنبرایەکی خاوەن ماڵەکە دەستگیر دەکرێن.

برایەکی کوژراوەکە دەڵێت "پێمانوایە سیناریۆیەک بۆ کوشتنی براکەمان هەبووە".

حوسێن ڕەحیمی، تەمەن 51 ساڵ کە خەڵکی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خاوەنی کوڕ و کچێکە، شەوی 2015/10/24 لە ماڵی خزمێکی نزیکیدا بەنێوی (ی) لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا بە چەقۆ کوژرا. دوای ڕووداوەکەش دوو کەس بە تۆمەتی کوشتنەکەی دەستگیرکران، بەڵام هەردووکیان حاشا لە تاوانەکە دەکەن.

### خاوەن ماڵ پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە

گەنجێکی دراوسێی ئەو ماڵەی حوسێنی تێدا کوژراوە بە (ڕووداو)ی گوت "خاوەن ماڵەکە خۆی پۆلیسی لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە، دەڵێن لە ڕووداوەکەدا خاوەن ماڵەکە و هاوژینەکەشی بریندار بوون". ئەو گەنجە پێی سەیر بوو ئەو ڕووداوە لەو ماڵە ڕوویداوە و گوتی "خاوەن ماڵەکە کەسێکی باش و دەوڵەمەندە، پێمان سەیرە ئەگەر ئەو تاوانەی کردبێ".

### دەڵێن حوسێنیان نەکوشتووە

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو دوو تۆمەتبارە ڕەتیانکردووەتەوە دەستیان لە کوشتنی ئەو پیاوەدا هەبووبێت، دەڵێن ئەو پیاوە بەڕێکەوت چووەتە ماڵیان و چەقۆی پێبووە، دواتر شەڕ لەنێوانیاندا دروستبووە، ئەوانیش بە دار و بەرد هێرشیان کردووەتە سەری و ئەویش چەقۆکەی لە خۆی داوە و خۆی کوشتووە، تەنانەت دەڵێن ژنی خاوەنی ماڵەکە چەقۆی پیاوەکەی بەرکەوتووە و بریندار بووە".

### برای قوربانییەکە: سیناریۆیەک بۆ کوشتنی هەبووە

حوسێن ڕەحیمی، ساڵی 2011 لە ژنەکەی جیابووەتەوە. ژنەکەی و منداڵەکانی چوونەتە دەرەوەی وڵات، ڕەحیمی ماوەیەک بە تەنیا ژیاوە، بەڵام پێش کوشتنەکەی لەگەڵ دایک و باوکی ژیاوە لە سەردەشت.

فەرهاد ڕەحیمی، برای حوسێن کە لە نەرویج نیشتەجێیە، قسەی تۆمەتبارەکانی ڕەتکردەوە کە براکەی بەڕێکەوت چووبێتە ماڵی ئەو خزمەیان و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە سەرلەبەیانی پێش ڕووداوەکە براکەی لە پرسەیەک بووە لە شاری سەردەشت و پاشان هاتووە بۆ سلێمانی.

فەرهاد دەڵێت پێشتر کێشەیەک لەنێوان (ی) و براکەیدا هەبووە، بەڵام چارەسەر کراوە. ئەو ئێوارەیەش براکەیان بە سەردان چووەتە ئەو ماڵە. فەرهاد دەڵێت "پێمانوایە لەوێ سیناریۆیەک بۆ کوشتنی داڕێژراوە".

سەبارەت بە بکوژی براکەشی، فەرهاد دەڵێت "جارێ نازانین چ کەسێکی ئەو ماڵە براکەمیان کوشتووە، بەڵام زۆر لەوە دڵنیاین براکەمان چەقۆی پێ نەبووە و شەڕخوازیش نەبووە و بۆ ئەو قسەیەشمان هەموو خەڵکی سەردەشت شایەتی دەدەن".

دوای کوژرانی حوسێن، دەنگۆیەک بڵاوبووەتەوە گوایە حوسێن داخوازیی کچێکی لە ماڵی (ی) کردووە، بەڵام ماڵی (ی) ڕازی نەبوون، بۆیە شەڕ لە نێوانیان دروست بووە. فەرهاد گوتی "ئەو قسەیە ڕاست نییە، چونکە ئەوان کچیان لە تەمەنی براکەمدا نییە".


حوسێن و (ی) خزمی یەکدین و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوانیاندا هەبووە. (ی) چەندین جار سەردانی ماڵی حوسێنی کردووە لە سەردەشت. فەرهاد دەڵێت "ماڵی ئێمە ئەوەندەی خزمەتی (ی)یان کردووە، ئەوەندە خزمەتی منیان نەکردووە، نێوانی براکەم و (ی) زۆر باش بوو، بەڵام دەزانین خەڵکانی تێکدەر و ئاگرخۆشکەر بۆ تێکدانی نێوانیان هەبوون و بەڵگەشمان لایە".

فەرهاد بە ئاماژەدان بەوەی کە براکەی شاعیر بووە و هەمیشە ڕقی لە شەڕکردن بووە، گوتی "ئێمە بە گیانی تۆڵەسەندنەوە هەنگاو نانێین و دەمانەوێت یاسا چارەسەری ئەو ڕووداوە بکات و بکوژان سزا بدرێن، داواشم وایە خەڵکی باشووری کوردستان لە کاتی ڕوودانی کێشەی کۆمەڵایەتیدا، پەنا بۆ یاسا ببەن، نەک بەشێوەی عەشایری تۆڵە بستێننەوە".

محەممەد قەڵادزەیی کە خزم و هاوڕێی نزیکی ڕەحیمییە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حوسێن کە دەهاتە سلێمانی زۆر دڵی بە شارەکە خۆش بوو، لە بۆنەکانی وەکو نەورۆز لەگەڵ کەسوکاری دەهاتن و بۆ ماوەیەکی زۆر دەمانەوە". گوتیشی "ڕووداوەکە بۆ ئێمە چاوەڕواننەکراو بوو، بەڕاستی تووشی شۆکی کردین".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، تەرمی حوسێن ئێوارەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو 2015/10/27 لەڕێگەی دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەرانەوە ڕەوانەی زێدی خۆی کراوەتەوە.

حوسێن ڕەحیمی لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەواڵی کوژرانی بە شاعیرە ڕۆژهەڵاتییەکە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام فەرهاد دەڵێت "براکەم نەیدەگوت شاعیرم، بەڵکو دەیگوت حەزم لە شیعرە". گوتیشی "هەندێک شیعری هەبوون، من بەنیاز بووم بۆی کۆبکەمەوە و بۆی چاپ بکەم".



# هاوڕێیەکەی خۆی بە چەقۆ کوشت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

گەنجێکی دانیشتووی شاری سلێمانی لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە بە چەقۆ دەکوژرێ، بەڵام قسەی جیاواز لەسەر کوشتنەکەی دەکرێت و هەندێک دەڵێن لە نێوبژیوانیدا کوژراوە و هەندێکیش دەڵێن ئەو لایەنێکی شەڕەکە بووە.

شەوی 2015/10/24 گەنجێکی تەمەن 18 ساڵ بەنێوی (محەممەد.ع) لەچۆڵەوانییەکی کۆتایی گەڕەکی کەنەسوورەی شاری سلێمانی لە کاتی شەڕدا، لەلایەن هاوڕێیەکییەوە چەقۆیەک لە دڵی دراوە، دوای نیو کاژێریش لە گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە مرد.

شایەتحاڵەکان و پۆلیس دوو قسەی جیاواز سەبارەت بە کوشتنی ئەو گەنجە دەکەن، شایەتحاڵێک دەڵێت ئەو گەنجە لە کاتی ناوبژیوانیدا کوژرا، بەڵام پۆلیس لە زاری بکوژەکەوە دەڵێت "لەسەر یاریکردن شەڕ لە نێوان بکوژ و کوژراوەکەدا دروستبووە و بکوژەکە چەقۆیەکی لە کوژراوەکە داوە، بەڵام مەبەستی کوشتن نەبووە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، پێشتر ماڵی محەممەد لە گەڕەکی کانی گۆمە بووە کە چەند خولەکێک لە شوێنی شەڕەکەوە دوورە و هەر لەو گەڕەکەش ئیشپێکەری مۆلیدەی کارەبا بووە.

بە گوتەی یەکێک لە هاوڕێکانی کە شایەتحاڵی شەڕەکەیە، ئەو ڕووداوە لە نزیک کاژێر 10:30 خولەکی شەو بووە. ئەو شایەتحاڵە گوتی "سەرەتا شەڕەکە لە نێوان بکوژ و دوو سێ کەسی دیکە بوو، پاشان یەکێک لە شەڕکەرەکان پەیوەندی بە محەممەد و چەند هاوڕێیەکی محەممەدەوە کرد و ئەوانیش هاتن".

بەپێی زانیارییەکانی ئەو، کوژراوەکە وەکو ناوبژیوان لەوێدا بووە و هیچی پێ نەبووە "بکوژەکە ویستی چەقۆ لە یەکێک لە شەڕکەرەکان بدات، بەڵام لەو کاتەدا بەر سنگی محەممەد کەوت و تاوەکو گەیەندرایە نەخۆشخانە مرد".

بەپێی قسەکانی ئەو شایەتحاڵە، بکوژەکە دانیشتووی گەڕەکێکی دیکەی سلێمانییە و سەرلەبەیانی دوای ڕووداوەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە.

ئەو شایەتحاڵە هەرچەندە لەنێو شەڕەکەشدا بووە، بەڵام دەڵێت نازانێت شەڕەکە لەسەر چی بووە و گوتی "نازانم هۆکاری شەڕەکە چی بوو، ئەوەندە دەزانم هەردووکیان کوڕی باش و بێ کێشە بوون".

(ڕووداو) بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر سەردانی گەڕەکی کانی گۆمەی کرد و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کوژراوەکەدا قسەی کرد و ئەوانیش تەنیا ئەوەندە زانیارییان هەبوو کە کوژراوەکە پەیوەندی پێوە کراوە و ڕۆیشتووە بۆ شوێنی شەڕەکە.

شایەتحاڵێکی دیکەی نزیک ڕووداوەکەش گوتی "سەرەتا دەمەقاڵێ بوو، پاشان بووە شەڕە بەرد و لە ناکاو گوێمان لێبوو گوتیان محەممەد بریندارە".

لەسەر کوشتنی ئەو گەنجە، سێ کەس دەستگیرکراون کە یەکێکیان بکوژ و ئەوەی دیکەش ئەو کەسەیە کە پەیوەندی بە محەممەدەوە کردووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی قسەیەکی جیاوازی سەبارەت بە ڕووداوەکە کرد و گوتی "ئەوان لەسەر یاریکردن بەشەڕ هاتوون، تۆمەتبارەکە دەڵێت ڕاستە چەقۆی لەو کەسە داوە، بەڵام بە مەبەستی کوشتن لێی نەداوە".

(ڕووداو) هەوڵیدا ڕای کەسوکاری کوژراوەکە وەربگرێت، بەڵام ئامادە نەبوون لێدوان بدەن.

ڕووداوی کوشتنی ئەو گەنجە لە کاتێکدایە کە هەفتەی ڕابردوو زنجیرەیەک ڕووداوی کوشتن و خۆکوشتن لە شاری سلێمانی ڕوویاندا، لەوانەش خۆکوشتنی مامۆستایەک و کوشتنی گەنجێکی دیکەی تەمەن 30 ساڵ. بە گوتەی پۆلیس، خۆکوشتنی مامۆستاکە بەهۆی بێزاربوونی بووە لە ژیان و کوشتنی گەنجەکەش بەهۆی دوژمنارییەوە بووە.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## ئیرەیی پێبرد و کوشتی

دایک و باوکێک هانایان بۆ پۆلیس بردبوو کەوا منداڵە چوار ساڵانەکەیان ون بووە، شوێن نەماوە لە گەڕەکەکەی خۆیان و گەڕەکەکانی دەوروبەریان بەدوایدا نەگەڕێن، بەڵام نەیاندۆزیوەتەوە، ئەوان گوتبوویان ترسیان لەوە هەیە ڕفێنرابێ.

دوای ئەوەی گوتەی دایک و باوکی منداڵەکە وەرگیرا، دۆسیەی منداڵە ونبووەکە ڕەوانەی دادگا کرا، بۆ ئەوەی دادوەر بڕیار بدات بۆ گەڕان بەدوایدا.

یەکەم هەنگاوی لێکۆڵینەی پۆلیس، سەردانیکردنی شوێنی ڕووداوەکە بوو، واتە ماڵی منداڵەکە. کاتێک پۆلیس قسەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکە کرد کە یەکێکیان کوڕێکی تەمەن 14 ساڵان بوو، پۆلیس لێی پرسی کوا براکەت؟ ئەویش گوتی من شوێنەکەی دەزانم.

پۆلیس پرسی لە کوێیە؟ مێرمنداڵەکە گوتی: "دوام بکەون، من شوێنەکەتان پێ نیشان دەدەم". مێرمنداڵەکە پێش تیمی لێکۆڵینەوەی پۆلیس کەوت تاوەکو ئەوانی گەیاندە کەلاوەیەک. دەبینن تەرمی منداڵەکە لەوێ کەوتووە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت منداڵەکە بە چەقۆ کوژراوە.

پۆلیس هەر لەوێ سەرەداوی ئاشکرابوونی تاوانەکەی دەستکەوت. مێرمنداڵەکە لەدیار تەرمی برا چوار ساڵانەکەی دانی بە تاوانەکەدا ناو گوتی: "من کوشتوومە".

کاتێک پۆلیس لێی دەپرسێت: "بۆچی کوشتت؟". مێرمنداڵەکە گوتی "لەبەر ئەوەی دایک و باوکم برا بچووکەکەمیان زۆر خۆشدەویست، هەموو شتێکیان بۆ ئەو دەکرد، بەڵام هیچ گرنگییان بە من نەدەدا و هیچیان بۆ نەدەکردم، بۆیە منیش کوشتم".

تۆمەتبار ڕەوانەی نووسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی لە دادگای نەوجەوانان کرا، لە ڕاپۆرتی ئەو نووسینگەیەدا هاتبوو کە "جیاوازیکردن لە نێوان منداڵ، وای لەو تۆمەتبارە کردووە ئیرەیی بە برا بچووکەکەی ببات، هەر بەو هۆیەش کوشتوویەتی".

دایک و باوکی بانگ کرانەوە بۆ لێکۆڵینەوە. دایکەکە دانی بەوەدانا کە جیاوازییان لە نێوان منداڵەکاندا کردووە و گوتی "تەنیا ئەو کوڕەمان هەبوو، دوای 10 ساڵ خودا کوڕێکی دیکەی پێبەخشین. کوڕە بچووکەکەمان زۆر خۆشدەویست، هەموو شتێکمان بۆ دەکڕی و هەرچییەکی بیویستبایە بۆمان دابین دەکرد، بەڵام لەولاوە کوڕە گەورەکەمان وەلا نابوو، باوکیشی لە ڕاددەبەدەر گرنگی بە کوڕە بچووکەکەمان دەدا. هەستم کرد کوڕە گەورەکەم ڕقی بەرامبەر برا بچووکەکەی هەڵگرتووە و زۆری پێ ناخۆش بوو کە گرنگی زیاتر بە براکەی دەدەین".

ئەو دایکە باسی گۆڕانی زیاتری ڕەفتارەکانی منداڵەکانی کرد و گوتی "کوڕەکەم پێشتر زۆر زۆر زیرەک بوو، بەڵام بەم دواییە مامۆستاکان بەدوایاندا ناردم گوتیان ڕەفتاری زۆر زۆر گۆڕاوە و لە وانەکانیشی زۆر دواکەوتووە".

کاتێک گوتەی باوکەکە وەرگیرا، ئەو هەموو خەتاکەی خستە ئەستۆی دایکی منداڵەکە و گوتی "ڕاستە من گرنگیم بە کوڕە بچووکەکەم دەدا، بەڵام دایکی زۆر زیاتر".

ئەنجامی کێشەکە: دایک و باوکەکە لێکجیابوونەوە، کوڕەکەشیان حوکم درا.

دەبێت ئەو بەسەرهاتە ببێتە پەندێک بۆ ئەوانەی جیاوازی لە نێوان منداڵەکانیان دەکەن. ڕاستە منداڵی بچووک هەمیشە لەلای دایک و باوکی خۆشەویستترە و هەندێک دایک و باوک زۆرتر گرنگی بە منداڵە گچکەکانیان دەدەن، بەڵام دەبێ لەوە ئاگاداربن ئەو جۆرە ڕەفتارانە ئیرەیی لە نێوان منداڵەکان دروست دەکات و دوور نییە ڕووداوێکی لەو شێوەیەی لێبکەوێتەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بیانییەکان بە وەرزشی رەگبی کۆمەکی ئاوارەکان دەکەن

یودیت نیورینک
رووداو- هەولێر



رەگبی وەرزشێکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان نەناسراوە. تەنانەت یەک مەیدانی رەگبی لەم وڵاتەدا نییە، بەڵام ئێستا کۆمەڵێک خێرخواز کە زۆربەیان بیانین، لەڕێگەی ئەو یارییەوە دەستیان بە هەڵمەتێک کردووە بۆ یارمەتیدانی ئەو ئاوارانەی لە هەرێمی کوردستانن.

"رەگبی بۆ ئاوارەکان" ناونیشانی ئەو هەڵمەتەیە کە دەیەوێت پارە بۆ ئەو لێقەوماوانە کۆبکاتەوە. نیل یانگ کە لە کۆمپانیایەکی لۆجستیکی لە کوردستان کاردەکات، دەڵێت "دەمانەوێت لەڕێگەی رەگبییەوە سەرنج بۆ پێداویستییەکانیان رابکێشین و چەندی لە توانادا بێت کۆمەکیان بۆ خڕبکەینەوە."

هەرێمی کوردستان ئێستا بووەتەماڵی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی سووریا و ئەو شوێنانەی کەوتوونەتە دەستی داعش.

هەموو پارەکە دەبەخشرێتە رێکخراوی رایز کە لەلایەن بیانییەکانەوە دامەزراوە.

جگە لە یارمەتیدەرە بیانییەکانی کوردستان، بەشێکی گرنگی هەڵمەتەکە ئەوەیە کە یاریزانە سەرەکییەکان لەژێر ناوی "نائاساییەکانی کوردستان 7" و "دەرزەنە پیسەکە" لە حەوتەم کێبڕکێی نێودەوڵەتی رەگبی لە دوبەی کە بڕیار وایە 2-5ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت، بەشداری بکەن.

ئەوان هەر لە ئێستاوە یەکەم سپۆنسەری خۆیان دابین کردووە کە ناویان لە پشتەوەی جلە وەرزشییەکانیانەوە نووسیوە، بەڵام هێشتا دەرفەت بۆ سپۆنسەری دیکە هەیە.

بەهۆی مرۆڤدۆستیی هۆکارەکەیان، ئەم تیمە لەلایەن تیمێکی دیکەی دوبەیەوە پاڵپشتی کراوە کە بڕیار وایە بۆ راهێنان پێداویستی بخاتە بەر دەستیان. یانگ دەڵێت یارییەکان لەلایەن زیاتر لە 10 هەزار تەماشاچییەوە سەیر دەکرێن و هیوادارە کە ئەوە وا بکات پارەیەکی زۆر بۆ ئاوارەکانی کوردستان کۆ بکەنەوە.

بۆ ئەوەش کە هیچ گوشارێک لەسەر هەڵمەتە خێرخوازییەکە دروست نەکەن، یاریزانەکان بە پارەی خۆیان بلیتی چوون و گەڕانەوە بۆ دوبەی دەکڕن. کەسوکار و دۆستەکانیان راسپاردوون کە بۆ دوبەی لەگەڵیان نەچن و لە جیاتی ئەوە پارەکە ببەخشنە هەڵمەتەکە. یانگ دەڵێت "بە ماڵەوەم گوت لەگەڵم نەیەن و پارەکە بدەن بەم کەمپینە."

ئەمە یەکەمجار دەبێت کە تیمەکە لە یارییەکی راستیدا بەشدار بن، هەر بۆیە هەموو رۆژێک راهێنان دەکەن بۆ ئەوەی ئامادەیی تەواو وەربگرن. ئەو دەڵێت "لە کوردستان ئێمە تاکە تیمین و یەک مەیدانی یاریشمان نییە راهێنانی لێ بکەین."

یانگ و هاوڕێکانی، یان وەک خۆی دەڵێت کوڕ و کچی هەر چوارگۆشەی دونیا، یاریی رەگبی تاچ دەکەن، کە وەک ئەو رەگبییەی لە تەلەڤزیۆن و فیلمەکاندا دەبینرێت قورس و توند نییە. ئەوان لە مانگی ئەیلولی 2014 دەستیان پێکرد و ئێستا نزیکەی 25 کەسیان هەیە کە گەمەیان بۆ دەکات. روخسار و شێوازی یاریزانەکان زۆر لە یەک جیایە، چونکە زۆرینەیان لە نێوان کوردستان و وڵاتی خۆیاندا لە هاتوچۆدان.

یاریزانەکان خەڵکی کینیا، کەنەدا، سکۆتلەندا، ئینگلیز، نیوزیلاند، ئوسترالیا، ئەفریقای باشوور، بەلژیکا، هۆڵەندا، فەرەنسا، ئیسپانیا، مەکەدۆنیا، کرواتیا، یۆنان، ئەمەریکا، عێراق و کوردستانن. هەموشیان هەفتەی دووجار لە عەنکاوە یاری دەکەن.

هەندێکیان پێشتر یارییان کردووە. بۆ نموونە یانگ خۆی جاران لە کەنەدا لەگەڵ بیڤێرسی ئۆتاوادا یاریی دەکرد. ئەم دەستپێشخەرییە وای کرد یانگ تۆزێک بەڕاهێنانی جەستەیی خۆیدا بچێتەوە. ئەو دەڵێت "نزیکەی 10 کیلۆم لە کێشم دابەزاندووە بۆ ئەوەی بتوانم یاری بکەمەوە."

یانگی چوارشان بە هێمنی یاری لەگەڵ ئاوارە گەنجەکانی هەولێردا دەکات، دەشڵێت هۆکاری شاراوەی هەڵمەتەکە ئەوەشە کە یاریی رەگبی لە کوردستان بناسێنێت، یان وەک خۆی بە گاڵتەوە دەڵێت "دەمانەوێت سیحری رەگبی بڵاوبکەینەوە".

بەڵام بەبڕوای یانگ ئەوە ئاسان نابێت "تاکە رێگە بۆ خەڵکی عێراق ئەوەیە کە رەگبی بخەنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. لە لوبنان بۆ نموونە رەگبی هەیە چونکە بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆ."

جارێ ئەوان هیوادارن بتوانن 50 هەزار دۆلارێک بۆ ئاوارەکان کۆبکەنەوە. یانگ و هاوکارانی بیریان لەوەش کردووەتەوە کە چۆن چۆنی دەیانەوێت پارەکە خەرج بکەن. ئەو دەڵێت: "حەزمان دەکرد پارەکە بدەین بە مامۆستایەک کە لە کەمپەکە وانە بە منداڵان دەڵێتەوە، چونکە ئەوان زۆر شتیان پێویستە بۆ ئێستا و داهاتوویان".

# قەیرانی دارایی پاسەکانی هەولێر بەگەڕدەخاتەوە

رەوا عەبدوڵلا
رووداو- هەولێر

شوفێری یەکێک لە پاسەکانی ناو شار لە هەولێر دەڵێت، بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەوە، بەشێکی زۆری خەڵک روویان لە بەکارهێنانی هێڵی گواستنەوەی گشتی کردووە، ئەمەش جموجۆڵێکی زۆری خستووەتە نێو هێڵی پاسەکان و بەراورد بە پێش قەیرانەکە، ئیشی پاسەکان 80% زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گواستنەوەی زەمینی، لە هەرێمی کوردستاندا 114 هێڵی ناوخۆ و 82 هێڵی دەرەکی پاس هەن کە 61550 پاس و مینی پاس لەو هێڵانەدا کار دەکەن.

هەر بەپێی هەمان ئامار، لە شاری هەولێر کە 32 هێڵی ناوشار و 18 هێڵی دەرەوەی هەیە، رۆژانە 989 پاس لە ناوخۆ و 256 پاسیش لە دەرەوەی شار کار دەکەن.

رەحمان خدر، شوفێری یەکێک لە پاسەکانی هێڵی گەڕەکی مامۆستایان لە شاری هەولێر، دەڵێت "ماوەی 8 مانگە جموجوڵێکی زۆر کەوتووەتە نێو هێڵی پاسەکان، دەتوانم بڵێم 80% زیادی کردووە".

رەحمان خدر، هۆکاری ئەوە بۆ قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و زیادبوونی ئاوارە عەرەبەکان لە شار و شارۆچکەکانی هەولێر دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئێستا وەک پێشتر ئیش نەماوە و مووچە لەکاتی خۆی نادرێت، بۆیە فەرمانبەران و مامۆستایان بەشی زۆریان بە پاس هاتوچۆ دەکەن".

## نرخی هێڵەکان گران بووە

بەهرام سەعید، ماوەی 16 ساڵە لە گۆڕەپانی وەستانی پاسەکان وەک (کاتب) کار دەکات، ئەو دەڵێت "بەهۆی باشبوونی کاری پاسەکان، ئێستا نرخی هێڵەکانیش گران بووە، بۆ نموونە پێشتر هێڵێک ئەگەر نرخەکەی 15 هەزار دۆلار بوو‌بێت، ئێستا بووەتە 25 هەزار دۆلار".

بە گوتەی بەهرام، پێشتر بەهۆی بێکارییەوە زۆر شوفێر هێڵەکەی خۆی دەفرۆشت، بەڵام ئێستا بارەکە پێچەوانە بووەتەوە و ئەوانەی وازیشیان لەکارەکە هێنابوو، گەڕاونەتەوە سەر کار و کەسیش هێڵ نافرۆشێت".

ئەندازیار سەڵاح جەوهەر رەشید، بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی زەمینی دەڵێت "ئێمەش هەستمان بەزیادبوونی جموجۆڵی هێڵی پاسەکانی نێو شار و دەرەوە کردووە، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە، ئەم گۆڕانکارییە زیاتر هانمان دەدات کار لەسەر پرۆژەکانی هێڵی گواستنەوەی گشتی بکەین".

سەڵاح گوتی ئێستا پرۆژەیەکیان بۆ دانانی هێڵێکی گواستنەوەی خێرا بە پاس لە شاری هەولێردا هەیە، لەوانەیە حکومەت بە تەنیا یان لەگەڵ کۆمپانیایەکی گواستنەوە جێبەجێی بکات.

سەڵاح جەوهەر زانیاری زۆرتری لەسەر پرۆژەکە دایە (رووداو) و گوتی: "پرۆژەکە بریتییە لە دانانی هێڵێکی خێرای پاس بەدرێژایی 100 کیلۆمەتر لە زۆربەی شەقامە سەرەکییەکانی شاری هەولێر، ماوەی نزیکەی ساڵێکە کۆمپانیایەکی ئیتاڵی خەریکی دیراسە و دیزاینی پرۆژەکەیە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە، پرۆژەکە کەمێک سست بووە، ئەگەرنا بەپێی گرێبەستەکە دەبووایە لە بەهاری ساڵی داهاتوودا دیراسە و دیزاینی پرۆژەکە تەواوبێ".

سەبارەت بە چارەنووسی هێڵی ئەو پاسانەی دەکەونە سەر هێڵە خێراکە، سەڵاح جەوهەر گوتی "ئەگەر حکومەت یان کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت پرۆژەکە بکات، یەکێک لە مەرجەکانی ئێمە بەشدارکردنی ئەو شوفێرانەیە کە هێڵەکانیان دەکەوێتە سەر هێڵە خێراکە جا بە پشک بێت یان بەکارکردنیان لە هێڵەکان".

## هێڵی ترام

بەپێی دیزاینی پرۆژەکە، لە شاری هەولێر بەدرێژایی 102.5 کیلۆمەتر و لە سلێمانی و دهۆکیش هەریەکەیان بەدرێژیی 60 کیلۆمەتر هێڵی ترام وەی دادەنرێت، بەگوتەی پسپۆڕانی بوارەکە، بەجێبەجێکردنیان گواستنەوەی گشتی لە کوردستان قۆناغێک دەچێتە پێشەوە.

ئەندازیار سەڵاح جەوهەر دەڵێت "دوو ساڵە دیراسە و دیزاینی هێڵەکانی ترام لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک تەواو بووە، بەڵام حکومەت بەهۆی قەیرانی داراییەوە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی راگرتووە، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێت".

گوتیشی کە چەند کۆمپانیایەکی بیانی ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆئەوەی بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەت یان قەرزی درێژخایەن، یان بەرامبەر وەرگرتنی نەوت پرۆژەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام وەک ئەو دەڵێت "تائێستا حکومەت بڕیاری لەسەر هیچیان نەداوە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# خۆی بە پشتێنەکەی باوکی خنکاند



پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

لە ژوورێکی ماڵەکەیاندا، خۆی بە پشتێنی باوکی خنکاند و دوای خۆیشی هیچ شتێکی جێنەهێشت کە هۆکاری خۆخنکاندنەی دەربخات، بەڵام کەسوکارەکەی بە پۆلیسیان گوتووە کە کوڕەکەیان نەخۆشیی ئێسکە نەرمەی هەبووە و پێدەچێت لەبەر ئەو نەخۆشییە خۆی خنکاندبێت.

(شوانە.خ) 16 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکێکی سلێمانی بوو، پێش نیوەڕۆی رۆژی 2015/10/26 لە نێو ماڵەکەیاندا بە پشتێنی باوکی، خۆی خنکاند.

شوانە کوڕە گەورەی ماڵ بووە و برایەک و دوو خوشکی هەیە. زۆربەی کات لە ماڵی نەنکی دەمایەوە کە ماڵیان کیلۆمەترێک لە ماڵەکەی ئەوانەوە دوورە، پرسەکەشی هەر لە ماڵی نەنکی بۆ دانرا.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "لە کاتی ئەو رووداوەدا باوکی کوڕەکە سەردانی باوکی خۆی کردووە کە نەخۆش بووە لە نەخۆشخانە، بەڵام دایکی لە ماڵەوە بووە، ئەو کوڕە لە یەکێک لە ژوورەکانی ماڵی خۆیان بە پشتێنی باوکی، خۆی خنکاندووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو مێرمنداڵە، نەقیب سەرکەوت گوتی "کەسوکاری کوڕەکە لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویانە لەبەرئەوەی نەخۆشیی ئێسکەنەرمەی هەبووە، هەندێجار رێگریمان لێکردووە کە بڕواتە دەرەوە نەوەک بەهۆی یاریکردنەوە تووشی رووداوی نەخوازراو ببێت، ئیدی پێدەچێت بەو هۆیەوە خەفەتی خواردبێت و خۆی خنکاندبێت".

خۆخنکاندنی ئەو گەنجە لە کاتێکدا بوو کە سێ رۆژ پێش ئەو رووداوە، گەنجێکی دیکە بەنێوی محەممەد لە خوار ماڵی ئەوان لە شەڕێکدا بە چەقۆ کوژرا، بەپێی زانیارییەکانیش شوانە هاوڕێیەتی لەگەڵ محەممەددا هەبووە.

هاوسێکەی ماڵی شوانە گوتی "لەنێو خەڵکدا دەگوترێ دوای کوشتنی ئەو گەنجە، شوانە لە فەیسبووکدا نووسیویەتی چەند رۆژێکی دیکە دێم بۆ لات".

هەروەها مامۆستایەکی خوێندنگەکەشی کە چووەتە پرسەکەیەوە بە (رووداو)ی گوت "لەنێو پرسەکەشدا باسیان دەکرد کە لە فەیسبووکدا نووسیویەتی پێی ناخۆش بووە ئەو هاوڕێیەی کوژراوە و لە قوتابخانەش ئەو قسەیە دەکرا کە پێدەچێت ئەو رووداوە کاریگەری لەسەری هەبووبێت".

شوانە خوێندکاری قۆناغی حەوتی بنەڕەتی بووە، بە گوتەی مامۆستاکەی هەتا دوا رۆژی هەفتەی پێش خۆخنکاندنی دەوامی ئاسایی خۆی کردووە.

هاوڕێیەکی باوکی شوانە کە خەمبار بوو بۆ مەرگی ناوادەی شوانە، زۆر پەسنی باوکی شوانەی داو گوتی "باوکیان گرنگیی زۆری بە منداڵەکانی دەدات، هەمیشە دەیویست زۆر بە باشی منداڵەکانی گەورە بکات و هەموو پێداویستییەکیشی بۆ دابین کردبوون".

(رووداو) لە سێیەم رۆژی پرسەکەدا سەردانی خێزانی شوانەی کرد، بەڵام کەسێکی نزیکیان تەنیا ئەوەندەی گوت کە شوانە هیچ کێشەیەکی نەبووە و خۆیشیان نازانن هۆکاری خۆخنکاندنەکەی چییە.

کوردستان عەبدولکەریم، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت هەرچەندە خێزانی ئەو کوڕە بۆ پارێزگاری لە کوڕەکەیان لە تووشبوونی بە حاڵەتێکی ناخۆش، رێیان لە کوڕەکەیان گرتووە بچێتە دەرەوە، بەڵام رەنگە ئەو رێگرییە بووبێتە هۆی گۆشەگیریی کوڕەکەیان، کوژرانی هاوڕێکەشی کاریگەری لەسەر دروستکردووە، رەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیانەش پەنای بۆ خۆخنکاندن بردبێ.

## بەناوی کۆمەک بۆ تورکمانەکان چەک بۆ داعش دەگوازنەوە

# ترێلەکانی میت لە خزمەتی "جیهاد"دا

کەمال گۆکتاش

سکاندڵی ترێلەکانی میت کە چەک بۆ جیهادییەکانی ناو سووریا دەنێرن، گەیشتە لووتکە و لەنێو ڕای گشتیی تورکیا و تەنانەت نێودەوڵەتیشدا دەنگی دایەوە.

سکاندڵی ترێلەکانی میت، دوای تەقینەوەی کێشەکانی نێوان حکومەت و جەماعەت (ی فەتحوڵلا گویلەن) لە 17-25ی کانوونی یەکەمی 2013دا، یەکێک بوو لە گرنگترین خاڵەکانی ئەو ململانێیە. حکومەت ڕاگرتنی ترێلەکانی میتی بە کودەتای جەماعەت لەدژی حکومەت ناوبرد. هەرچەندە ئەمە وەکو بەرهەمی ململانێی هەردوو شەریکە کۆنەکەش بێ، بەڵام ئەو زانیاریانەی ئاشکرابوون، وا نیشان دەدەن کە وەکو سکاندڵی گەندەڵی 17-25ی کانوونی یەکەم، حکومەت جدییە لەوەی "کودەتای جەماعەت" بخاتە چوارچێوەی پلانی دووەمی.

خاڵی وەچەرخان لەو دەنگۆیانەی کە دەیانگوت تورکیا چەک و تەقەمەنی دەداتە گرووپە جیهادییەکانی وەکو داعش و ئەلقاعیدە لە سووریا، بە سکاندڵی ڕاگرتنی ترێلەکانی میت لە 2014/1/1 لە شارۆچکەی قرکخان لە هاتای گەرمتر بوو. دوای ئەوەی ئاشکرابوو ئەو ترێلانە سەر بە میتن، حکومەت ڕێگری کرد لەوەی بپشکنرێن، جەلالەدین لەکەسز، والی ئەوکاتی هاتای بە نووسراوێک فەرمانی دا ڕێگە لە پشکنینی ترێلەکان بگیرێت.

### جیهادییان دەگواستەوە

لەدوای ئەو ڕووداوە، لە 2014/1/10دا پۆلیسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئەدەنە، ئۆپەراسیۆنێکی بۆ سەر دوو پاس کرد کە لە گەراجێکدا وەستێندرابوون. بەڵام لە جیاتی ماددەی هۆشبەر 40 سندووقی پڕ لە گوللەی دۆشکە و بی کەی سییان دۆزییەوە. شۆفێرانی هەردوو پاسەکە (شاهین گوفەنماز و ئەسعەد لوتفی) کە دەستگیرکران، لە ئیفادەکانیاندا دانیان بەوەدا نا کە پاسەکانیان لەلایەن میتەوە بەکرێ گیراون و جگە لە چەک و تەقەمەنی، جیهادی دەگوازنەوە. ئەوان گوتیان کە جیهادییەکان بۆ کەمپی ئاتمە لەسەر سنووری تورکیا دەگوازنەوە. ئەوان بە هاوڕێیەتی میت جیهادیەکانیان بە چەک و تەقەمەنییەوە لەناو خاکی تورکیا بۆ ئاکچەقەڵا گواستووەتەوە و لەوێشەوە جیهادییەکان سنووریان بەرەو گرێ سپی بڕیوە.

لە 19ی کانوونی دووەمی 2014دا، جەندرمە دوو ترێلەی پشکنی کە پڕ بوون لە چەک و تەقەمەنی، هەروەها چەند ئەندامێکی میت کە هاوڕێیەتی شۆفێرانی بارهەڵگرەکانیان دەکرد، دەستگیرکران.

عەونی جۆش، والی ئەوکاتی ئەدەنە بەناوی حکومەتەوە نووسراوێکی بۆ عەزیز تاکچی، دادوەری لێکۆڵینەوە نارد و نووسیبووی "ئەو ترێلانە چەک و تەقەمەنی لەنێوان یەکەکانی سەر بە میت دەگوازنەوە".

### ئەردۆغان ئاگادار بووە

دادوەر عەزیز تاکچی کە لەسەر ئەو دۆسیەیە دەستگیرکرا، باسی پشکنینی ئەو دوو ترێلانە دەکات و دەڵێت "لەناو دوو ترێلەکە چوار سندووقی پۆڵا هەبوو، لەناویاندا گولله تۆپ، کاتیۆشا و جبەخانە هەبوو".

تاکچی لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت "فەرمانم بە جەندرمە کرد نموونەی ئەو چەکانە لەلای خۆی هەڵبگرێ، لەو ساتەدا حوسێن عەونی جۆش، والی ئەدەنە، جەنگیز زەیبەکچی، بەڕێوەبەری ئەمنیەتی ئەدەنە لەگەڵ 400 کەس لە هێزی تایبەت و تیمەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە. والی پێیگوتم ئەو ئۆتۆمبێلانە سەر بە میتن، وەزیری ناوخۆ و سەرۆک وەزیرانیش (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) ئاگادارن، سەرۆک وەزیر خۆی پێیگوتم ئەو ئۆتۆمبێلانە سەر بە میتن، واز لەو ئۆتۆمبێلانە بێنن".

### درۆیەکەی ئەردۆغان ئاشکرا بوو

کاتێک ئەو سکاندڵە بڵاوبووەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە ئەوکات سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو، ڕایگەیاند "بە دەستی میت چەک دەگەیەنینە تورکمانەکانی بایر بوجاک، ئەوانیش هاوار دەکەن و بە جیهان دەڵێن تورکیا پشتگیریی تیرۆر دەکات". بەڵام یاسین ئاکتای کە بەرپرسێکی ئاکپارتییە، ئەوکات گوتی "چەکی ناو ترێلەکان بۆ سوپای ئازادی سووریا دەچوو".

لە کاتێکدا ئەردۆغان و داودئۆغڵۆ دەیانگوت "ئەوە هاوکاریی مرۆییە بۆ تورکمانەکان"، تورکمانەکان دەیانگوت ئەوان هاوکارییەکی لەوجۆرەیان وەرنەگرتووە. کاتێک وێنەی پشکنینی هەردوو ترێلەکە لە ڕۆژنامەی جمهوریەت بڵاوکرایەوە، ئەو درۆیە ئاشکرا بوو. لەسەر ئەمە سەرۆک وەزیر داودئۆغڵو گوتی: "بەبێ شەرمکردن دەیڵێم. ئەو هاوکارییە بۆ تورکمانەکانی بایر بوجاک دەچوو. برا تورکمانەکانمان لەوێ کۆمەڵکوژ دەکرێن و ئێمەش سەیریان دەکەین".

### "2000 ترێلە لە پێداویستی"

گرنگترین زانیاری دەربارەی کارەکانی میت لە سووریا لە 30ی ئاداری 2014 بەر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بە تۆمارێکی دەنگی لە یوتۆپ بڵاوکرایەوە. تۆمارەکە دەنگی کۆبوونەوەیەکی ئەحمەد داودئۆغڵو وەزیری دەرەوەی ئەوکات، هاکان فیدان ڕاوێژکاری میت، فەریدون سنرلیئۆغڵو ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە، جەنەراڵ یەشار گولەر فەرماندەی دووەمی سەرۆکایەتی ئەرکانی تورکیا بوو دەربارەی سووریا.

لەکۆبوونەوەکەدا هاکان فیدان دەڵێت "نزیکەی 2000 ترێلەمان ناردووە. ئەگەر پێویست بکات چوار کەس دەنێرمە سووریا، هەشت مووشەک بهاوێژنە تورکیا و بیانووی شەڕ دەدۆزمەوە، پێیاندەڵێین هێرش بکەنە سەر مەزاری شا سولەیمان".

### میتەکانی ناو داعش

مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو، نیهاد یاڵنز کە خۆبەشێکی شیعەیە، گوتی سێ ئەندامی داعش بەناوەکانی (م.ی)، (ئا.چ) و (ک.ش) کە لە عێراق دەستگیرکراون، ئەندامی میتن.

یاڵنز کە پەیامێکی بۆ ئەحمەد داودئۆغڵو و عەبدوڵلا گیول ناردووە، خۆی وەکو خۆبەخشێکی شیعە ناساندووە و وێنەی سێ ئەندامی ناردووە.

دەنگۆ هەیە لە کۆبانێ و مووسڵ 12 کارمەندی ئیستیخبارات و هێزی تایبەت لەنێو داعشدا کوژراون. لەبارەی ئەو دەنگۆیانە مەولود دودو، پەرلەمانتاری جەهەپە چەند پرسیارێکی ئاراستەی حکومەت کرد، دوای تێپەڕبوونی ساڵ و نیوێک هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارانەی وەرنەگرتووەتەوە.

ماڵپەڕێکی میسری بەناوی Egypt Daily News بڵاوی کردەوە کە سوپای میسر لە بیابانی سینا شانەیەکی لە ئەندامانی داعش و ئەوانەی هاوکاریی داعش دەکەن دەستگیر کردووە، دەگوترێ چوار ئەندامی میت لە نێو دەستگیرکراوەکاندا بوون.

### تورکیا و نەوتی داعش

پەیوەندیی تورکیا بەگشتی لەگەڵ جیهادییەکان و بە تایبەتیش لەگەڵ داعش تەنیا سەربازی و هەواڵگری نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندییە ڕەهەندی بازرگانیشی هەیە. بەتایبەتی ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێت داعش لە بەرامبەر چەک و پارەدا بە نرخێکی زۆر هەرزان نەوتی مووسڵی بە تورکیا فرۆشتووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی جەهەپە، داعش لە ناوچەکانی هاتای، عەنتاب، ڕوها و کلیس بە ڕێگای بۆڕی، نەوت و گازی ڕەوانەی تورکیا کردووە و 800 ملیۆن دۆلاری قازانج کردووە. بەڵام هەریەک لە سەرۆکایەتی وەزیران، میت، دەزگای لێکۆڵینەوەی تاوانە داراییەکان گوتیان "داعش هیچ پارەیەکی لە تورکیا نییە و نەوتی نەفرۆشتووە".

لە ڕاپۆرتەکەی جەهەپەدا هاتووە کە داعش پارەی ئەو چەکانەی دەیکڕێت بە نەخت نا، بەڵکو بە "زیندەماڵ" دەیانکڕێت و دەڵێن ئەو بازرگانییە لەلایەن "بازرگانانی چەک"ەوە کراوە.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوی کردەوە کە داعش سوود لە بۆرسەی بازاڕی ڕەش دەبینێت و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی تورکیا کە لەناویاندا بەرپرسیارانی حکومەتیش هەن، بازرگانی دەکات. لەو هەواڵەدا هاتووە "داعش بە هەرزان فرۆشتنی نەوت باشووری تورکیای کردووەتە بازاڕێکی گرنگ، لەوانەیە لە بازرگانیی بازاڕی ڕەشدا هەندێک بەرپرسی حکومەت ڕەنت بەدەستبێنن".

هەر بەپێی ئەو هەواڵەی ڕۆژنامە ئینگلیزییەکە "داعش لەو ناوچانەی لە عێراق داگیری کردوون ڕۆژانە 25-40 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ و ملیۆنێک و 200 هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت. لە وەڵامی ئەو تۆمەتانەدا، تانەر یڵدز، وەزیری وزە و سەرچاوەکانی تورکیا گوتی "تورکیا دەوڵەتی یاسایە. هەموو ئەرشیفەکان بەگوێرەی ئەمە دەکرێن".

***لە ڕۆژنامەی (جمهورییەت)ی ڕۆژی 2015/10/16 بڵاوکراوەتەوە.**



# ئۆپەراسیۆنەکەی حەویجە..
# گۆڕانی سیاسەتی واشنتن بەرامبەر کورد

پۆڵ دەیڤیس *

هێرشی هاوبەشی هێزە تایبەتەکانی ئەمەریکا و دژە تیرۆری کوردی کە بە سەرکەوتوویی بەندیخانەیەکی داعشیان لە دەوروبەری حەویجە کردە ئامانج، پاڵپشتیی ئەمەریکای بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی جیاوازتر لە جاران دەرخست. هێزە ئەمەریکاییەکە کە بۆ ڕاوێژ و کۆمەک ڕەوانە کرابوو، لە ئاسمانەوە ئاسانکاریی لۆجستی و هەواڵگری و هێرشی ئاسمانی پێشکەشی یەکەکانی دژە تیرۆر کرد. بەشێوەیەکی گشتی هێزەکانی ئەمەریکا تەنیا کاتێک دەکەونە شەڕی ڕاستەوخۆوە کە پەلامار بدرێن، ئەگەرنا خۆیان لە پێکدادان دەپارێزن. سەربازێکی ئەمەریکایی، جاشوا ویلێر، لەم هێرشەدا کە بووە هۆی ڕزگارکردنی 69 بەندکراو، گیانی سپارد. ئەگەرچی سوپای ئەمەریکا پێشتریش هەرگیز سڵیان لەوە نەکردووەتەوە کە گورز لە داعش بوەشێنن، بەڵام بەگشتی فەرماندەیی هێزەکان تا ئێستا ڕێگەی نەداوەتە سەربازەکان ڕاستەوخۆ هێرش بۆ سەر داعش ببەن. کەواتە ئێستا دوای ئەم هێرشە چی گۆڕاوە؟ ئەگەرچی کوژرانی سەربازێک، چەندیش کارەساتبار بێت، زۆر نائاسایی نییە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا هەندێک شت دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

یەک لەو شتانەی کە پێویستە سەری لێ دەربکەین، ئەوەیە کە بۆچی ئەمەریکا پاڵپشتیی هەڵمەتێک دەکات بە هاوکاریی هێزەکانی کورد، لە کاتێکدا حەویجە، بە گوێرەی ئەمەریکا و عێراق، دەکەوێتە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانەوە؟ هەندێک ڕاپۆرت باس لەوە دەکەن هەڵمەتەکە دوای ئەوە هات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەواڵی ئەوەی پێگەیشتبوو داعش بڕیاری کوشتنی ئەو گیراوانەی داوە و ڕەنگە هەندێک کوردیشیان لەناودا بێت.

وا پێدەچێت هێرشەکە بەبێ هەماهەنگی و ئاگاداریی پێشوەختەی حکومەتی عێراقی بەڕێوە چووبێت. ئەمە لەکاتێکدایە ژوورێکی عەمەلیات لە بەغدا هەیە کە دەبووایە ئاگاداری ڕووداوی وا بێت. دەگوترێت هێزە ئەمەریکاییەکان تەنیا بۆ ئەوە لەوێ بوون تاوەکو ڕاوێژکاری و کۆمەک و پاڵپشتی پێشکەش بکەن، بەڵام لەڕاستیدا هێزە 30 کەسییەکەی ئەمەریکا زۆر گەورەتر بوو لە یەکەیەکی تەنیا ڕاوێژکاری.

هەروەها دەگوترێت هێزە ئەمەریکاییەکان کاتێک دەرگیر بوون کە هێزی دژە تیرۆر کەوتوونەتە دۆخێکی دژوارەوە و لە ژێر تەقەی خەستی چەکدارانی داعشدا بوون. هێزە ئەمەریکاییەکە لەڕێگەی هەلیکۆپتەری جەنگییەوە توانی پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی هێزە کوردییەکان بکات و تەقەی داعش دامرکێنێتەوە کە لە دۆخێکی ئاساییدا سەربازەکانی سوپای ئەمەریکا خۆیان لە شەڕی وەها دەپارێزن.

هەموو ئەوانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ڕەنگە سیاسەتی ئەمەریکا بۆ بەکارهێنانی هێزەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتبێت. وەزیری بەرگری ئاشتۆن کارتەر بە ڕۆژنامەنووسانی گوت، ئەم هێرشە پێشتر بەرنامەی بۆ دانرابوو و ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمەریکا و سەرۆک ئۆبامای لێ ئاگادار کرابوونەوە. ئەو هەروەها گوتی "نابێ ئەوە وەک گۆڕانکاری سەیر بکرێت، بەڵکو ئەمە داواکارییەک بوو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە".

سەرەڕای قسەکانی وەزیری بەرگری، هەندێک ڕاستی هەن کە ئاماژەن بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمەریکادا، لەوانە: هاتنی ڕووسیا بۆ ناوچەکە کە لە بەرژەوەندیی ئێراندایە و هاوکات پاڵپشتی بەشار ئەسەدە لە شەڕی ناوخۆدا. شکستی ئەمەریکا لە ڕاهێنانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پرچەککردنی هێزەکانی دژی ئەسەد لە سووریا. ئەمە لە کاتێکدا کە لە ماوەی ڕابردوودا سوپای ئەمەریکا چەک و تەقەمەنی بۆ یارمەتیدانی کوردی سووریا خستە خوارەوە: سوپای ئەمەریکا ئەگەرچی بنکەی سەربازیی ئینجەرلیک بەکاردێنن، دیسانیش واشنتن خۆشحاڵ نییە لە لێدانی هێزە کوردییەکان لەلایەن سوپای تورکیاوە، لە دۆخێکدا کە ئەمەریکا لە سووریا سەرقاڵی یارمەتیدانی یەپەگە و پەکەکەیە. حکومەتی عێراق زیاتر لە جاران لەژێر کاریگەریی ئێراندایە، ڕووسیا داوای لێکراوە ببێتە بەشێک لە ناوەندی هەواڵگریی هاوبەش کە بنکەکەی لە بەغدایە و هاوکات سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ژێر گوشاردایە و ڕەنگە داوا لە ڕووسیا بکات بۆ ئەوەی دژ بە داعش پشتگیریی ئاسمانییان بکات.

هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە بە لایەک و لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو گوشارە زۆرەی لە ناوخۆدا لەسەر ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا هەیە کە تۆمەتباری دەکەن بەوەی لە سیاسەتی دەرەوەدا لاواز بووە. تەنانەت ئەو هۆکارش کە دەنگدەری ئەمەریکایی لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا ناڕازین، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمەریکا بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات. هەموو ئەم هۆکارانە ڕەنگە دەرگا بەسەر کردەوەی ڕاستەوخۆی سەربازیی ئەمەریکادا بکەنەوە. واشنتن هەروەها ڕایگەیاندووە کە هێزەکانی ئەمەریکا جارێ لە ئەفغانستان دەمێننەوە.

با سەرنجێکی کاتەکەش بدەین. ئەمەریکا دەڵێت بۆیە ڕاستەوخۆ یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دا چونکە ئەگەری لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ لە لایەن داعشەوە زۆر بوو، بەڵام بیرمان نەچێت داعش دەمێکە خەڵک بە کۆمەڵ لەسێدارە دەدات و ئەمەریکا ئەوە یەکەمجارە ئەم هۆکارە بۆ هێرش بەکاردێنێت. وەزیری دەرەوە جۆن کێری لەگەڵ پاشای ئوردن مەلیک عەبدوڵلای دووەم و سەرۆکی دەسەلاتی فەلەستینی مەحموود عەباس و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی بێنیامین نەتانیاهۆ لەم هەفتەیەدا دیداری هەبووە لەمەڕ کێشەکانی ئورشەلیم و دوای ئەوەیش لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سیرگێی لاڤرۆف لەسەر شەڕی سووریا کۆدەبێتەوە. ئەمە لە کاتێکیشدایە کە تورکیا داوای کردووە پەیەدە لە سووریا وەک هێزێکی تیرۆریستی بێتە ناسین. ئەگەر ئەوەش ڕوویدات و نەتەوە یەکگرتووەکان داواکەی ئەنقەرە قبووڵ بکات، ئەوە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر پاڵپشتیی ئەمەریکا بۆ یەپەگە. ئەمەیان بە دڵنیاییەوە زۆر ئاسان نابێت و ئاماژەیە بۆ ئەو سەختی و گرفتانەی یەخەی ئەمەریکا دەگرن کاتێک واشنتن هەوڵ دەدات پاڵپشتیی بەرژەوەندییەکانی کورد بکات.

ڕەنگە هێرشەکەی سەر حەویجە ڕێکەوت بێت، دەکرێت بەشێکیش بێت لە گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە بەهۆی کردەوەکانی ڕووسیا و ئێران و هێزە بیانییەکانی دیکەوە بەسەر ئیدارەی ئۆبامادا سەپێنراون. هێشتنەوەی هێزەکان لە ئەفغانستان و پڕچەککردنی ڕاستەوخۆی هێزە بەرهەڵستکارە کورد و سوورییەکان و یارمەتیدانی پێشمەرگە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، بێگومان ئەنجامی ئەم گوشارانەن.

ئەگەر ئەمە بەم شێوەیە بێت، بێگومان زۆر شتی دیکەش لەم ناوچە شڵەژاوەدا دەگۆڕێت. ئەمە هاوکات کاریگەریی ئێران و ڕووسیا دەگۆڕێت و هەروەها گۆڕانکاری بەسەر ڕوانگەی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد لە عێراقدا دەهێنێت.

*** پۆڵ دەیڤیس توێژەرێکی خانەنشینە و بۆ هەواڵگریی سەربازیی سوپای ئەمەریکا کاری کردووە. ئێستا ڕاوێژکاری هەواڵگریی ئەمەریکایە و پسپۆڕە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی پرسی کورد. سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی جانوسە لە واشنتن.**



## پزیشکەکان چی لەبارەیەوە دەڵێن؟

# خەڵک لە کوردستان روو لە یۆگا دەکەن

سەروەر سالار و شادیە رەسوڵ
رووداو – سلێمانی



لە هەرێمی کوردستان یۆگا بووەتە رێگەچارەی هەندێک کەس بۆ دەربازبوون لە گوشارە دەروونییەکان و بەشێک لە ئازارە جەستەییەکان، بەشێک لە خەڵکی وای دەبینن ئەم تەکنیکە مێژووییەی رۆژهەڵات دەتوانێت ژیان بەرەو ئاراستەیەکی ئەرێنی بگۆڕێت، هەندێکی دیکەش لە کاریگەریەکەی کەم دەکەنەوە.

نزیکەی پێنج هەزار ساڵە یۆگا پیادە دەکرێت، ئێستاش لە سلێمانی نێوەندێکی بچووکی راهێنانی تەکنیکەکانی یۆگا کراوەتەوە. بە گوتەی سەرپەرشتیارانی ناوەندەکە ژمارەی ئەوانەی یۆگا دەکەن روو لە زیادبوونە.

شازاد ئەحمەد، راهێنەری یۆگا لە سلێمانی، دەڵێت "یۆگا تەنیا وەرزشی جەستەیی نییە، بەڵکو بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی لایەنی دەروونی و هزری و رۆحییشە". شازاد هێندە متمانەی بە پیشەکەی هەیە کە دەڵێت "هیچ نەخۆشییەک نییە لە یۆگادا چارەی نەبێت".

یۆگییەکان وای دەبینن نەخۆشییەکان هیچ نین جگە لە تێکچوون و شەپۆلدانی وزە رۆحییەکان، یۆگاش لە رێگەی هەوڵدان بۆ ئارامکردنەوە و سەقامگیرکردنی رۆح و رزگارکردنی لە هەڵچوون و شەپۆلدان، جەستە و دەروون و هزر و رۆح دەگێڕێتەوە بۆ بارە تەندروستەکەی.

مەزدەک ئایار، یەکێک لە ئامادەبووانی ئەنجامدانی تەکنیکەکانی یۆگا، دڵخۆشە لەو گۆڕانانەی دوای یۆگاکردن لە ژیانیدا روویانداوە "حەوت ساڵە یۆگا دەکەم، زۆر جۆر گۆڕان لە ژیانمدا روویانداوە. خەڵکیش هەست بەو گۆڕانانە دەکەن کە دوای یۆگا لە مندا روویانداوە".

خانمێکی دیکەش کە بەشداربووی کۆرسەکەیە، لە ئەنجامەکانی رازییە "من پێشتر خەمۆکی و شڵەژانم هەبوو، زوو توورە دەبووم و زۆر هەڵدەچووم. سەرەتا هەر وەکوو تاقیکردنەوە هاتم، بەڵام ئەوە چوار مانگە بەشداری ئەم تەکنیکانەم و دەتوانم بڵێم 80% بە ئاراستەیەکی باش گۆڕاوم، من کەسێکی دیکەم ئێستا". چنار تۆفیق 25 ساڵان، وای بە (رووداو) گوت.

کەسێکی بیانیش کە لە کۆرسەکان ئامادەبوو، خۆشحاڵ بوو بەوەی بووەتە یۆگی، بەڵام ئەو گوتی من نەهاتووم لە نەخۆشیی چاک ببمەوە، بەڵکو دەمەوێ ئارامیی ناخم بدۆزمەوە "لەلای من ئامانج لە یۆگا بەرلەوەی تەندروستی جەستەیی بێت، بابەتێکی رۆحییە و مەبەست لێی ئارامبوونەوەیە".

### ملیۆنان تەکنیک

بە گوتەی شازاد، تەکنیکەکانی یۆگا هێندە زۆرن ئەگەر کەسێک لە سەرەتای ژیانییەوە تاوەکو مردنی خەریکی یۆگا بێت، هێشتا ناتوانێت هەموویان تەواو بکات "هەشت ملیۆن و 600 هەزار تەکنیکی هەیە، بەڵام هەندێک لە یۆگییەکان کورتیان کردووەتەوە بۆ 84 تەکنیکی بنەڕەتی، هەندێکی دیکەش کردوویانە بە 32 تەکنیک، هەندێکی دیکە کردوویانەتە 12 تەکنیک. بەگشتی تەکنیکەکان چوار بەشن: جەستەیی، دەروونی، زەینی و لە کۆتاییدا رۆحی".

### زانستی پزیشکی چی دەڵێت؟

یۆگا بەشێکە لە پزیشکی میللیی جێگرەوە، بەڵام زانستی پزیشکی روانگەیەکی زۆرتر ئەرێنی بۆ یۆگا هەیە لەچاو بەشەکانی دیکەی پزیشکی میللی.

ماڵپەڕی بەناوبانگی مایۆکلینیکی ئەمریکی دەڵێت یۆگا ئەم سوودانەی هەیە:

1 - کەمکردنەوەی گوشاری دەروونی: شڵەژانی دەروونی کەم دەکاتەوە و متمانە بەخۆبوون و هەستی باشبوون زیاد دەکات.

2 - لێهاتوویی جەستە زیاد دەکات: باڵانسی گشتیی جەستە، مەودای جوڵەی جومگەکان و بەهێزیی ماسولکەکان زیاد دەکات.

3 - هەندێک حاڵەتی درێژخایەن: بەهۆی کەمکردنەوەی گوشاری دەروونییەوە، یارمەتی رێکخستنی گوشاری خوێن دەدات. لە هەندێک حاڵەتدا یارمەتی کەمبوونەوەی نەهامەتییەکانی خەمۆکی، کەمخەوی و ئازارە درێژخایەنەکان دەدات.

### کێ دەتوانێت یۆگا بکات؟

هەرچەندە راهێنەرەکەی یۆگا بە (رووداو)ی گوت کە هیچ سنوور و رێگرییەک لە بەردەم مرۆڤ نییە بۆ یۆگا، بەڵام زانستی پزیشکی مۆدێرن لەمەدا روانگەیەکی دیکەی هەیە.

مایۆکلینیک دەڵێت بەگشتی بۆ کەسانی تەندروست و لەژێر رێنمایی کەسێکی شارەزادا لە یۆگا، ئەنجامدانی تەکنیکەکانی یۆگا سەلامەتە، بەڵام هەندێک کەس هەن کە دەبێ راوێژ بە لایەنی بەرپرسی تەندروستی بکەن بەر لەوەی بچنە کۆرسەکانی یۆگا، ئەوانەش بریتین لە:

1 - ئەوانەی خزانی دیسکی نێوان بڕبڕەکانی پشت (ئینزیلاق) یان هەیە.
2 - ئەوانەی مەترسیی کلۆبوونی خوێنیان لەسەرە.
3 - ئەوانەی ئاوی رەشی چاویان هەیە.
4 - ئەوانەی دووگیانن.
5 - ئەوانەی باڵانسی جەستەیان زۆر تێکچووە.
6 - ئەوانەی ئێسکیان زۆر فشەڵە.
7 - ئەوانەی گوشاری خوێنیان وەک پێویست کۆنترۆڵ نەکراوە.

### پزیشکەکانی کوردستان چۆنی دەبینن؟

رووداو پرسیاری ئاراستەی 29 پزیشک کرد کە ئاخۆ بڕوایان بە کاریگەریی تەندروستیی یۆگا هەیە؟ لە ئەنجامدا 25 پزیشک (86%) بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و تەنیا 4 کەسیان بڕوایان بە سوودە تەندروستییەکانی یۆگا نەبوو.

د.هەژار عوسمان مەعروف، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، دەڵێت بە دوو مەرج متمانەم بە کاریگەریی یۆگا هەیە "یەکەم کەسێکی شارەزا خەڵکیی فێر بکات و مەبەستی سەرەکی ئەو کەسە پارە پەیداکردن نەبێت. دووەم، یۆگاش نەکرێتە دۆگمایەکی ئایینی و خەڵک وەها تێنەگەیەنێت کە دەتوانێت چارەسەری هەموو دەرد و نەخۆشییەکی مرۆڤ بکات".

د.حەسەن عەبدوڵڵا، پزیشکی نەشتەرگەریی مێشک و دەمار، وەها یۆگا دەبینێت کە "یەکێکە لەو رێگە سەرکەوتووانەی ئارامی بۆ مێشک دەگێڕێتەوە و ماسولکەکان خاو دەکاتەوە و جەستە و دەروون سازگار دەکات". بەڵام چەند پزیشکێکی دیکە گوتیان کە ئەوان زانیارییان نییە لەبارەی ئەوەی ئایا یۆگا بەسوودە یان نا.



دکتۆر ئیکرام حوسێن

## وا بڕوات کۆلێژی پزیشکیش ئێوە خۆش

دەرچووانی ئەمساڵی کۆلێژی پزیشکی دانەمەزرێندران، ئیتر بە رای پسپۆڕانی فەیسبووک هۆکار زۆرە، بۆ نموونە قەیرانی دارایی، قەیرانی کۆنەبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، لەوانەشە هۆکارەکەی قەیرانی نەمانی نرخی زیرەکی و کۆنمرەی بەرز بێت.

باوک و دایک هەر کە منداڵەکەیان کەمێک جووڵەی باش دەبێت و کاتێک سێ چوار دانە قسەی رێکوپێک دەکات، ئیتر دەڵێن دەبێتە پزیشک!. زۆریشن ژمارەی ئەو منداڵانەی مامۆستاکانیان لێیان دەپرسن: حەز دەکەی ببیتە چی لە داهاتوودا؟ ئەوانیش دەڵێن: پزیشک، بەڵام وا بڕوات وەڵامی ئەو پرسیارە دەگۆڕێت. ئیتر وەڵامەکە وەک نوکتەکەی لێدێت کە لە گەنجەکەیان پرسیبوو: حەز دەکەیت لە داهاتوودا ببیتە چی؟ ئەویش گوتبووی پێشمەرگەی دێرین!

یان ئەگەر کەمێک عەقڵی بە دنیا بشکێ، لەوانەیە بڵێ لە داهاتوودا دەمەوێت ببمە ئەورووپی یان ئەمریکی!.

لە کاتی گرانییەکەدا سێ لە خوێندکارە زۆر بلیمەتەکانی پۆلەکەمان وازیان لە خوێندن هێنا، یەکیان ئەمریکییەکان لەگەڵ خێزانەکەی بردیانە ئەمریکا، بەم دواییە یەکێکی دیکەیانم لە بازاڕی دۆلارەکە بینییەوە، ئەوی دیکەشیان هەندێک جار دەبینم کە پاڵ بە عەرەبانەوە دەنێت و پڕ بە گەرووی هاوار دەکات خوێ.. خوێ. خوێفرۆشەکە ئەوەیانە کە لە سەرەتاییشدا یەکەمی خوێندنگەکەمان بوو، لە یەکێ ناوەندیش لە کۆتایی ساڵدا بەهۆی بەرزیی کۆنمرەکانییەوە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بەخشرا. لەم دواییەش هەواڵم بیست ئەو کوڕەی ئەوکات چووە ئەمریکا، ئێستا ئاستێکی زانستیی بەرزی هەیە و لە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی بەناوبانگی ئەمریکی کار دەکات. منیش گۆشەنووسم و بەوپەڕی توانامەوە دەنووسم: لێمەگەڕێن وەزیری سامانە سروشتییەکان دەستخەڕۆتان بکات و مشوورێکی دەرمان بخۆن پێش ئەوەی بەغدا بەشە دەرمانی هەرێم ببڕێت و وەزیری تەندروستی بێکار ببێت و بڕواتە ماڵەوە. بەڵام نووسینەکەم وەزیر توورە دەکات و داوا دەکات لەسەر ماڵپەڕ هەڵبگیرێ، ئێستا لەو چوارەمان کێ قازانجی کرد؟


خوێفرۆشەکە بەهۆی قورسیی بارودۆخی ژیانەوە لەو کاتەدا وازی لە خوێندن هێنا، ئەوکات خەڵکی گەیشتبوونە باوەڕێک کە خراپترین شت مرۆڤ بیکات خوێندنە، ئەو باوەڕەی کە ئەم حکومەتەی ئێستا، ئێستا بەرهەمی هێناوەتەوە، چونکە زیرەکترینەکان دەبنە پزیشک و پزیشکەکانیش دانامەزرێن، ئیتر خوێندکاران لەسەر چی و بۆچی کێبڕکێ بکەن؟ پزیشکەکانمان خەریکن پۆل پۆل بیر لە کۆچکردن دەکەنەوە، پزیشکی نوێش جێیان ناگرێتەوە.

بەپێی یاسا عێراقییەکان، دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی نابنە پزیشک، هەتا سێ ساڵی دیکە دوای دەرچوونیان تەواو نەکەن، دوو ساڵی وەک پزیشکی خولاو و ساڵێکی دیکەش وەک پزیشکی پلەبەند، ئیتر ئەگەر کەسێک ئەو سێ ساڵە تەواو نەکات، لە خوێندنی باڵاش وەرناگیرێت، ئەوە بۆ پزیشکانی ددان و دەرمانسازیش بە هەمان شێوەیە، یانی کاتێک حکومەت دایاننامەزرێنێ، مانای ئەوەیە لە خوێندنیان دادەبڕێت.

هیچ شتێک لە نەمانی هیوا مەترسیدارتر نییە، دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان دابمەزرێنن و لە جێی ئەوان مووچەی خانەنشینی موستەشار و جاش و ئەوانە ببڕن کە بە پۆستی بەرز خانەنشین کراون.

لێمەگەڕێن خەڵکی بگاتە بڕوایەک جاشایەتی و چەقاوەسوویی و چەقۆوەشێنی و جێهێشتنی وڵاتی بەلاوە باشتر بێت لە خوێندن و هەوڵدان بۆ چوونە کۆلێژی پزیشکی.

# بزانە هێلکەدانت کیسی هەیە؟




رووداو – هێلسکۆم

بەشێکی زۆر لە ژنان تاوەکو پلانی منداڵ دروستکردنیان نەبێت، سەرنج ناخەنە سەر هێلکەدانیان. بۆیە رەنگە لاتان سەیر بێ کە بڵێین دوور نییە لەگەڵ هەموو سووڕێکی مانگانەدا، کیسی هێلکەدان دروست ببێ، بێ ئەوەی پێی بزانن. بەڵام بەرلەوەی تووشی سەرلێشێوان و سەرسوڕمان ببیت، با مژدەیەکت پێبدەین: زۆربەی کیسەکانی هێلکەدان بێ زیانن.

نابێ ئەو مژدەیە تەواو خەمساردت بکا و گوێ نەدەیتە تەندروستیی هێلکەدانت. چونکە هەندێکجار کیس دەبێتە هۆی دروستبوونی ئازاری حەوز و ئاڵۆزکاریی نەخوازراوی دیکە.

### هێلکەدان و بۆڕی فالوپ

لە هەردوو شانی راست و چەپی منداڵداندا، دوو هێلکەدان هەن کە قەبارەیان هێندەی دەنکە بادەمێک دەبێت (درێژییەکەیان دەوروبەری 3 سانتیمەترە). دوای پێگەیشتن و بەر لە سووڕی نائومێدی، مانگانە هێلکەدان یەک هێلکەی پێگەیشتوو دروستدەکات کە لەناو چیکڵدانەیەکی پڕ لە شلەدا جێگیر بووە. دوای دەرکردنی هێلکەکە دوو شت روودەدات: یەکەم پووکانەوەی چیکڵدانەکە و کۆتاییهاتنی، دووەم رۆیشتنی هێلکەدان بۆ نێو بۆڕی فالوپ و لەوێشەوە بۆ نێو منداڵدان.

### کیس چۆن دروست دەبێت؟

کاتێک هێلکەدان ناتوانێت لەکاتی پێویستدا هێلکەی ناو چیکڵدانەکە دەرپەڕێنێ، چیکڵدانەکە گەورەتر و گەورەتر دەبێت و ئەوەش پێیدەگوترێت کیس. هەندێکجار کیسەکە دەپچڕێ و دەبێتە هۆی ئازاری حەوز، یان دەبێتە هۆی خوێنبەربوون لە کاتی پچڕانی. یاخود دوای گەورەبوونی نائاسایی چیکڵدانەکە، هێلکەکە دەردەپەڕێت و بەوەش بۆشاییەکی تاڕادەیەک گەورە لە شوێنی چیکڵدانەکە بەجێدەمێنێ و ئەوەش جۆرێکی دیکەی کیسی هێلکەدانە. ئاسایی دوای چەند هەفتەیەک ئەم جۆرە کیسانە نامێنن.

### کیسی دیکەش هەن؟

بەڵێ جۆرە کیسێک هەیە کە تێیدا گرووپە خانەیەکی نێو هێلکەدان خۆبەخۆ و بێ ئەوەی پیتێنرابن، دەست بە دابەشبوون دەکەن و کیسێکی گەورە دروستدەکەن کە رەنگە بگاتە 10 سانتیمەتر. ئەمانە بەهۆی پێکهاتە بۆماوەییەکانیانەوە رەنگە ببنە شانەی پێگەیشتوو، بەجۆرێک لەوانەیە ددان یان موویان تێدا گەشە بکات. ئەم جۆرەیان ئەگەر زۆر گەورەبوو، یاخود ئاڵۆزکاریی دیکەی لێکەوتەوە، دەبێ بە نەشتەرگەری لاببرێ.

### چۆن بزانم کیسم هەیە؟

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کیس نیشانەی نییە و کەسەکە خۆبەخۆ نازانێت کیسی هەیە و تەنیا کاتێک سۆنەری بۆ دەکرێت بە رێکەوت دەبینرێت، بەڵام هەندێکجار کیسەکە دەبێتە هۆی ئازاری حەوز. خۆ ئەگەر هەوکردن روویدات، ئەوە جگە لە ئازار، کەسەکە هەست بە تا، ئێڵنج و رشانەوەش دەکات. هەبوونی ئەو نیشانانەی هەوکردن دەبێ پاڵنەرێکی بەهێزبێت بۆ ئەوەی سەردانی پزیشک بکەیت.

لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا کیسەکە دەبێتە هۆی پێچخواردنی هێلکەدان و ئەوەش دەبێتە هۆی پچڕانی سووڕی خوێنەکەی. ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت، دوور نییە ببێتە هۆی لەکارخستنی هەمیشەیی هێلکەدان. ئەم حاڵەتەیان بە ئازارێکی توند و لەپڕی حەوز جیادەکرێتەوە.

### چ کاتێک نەشتەرگەریم بۆ دەکرێت؟

کاتێک مەترسیی پێچخواردنی هێلکەدان هەبێت، پزیشک بیر لەوە دەکاتەوە بە نەشتەرگەریی کیسەکە لابدات. ئەگەر کیسێکی سەرسەختیش هەبوو کە دوای سێ سووڕی مانگانەش هەر نەپووکایەوە، یان قەبارەی گەیشتە 10 سم و زیاتر، یان مەترسیی ئەوە هەبوو ئەو کیسە جۆرێک لە گرێی شێرپەنجەیی بێت، رەنگە پزیشک بیر لە لابردنی بکاتەوە بە نەشتەرگەری.

### چۆن رێگە لە دروستبوونی کیس دەگیرێ؟

ئەو خانمانەی حەبی رێگریی لە منداڵبوون بەکاردەهێنن، پرۆسەی دروستکردنی هێلکە سەرکوت دەکەن، بەوەش ئەگەری دروستبوونی کیس کەم دەکەنەوە. بەڵام توێژینەوە نوێیەکان دەڵێن کاتێک کیسەکە دروست بوو، ئەم حەبانە پرۆسەی پووکانەوەی خێراتر ناکەن. بۆیە کاتێک کیس دروست دەبێت، دەرمان رۆڵێکی کاریگەری نییە و باشترە چاودێریی کیسەکە بکرێ و بزانرێ بەرەو کوێ دەڕوات: پووکانەوەی خۆبەخۆ یان گەورەبوون و دروستکردنی ئەو ئاڵۆزکارییانەی ئاماژەمان پێکردن و بەپێی ئەنجامەکەیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

### فرە کیسی

ئەمەیان بڵاوترین هۆکاری منداڵنەبوونی خانمانە بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، ئەمەیان تێکچوونی باڵانسی هۆرمۆنییە و 7%ی خانمان هەیانە. وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، ئەوانەی ئەم حاڵەتەیان هەیە، چەندین کیسیان هەیە. نیشانەکانی ئەم حاڵەتە بریتین لە: تێکچوونی سووڕی مانگانە، دووگیان نەبوون، مووی زیادەی لەش.

وەرزش و چالاکیی جەستەیی و خۆراکی تەندروست یارمەتی چارەسەربوونی ئەم حاڵەتە دەدەن و بەبێ گۆڕینی شێوازی ژیان، چارەسەرە پزیشکییەکان ئەنجامی خوازراو نادەن بەدەستەوە.

### دوای نەمانی سووڕی مانگانە، کیس دروست دەبێ؟

زۆربەی کیسەکان لەو خانمانەدا دروست دەبن کە لە تەمەنی منداڵ دروستکردندان و سووڕی مانگانەیان ماوە، بەڵام دوای نەمانی سووڕی مانگانە و بەتایبەت لەماوەی سەرەتای چوونە تەمەنی نائومێدی، ئەگەری دروستبوونی کیسی هێلکەدان هەیە. توێژینەوەیەک لە ئەمریکاوە دەریخستووە 14%ی ئەو خانمانەی تەمەنیان لە 55 ساڵ زیاترە، کیسی هێلکەدانیان هەیە. بەڵام دوای ساڵێک یەک لەسەر سێی کیسەکان نەمابوون. بۆیە مەرج نییە هەر کیسێک لە دوای نەمانی سووڕی مانگانە پەیدابوو، وەک کیسێکی مەترسیدار و شێرپەنجەیی تەماشا بکرێ.

### کیسی شێرپەنجەیی هێلکەدان

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا، ئەگەری دروستبوونی بارستەی شێرپەنجەیی هێلکەدان زیاد دەکات. توێژینەوەیەک دەریخستووە نیوەی ئەو خانمانەی کیسی شێرپەنجەیی هێلکەدانیان هەیە، تەمەنیان سەرووی 63 ساڵە. لە ئەمریکا ساڵانە 21 هەزار ئافرەت تووشی کیسی شێرپەنجەیی هێلکەدان دەبن. ئەم جۆرە شێرپەنجەیە پێنجەم هۆکاری مردنی خانمانە بە شێرپەنجە لە جیهاندا.

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (381) دووشەممە 2015/11/2

## شوکریە ختوکەی دڵ دەدات



**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

پرۆفیسۆر د.شوکریە ڕەسوڵ پێنج کتێب پێکەوە چاپ و بڵاودەکاتەوە. د.شوکریە ڕەسوڵ بە (ڕووداو)ی گوت "پێنج کتێبی دانسقەم خستە نێو گەنجینەی کتێبخانەی کوردی، کتێبی یەکەم بەناوی کۆمەڵە چیرۆکی بیانی لە زمانی فارسییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. کتێبی دووەمیش بەناوی ختوکەی دڵ کە کۆمەڵە شیعرێکی خۆمە. گەنجینەی کەلەپووری کورد لە خەزێنەی پترسبۆرگ، لە عەرەبییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. هەروەها عادات و رسومەتنامەی ئەکرادیەی مەلا مەحموودی بایەزیدیشم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. کتێبی پێنجەم کۆمەڵە پەخشانێکی هونەرییە بەناوی گەڵاڕێزانی دڵ کە لە دانانی خۆمە".

د.شوکریە هەر پێنج کتێبەکەی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

# دەریا چاوەڕێی ئالانە



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەنـد سـەید ئەحمەد ڕوانـدزی ژەنیـار و ئاوازدانەری کورد، میوزیکێکـی غەمگیـن بەنـاوی "دەریایەک لـە چاوەڕوانیی ئـالان"دا پێشکەشی ئالان دەکات کە لە کەنارەکانی دەریای ئیجە لەگەڵ برایەکی خنکا و (ڕووداو)یش دەبێتە سپۆنسەری بەرهەمەکە.

سەید ئەحمەد ڕواندزی بە (ڕووداو)ی گوت "خنکانی ئـالان لـە دەریـادا زۆر کاریگـەری لەسـەرم هەبـوو، بۆیە میلۆدییەکـی خەمگین لەدایک بـوو. تەنیا میوزیک و هونەرم شـک برد وێنای ئەو کارەساتە گەورەیـە بکـەم، بۆیـە بڕیـارم دا پارچـە میوزیکێک پێشکەشی هەموو ئالانەکان بکەم کە لە ڕێگای کۆچبەریدا گیانیان سپاردووە".

پارچە میوزیکەکە بە ئامێری کەمان و پیانۆ و بە هاوبەشـی لەگەڵ هونەرمەند سەرهەنگ ئیلام ئامادە کراوە. ڕواندزی گوتی "سوپاسـی تۆڕی میدیایی ڕووداو دەکەم کە بووە سپۆنسـەری بەرهەمەکەم. بڕیارە بەم نزیکانە کلیپەکەی لەسـەر ئەرکی خۆیان لە شـوێنی دۆزینەوەی ئالان وێنە بگرن".



# کورد ورچەکەی چیخۆف دەبەنە تونس

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گرووپی شانۆیی ئارارات شانۆگەریی ورچی چیخـۆف بـە زمانی کـوردی لە فێسـتیڤاڵی شانۆیی قرتاج لە تونس پێشکەش دەکەن.

شـوان حەمە سـەعید، ئەندامی گرووپەکە بـە (ڕووداو)ی گـوت "هەفتـەی ڕابـردوو بە فەرمی و بەناوی کوردسـتانەوە داوەتی خولی هەژدەمین فێستیڤاڵی شانۆیی قرتاج بووین لە تونس، لەوێ شـانۆگەریی ورچمان پێشکەش کرد کە بووە مایەی خۆشـحاڵی و سەرسامیی ئامادەبووان".

شوان گوتیشـی "نمایشـەکەی ئێمە لەناو میدیای عەرەبیدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، چەندین ڕاپۆرتی لەسەر کرا و باسی شانۆکارانی کورد بەشێوەیەکی زۆر نایاب کرا".

شوان گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کـە هاوکاریی نەکردوون "سپۆنسـەرمان نەبوو، لەسـەر ئەرکی خۆمان ڕۆیشتین، تەنیا هێرۆخان کەمێک پارەی پێداین".

شـانۆگەریی ورچ لـە نووسـینی چیخۆفە، هەڵکـەوت محەممـەد کاری دەرهێنانـی بـۆ کردووە و کارە تەکنیکییەکانی لەلایەن شـوان حەمەسـەعیدەوە کـراوە. هەریـەک لـە ڕێباز محەممـەد، جـوان بەهائەدیـن و عەلی نامیق ڕۆڵیان تێدا بینی.

# کورد بەشداری تاوانەکانی ئەڵمانیا دەکەن



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**


شـانۆکارێکی کورد لە شـاری ئاخنی ئەڵمانیـا، بەشـداری هەفتـەی چیرۆکی شـانۆیی کوشـتن و تـاوان دەکات و بەشـانۆگەرییەک بەشـداری لە چیرۆکی تاوانەکانی ئەو وڵاتەدا دەکات.

شانۆکاری کورد ئیسـماعیل هەورامی بە (ڕووداو)ی گوت "سـاڵانە لەو شارە هەفتەیەکی شـانۆیی لـە ڕۆمان و چیرۆکی ئەو نووسەرە ئەڵمانانە نمایـش دەکرێت کـە ناوەڕۆکی چیرۆک و ڕۆمانەکانیـان بـاس لە تاوان و کوشـتن دەکەن".

هەورامی گوتیشی "ئەم شانۆگەرییانە بەشـێوازی بەزمئامێـز و بەهاوکاریـی میوزیک و سەما لەسەر شانۆ بەرجەستە دەکرێن کە بەناوی هەفتەی چیرۆکی تاوان دەناسرێ".

بە گوتەی هەورامی، چەندین ئەکتەری بە توانا بەشـداری لـە بەرهەمەکەیدا دەکەن، لەوانەش هونەرمەندانی شانۆکاری ئەڵمانی.

# ئەرگۆشی پێکێک پێشکەشی برادەر دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

سامی ئەرگۆشی تێکستێکی گۆرانی دەداتە گۆرانیبێژ برادەر.

برادەر دەربارەی ئەو تێکسـتە بە (ڕووداو)ی گوت "پاش ئەوەی میلۆدییەکم پێشکەش بە سامی ئەرگۆشی کـرد، بە سوپاسـەوە ئەویش تێکسـتێکی زۆر جوانی بەناوی "پێک" کردە دیاری بۆ من، ئێسـتا گۆرانییەکە ئامادەیە بـۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام دوای ئەوەی کلیپێکی جوانی بۆ دەکەین لە تیڤییەکان پەخش دەکرێ".

بەشـێکی زۆری تێکسـتی گۆرانییەکانی گۆرانیبێژ زەکەریا عەبدوڵڵا، سـامی ئەرگۆشـی نووسـیویەتی. بەپێی زانیارییەکان ئەرگۆشی، دوای زەکەریا تێکستی نەداوەتە هیچ گۆرانیبێژێکی کورد، بەڵام برادەر دەڵێت "وەک خۆشەویسـتییەک بۆ کارەکانـم و هەروەها وەک دۆستێکی نزیکی خۆم، سامی ئەرگۆشی ئەو تێکستەی کـردە دیاری بۆ من، منیش میلۆدییەکم بۆ داناوە و لە نزیکترین کاتدا بڵاوی دەکەمەوە".

# جۆرجییەک کچانی هەولێر فێری نمایش دەکات



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

تامار جاشـی کە نمایشکارێکی بەناوبانگی جۆرجیایە، دەڵێت لەگەڵ کۆمپانیایـەک ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی ئەزموونـی خـۆی لەبـارەی نمایش و مۆدێلەوە بۆ کچانی کورد بگوازێتەوە.

جاشی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "ماوەیـەک لەمەوبەر لەگەڵ کۆمپانیایەکی کوردسـتان گفتوگۆمان کرد و ڕێککەوتین لەسـەر کردنەوەی ناوەندێکـی تایبەت لە هەولێـر بۆ ئەوەی ڕێنوێنـی کچانی کورد بکەیـن و ئامادەیان بکەین بۆ ئەنجامدانی نمایشی جلوبەرگ".

گوتیشـی "بەپێی پرۆژەکە لە بەهاری 2016 کوردسـتان ئامـادە دەبـوو بـۆ سـازکردنی هەفتەی نمایشـی جلوبەرگ، لەگـەڵ چەنـد کۆمپانیـا و دیزاینەرێکـی جیهانیـش بۆ بەشـداریکردن لە هەفتەی نمایشەکە لە هەولێر ڕێککەوتبووین، بەڵام کارەکە دواخرا".

لەبارەی هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکەش گوتـی "کۆمپانیاکـە دەڵێت کوردسـتان تووشـی قەیرانی دارایـی بووە، ئەگەر ئەو قەیرانـە نەبووایـە ئێسـتا من لـە هەولێر دەژیـام و کارم بـۆ ئامادەکردنی هەفتەی نمایشی جلوبەرگ دەکرد".

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ

هەندێک کات ئەگەر بتەوێت گفتوگۆی جوان و شیرین لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەیت کە دەتەوێت سەرنجیان ڕابکێشی. لەگەڵ یەکێـک لە هاوکارانـت ڕێککەوتنێکی نوێ دەبەسـتن. ڕۆژانی چواشەممە و پێنجشەممە خۆت لە هەڵچوون بەدوور بگرە.

### گا

لـەم مانگەدا هەسـت بـە گرنگیی ئەو شـتانە دەکەیت کـە هاوکاریی ژیانت دەکەن، ئەگەر خۆت ڕەشـبین نەکەیت بەربەستت بۆ دروست نابێت. نهێنییەکەت بپارێزە تەنانەت لای نزیکترین هاوڕێکانیش. بە لۆژیک لە ژیانی سۆزداری بڕوانە.

### دووانە

لـەم مانگـەدا گرنگی بە کارکـردن دەدەی و هەوڵ دەدەی ئەنجامێکی باش بەدەسـت بهێنیت، باری تەندروسـتیت باش دەبێتـەوە. سـەفەری کتوپڕ مەکـە، خـەم و دڵتەنگی گرفت چارەسەر ناکەن بەڵکو هەوڵی جیدی بۆ بدە.

### قرژاڵ

لەم مانگەدا بەشـێوەیەکی گشـتی کاتێکی خۆش بەسـەر دەبەیـت، هەرچەندە سـەرەتای مانگ دەبێـت گرنگی زیاتر بە تەندروسـتیت بدەیت و لەگۆڕانی کـەش خۆت بپارێزیت، بەڵام لایەنی سۆزداری پڕە لە گەشبینی.

### شێر

ئەگەر پلانێکت نەبێت گۆڕانکاری بەئاسـانی ڕوونادات، لەم مانگەدا لێکدانەوە بۆ چەند بیرۆکەیەکی باش دەکەیت و بڕیاری جێبەجێکردنی یەکێکیان دەدەی. بۆ کارەکانی ئێستا سوود لە پەیوەندییە زۆرەکانی ڕابردوو دەبینی.

### فەریک

لـەم مانگـەدا پەیوەنـدی و دیدارتان زۆر دەبێـت و گفتوگۆی زۆری لێدەکەوێتەوە، پێویسـتە بزانیت هەرکەسـێک بەپێی تێگەشـتنی خۆی مامەڵەی لەگـەڵ بکەیت نەک بەپێوەری بیرکردنەوەی خۆت. فرسـەتی سۆزداری گرنگت بۆ دەستەبەر دەبێت.

### تەرازوو

پەلەکـردن هەمـوو کارە باشـەکان تێکدەدات، باشـترین چارەسـەر بۆ هەموو گرفتەکان گفتوگۆیەکی ژیرانەیە، سوود لـە ئامۆژگاریـی نزیکەکانـت وەربگـرە. پەیوەندییەکی دوور ئاسوودەییەکی زۆرت پێدەبەخشێ.

### دووپشک

لەم مانگەدا تیشکی هەتاو لە کەلوەکەت دەبێت، لە هەموو هەنگاوەکانت هەست بە گەشانەوە دەکەیت، کارەکانت باشتر بەڕێوەدەچن و چالاک دەبیت، باشترین بەرنامە هەڵبژێرە بۆ جێبەجێکردن چونکە دەتوانی ئەنجامی بدەیت.

### کەوان

پێشنیاری کارێکی نوێت بۆ دەکرێت کە ناوبانگێکی باشتری هەیە. ڕایەکی نوێ دەبیستی کە بەتەواوی سەرنجت ڕادەکێشێ و بیرکردنەوەت دەگۆڕێت. لەڕووی پەیوەندی سۆزدارییەوە هەست بە دڵنیایی ناکەیت.

### گیسک

بیرۆکەکانـت بابەتی نوێیـان تێدایە، بـەڵام ناتوانی کاتی تەواویان بۆ تەرخان بکەیت. دۆخەکان ئارام دەبنەوە و دەتوانی بیر لە گەشتێک بکەیتەوە کە ئاسوودەت بکات. کاتێکی باشە بۆ دەسکەوتی دارایی و لە هەوڵەکانت کەمتەرخەم مەبە.

### سەتڵ

سـوودی هەندێـک کار لەسـەرەتای دەسـتپێکردنەوە دەرناکەوێـت، بەڵکو دەکەوێتە سـەر هـەوڵ و ژیری. هەوڵ بدە کۆنترۆڵی تەواوی هەستەکانت بکەیت، زیاتر خۆڕاگر بە، خەڵکانی بەرامبەر هەڵچوونەکانت وەک خاڵی لاوازی بەکاردەهێنن.

### نەهەنگ

لەم مانگـەدا پەیوەندییـە دوورەکانت زیاد دەکات، پلەو پایەکی بەرزترتان دەبێت و خەڵـکان بـە چاوێکـی گـەورە دەتانبینن. بۆ ئـەوەی گرفتت لەگەڵ خێزانەکەت هێور ببێتەوە بە شێوەیەکی نەرمتر مامەڵەیان لەگەڵ بکە.

# دەستدان لە ئەندامی زاوزێی منداڵ*

بەرلەوەی باسی کاردانەوەی منداڵ بەرامبەر ئەو شوێنانە بکەین کە نابێت دەستیان لێ بدرێت، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە منداڵ دەبێت فێر بکرێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لێی، هیچ کەسێک بۆی نییە تەنانەت ماچیشی بکات. دەبێت دوای ئەوەی منداڵ تێگەیێندرا کە لەشی تایبەتە بە خودی خۆی، ئەوەش فێر بکرێت کە هیچ کەسێک (دایک و باوکیش) نابێت دەست لە لەشی بدەن تا مۆڵەتی لێ وەرنەگرن.

ڕاستە منداڵ بەشێکە لە دایک و باوک، بەڵام تاکێکی سەربەخۆیە و دەبێت ئەمەی بۆ بسەلمێندرێت. دایکان و باوکان، دوای تەمەنی چوار پێنج ساڵان، دەبێت بەر لە ماچکردنی منداڵ، مۆڵەتی لێ وەربگرن بە گوتنی "دەتوانم ماچت بکەم؟" تاوەکوو هەستی ئەوەی کە لەشی منداڵ تایبەتە بە خۆی، لە ناخیدا بچەسپێنرێ.

ئەو منداڵەی هەموو کەسێک بە ئارەزووی خۆی دەست لە لەشی دەدات و ماچی دەکات، منداڵێکی لاواز دەردەچێ. هەروەک فێری ئەوە نابن کە کاردانەوە بنوێنن لە کاتێکدا دەست لەو شوێنانەیان درا کە نابێت دەستیان لێ بدرێت.

لە دوای تەمەنی چوار ساڵانەوە، منداڵ دەبێت فێری کاردانەوە بکرێت بەرامبەر ئەو شوێنانەی کە نابێت کەس دەستیان لێ بدات، بەتایبەتی ئەندامی زاوزێ. منداڵێک کە پەروەردەی ڕەگەزیی وەرگرتبێت، ڕاستەوخۆ کاردانەوە پیشان دەدات ئەگەر کەسێک دەستی لە ئەندامی زاوزێی یاخود کۆمی دا. دەبێت منداڵ بۆی ڕوون بووبێتەوە کە دەستدان لەو شوێنانەی لەشی قەدەغەیە.

بمانەوێت یان نەمانەوێت، دایکان و باوکان تا تەمەنی چوار ساڵان، دەست لە تەواوی لەشی منداڵ دەدەن. لە گەرماو، تەوالێت یاخود لەکاتی جلوبەرگ گۆڕینی منداڵدا، دەستیان بەر ئەندامی زاوزێی منداڵ دەکەوێت. بەڵام دوای چوار ساڵان، دەبێت ئەمە سنووردار بکرێت و کەم بکرێتەوە. دەبێت هەستی کاردانەوە بەرامبەر بەو شوێنانە لە ناخی منداڵدا بچەسپێنرێ.

ئەم ئەرکە تەنیا هی دایک و باوکان نییە. بەڵکو دەبێت تەواوی ئەو کەسانەی کە نزیکن لە منداڵەوە، لە دوای تەمەنی چوار ساڵانەوە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و سنوورەکانی منداڵ نەبەزێنن. خۆشەویستیی منداڵ بەوە نییە کە بەردەوام ماچی بکەیت و دەست لە شوێنە هەستیارەکانی لەشی بدەی و یاری پێبکەیت. ئەم جۆرە کارانە، هەستی کاردانەوەی منداڵ دەشکێنێ و بەبێ خواستی خۆی، دەستدان لە هەموو شوێنێکی لەشی ئاسایی دەبێت لەلای.

گۆڕینی پەڕۆ، دایبی و جلی ژێرەوەی منداڵ پرسیاری زۆر لەلای دایکان و باوکان دروست دەکەن. زۆرێک لە دایکان ئەم پرسیارەیان لادروست دەبێت: "ئاساییە بە بەرچاوی خوشک و برا گەورەکانییەوە منداڵ بگۆڕم؟"

ئەگەر منداڵەکان لە ڕەگەزی جیاواز بن یاخود لە تەمەنی هەرزەکاریدا بن، نابێت منداڵ بەبەرچاوی ئەوانەوە بگۆڕدرێت. ئەگەر بە بەرچاوی کچێکی چوار ساڵانەوە جلی ژێرەوەی کوڕێک بگۆڕدرێت، سەرسام دەبێت و لە مێشکە بچوکەکەیدا دەیان پرسیاری بێ وەڵام دروست دەبێت. بەلایەوە سەیر دەبێت کە بۆچی لەشی براکەی لە هی ئەو جیاوازە. دەیەوێت بزانێت بۆچی براکەی لە ئەو جیاوازە، هەربۆیە هەوڵ دەدات دەست لە جیاوازییەکە کە ئەندامی زاوزێیەتی بدات. ئەگەر لەو کاتەشدا نەتوانێت، کاتێک کە بە تەنیا مایەوە هەوڵ دەدات دەستی لێ بدات.

لەبری ئەوەی ئەو پرسیارە بێ وەڵامە بخرێتە مێشکی منداڵەوە و تووشی سەرسوڕمان بکرێت، باشترە منداڵ لە شوێنێک بگۆڕدرێت کە برا و خوشکە گەورەکانی نەیبینن. زۆرێک لە دایکان وای بە باش دەزانن کە کاتێک جلی ژێرەوەی کچەکەیان دەگۆڕن، باوکیان ئامادە نەبێت. ئەمە هەستێکی ناپێویستە و ئاساییە بە بەرچاوی باوکەوە جلی ژێرەوەی منداڵی خوار تەمەن چوار ساڵان بگۆڕدرێت. بەڵام باشتر وایە بەردەوام یەک کەس کە دایکە جلەکەی بگۆڕێت. کارێکی زۆر خراپە ئەگەر هەرجارێک کەسێکی جیاواز جلی منداڵ بگۆڕێت، باشترە کە دایک بیگۆڕێت. ئەگەر ئەویش نەتوانێت، کەسێکی تر، باوک یان خوشک و برا ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (ڕووداو) بڵاودەکرێتەوە.**



## شێوەئاخاوتن لە ڕۆماندا

# ئایا کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان، دەبێ زمانێکی هاوبەشیان هەبێ؟

**حەمە مەنتک**

کارەکتەر وەکو توخمێکی سەرەکیی ڕۆمان، جووڵێنەری ڕووداوەکانە. کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دەژین، دەمرن، دەخۆن، دەخۆنەوە و تووڕە دەبن، بەردەوام لەڕێی پەیڤەکانیانەوە دەیانەوێت خۆیان نمایش بکەن. تەکنیکی پەیڤینی کارەکتەر دیالۆگە. دیالۆگیش بە هەموو جۆرەکانییەوە، چ ڕاستەوخۆ، چ ناڕاستەوخۆ، یان خۆدواندن و تەنانەت مەنەلۆگیش، زمان خولقێنەری هەموو ئەمانەیە.

دەمەوێ بپرسم ئایا کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان، دەبێ زمانێکی هاوبەشیان هەبێ؟ ئایا هەموویان دەبێ بە زمانێکی ستاندارد بدوێن؟ ئەدی زمانی هەر کارەکتەرێک ڕۆڵی لە دیاریکردنی پێگەی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر کارەکتەرێکدا نییە؟ وەرامی هەموو ئەم پرسیارانە بەرەو ئەوەمان دەبات کە کارەکتەری ڕۆمان وەکو "باختین" دەڵێ: بوونێکی کۆمەڵایەتین و پەیڤیشیان، پەیڤێکی کۆمەڵایەتییە.

زۆر لە زمانانی دنیا، لە چەند شێوەزارێک پێکهاتوون. هەر شێوەزارە تایبەتمەندیی فۆنەتیکی و ڕێزمانی خۆی هەیە. تەنانەت ریتمی وشەکانی لە ریتمی وشەی شێوەزارێکی دیکە جوایەزە. شێوەزارەکانی هەر زمانێک فۆنەتیک و یاسای ڕێزمانی هاوبەشیان هەیە. لە ڕۆماندا ناکرێ هەموو کارەکتەرەکان بە یەک شێوە بدوێن. دەکرێ زمانێکی هاوبەشیان هەبێ، بەڵام هەر کارەکتەرە بەپێی شوێنی ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی خۆی قسە بکا. دەبێ هەر کارەکتەرێک بە وشەیەک، یان شێوە قسەکردنێک لە کارەکتەرێکی دیکە جودا بکرێتەوە. ئەگەرنا خوێنەر چۆن کارەکتەرەکانی لە زەیندا دەمێنێتەوە. بۆ کارەکتەری ڕۆمانی کوردی، بە دەگمەن نەبێ لە زەین و خەیاڵی خوێنەردا نامێنێتەوە؟

بوونی شێوەزار بۆ دیالۆگ، ڕەنگاوڕەنگی بە ڕۆمان دەدا. کەسێکی تاوانکار، هەمیشە لە شێوەی قسەکردنیدا فەزایەکی تاوانکاری هەیە. هەمیشە ئەو وشە و ڕستانەی لەسەر زارە کە فەزا و بۆنی تاوانکارییان لێ دێ. کەسێکی بازرگان، قسە و پەیڤی پێوەندی بە بازرگانی و پارەوە هەیە. بوونی شێوەزار بۆ ئاخاوتن ناسنامەی کارەکتەرە، شێوازی قسەکردنی ئەو کارکتەرە نیشان دەدا. ئەگەر "کۆلفێلد" لە ڕۆمانی (پاسەوانێک لە مەزرا)ی "سالینجەر" بە شێوەزاری خۆی نەدوێ، فەزای ڕۆمانەکە دەشێوێنێ. دەبێ وەکو هەرزەکارێک بدوێ. ئەو وشە و ڕستانە بەکاربێنێ کە هەرزەکارەکان بە کاری دەهێنن. "ئەستەر" لە ڕۆمانی (من ناوم سوورە)ی "پامۆک"دا وەکو ژنێکی ئاسایی و کوتاڵفرۆش شێوەی ئاخاوتنی لەگەڵ کارەکتەرێکی دیکەی وەکو "شەکوورە"، کە کچی نیگارکێشی بەناوبانگی سوڵتانە، جوایەزە. هەموو کارەکتەرەکانی ناو ئەو ڕۆمانە هەر لە (قەرە، بکوژ، زاوا، پەپوولە، لەقلەق، زەیتوون و... تاد) هەر یەکەیان شێوە ئاخاوتنی خۆی هەیە. کەواتە خوێنەر لەڕێی شێوەی قسەکردنەوە کارەکتەرەکان لە یەکدی جودا دەکاتەوە.


یەکێ لە کارە سەختەکانی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەیە. ئاخر ناکرێ بۆ هەموو کارەکتەرەکان یەک شێواز وشە هەڵبژێری. "یەشار کەمال" ناتوانێ فەزای شار لە ڕۆمانەکانیدا بخولقێنێ، ڕێک پێچەوانەی "پامۆک". ئەو وشانەی "یەشار" بۆ کارەکتەرەکانی هەڵدەبژێرێ، وشەگەلێکن خوێنەر دەبێ سەروکاری لەگەڵ ژیانی گوند و چیاوچۆڵدا هەبووبێ. کارەکتەرەکان وەک مرۆڤی گوند دەپەیڤن. لە ڕۆمانی عەرەبیدا، "نەجیب مەحفووز" لە ڕۆمانەکانیدا ئەو زمانە عەرەبیەی پێیدەڵێن فوسحا بەکاردێنێ، هەرچی "تۆفیق حەکیم"ـە سوود لە زمانە گشتییەکەی ناو خەڵک دەبینێ.

یەکێک لە گرفتە هونەرییەکانی ڕۆمانی کوردی بە گشتی، بوونی یەک شێوە ئاخاوتنی کارەکتەرەکانە. بەدەگمەن نەبێ کارەکتەری ڕۆمانی کوردی هەموو وەکو یەک دەپەیڤن. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ڕۆماننووس هێندەی خەمی گەیاندنی تێمەکەیەتی، هێندە لە خەمی ئێستاتیکای کارەکتەرسازی و زمانی ڕۆمانەکەدا نییە. ئاخر تا ئێستایش جوایەزی لەنێوان شێوە قسەکردنی "محەممەدی دڵشووشە" و "یاقووبی سنەوبەر" و "سەریاسی سوبحدەم" لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی "بەختیار عەلی"دا ناکەم. هیچ قسەیەک نییە، یەکیان پێ بناسمەوە. بۆ نموونە "محەممەدی دڵشووشە" دەڵێ: ((لە هەموو شتێک گرنگتر من دڵم لە شوشەیە، لە شوشەیەکی زۆر ناسک، بچوکترین دڵشکان دەمکوژێت- من کەسێکم لە شوشە، کە شکام ورد دەبم، کە وردیش بووم پارچە بەجێدەهێڵم، کە پارچەشم بە جێهێشت دەبم بە مەردوویەکی بەد... ل١٨)) با تەماشای قسەی "یاقووبی سنەوبەر" بکەین. ((لە بیابان زەوی دەستکورت و هەژارە، لەبەر ئەوە مرۆڤ کاتێکی زۆری هەیە بیر لە گەردوون بکاتەوە، کاتێکی بێئەندازە درێژی هەیە بیر لە ئاسمان و ئەستێرە و خۆر و خودا بکاتەوە، ناکۆتا سەیری لم بکا... ل٢١)). هەردوو کارەکتەر یەک ریتم قسە دەکەن. ریتمێکی فەلسەفیانە. بە درێژایی ڕۆمانەکە شێوازێکی قسەکردن تایبەت بۆ یەکێک لە کارەکتەرەکان نییە. تەنانەت "خوشکە سپییەکان" هەموویان یەک شێوازی قسەکردنی ئاینییان هەیە. تەنانەت وەکو ژنێکی ئایینی قسە ناکەن، بەڵکو وەکو مەلایەک، واتە ریتمێکی نێرانەیان هەیە. ئاخر مەلاژن، یان ئەو ژن و کچانەی بۆ نموونە لەناو حیزبە ئیسلامییەکاندا کار دەکەن، شێوازی قسەکردنیان لەبارەی ئایینەوە جوایەزە لە پیاوێکی ئایینی. تەنانەت شێوازی قسەکردنی کادیرانی حیزبە ئیسلامییە توندئاژۆکان، لەو حیزبە ئیسلامییانەی گوایە میانڕەون جوایەزە.

ئەم گرفتە وەرگێڕانی ڕۆمانیشی گرتووەتەوە. سەرلەهەوڵ، وەرگێڕ بۆ وەرگێڕانی دەقی هەر ڕۆماننووسێک دەبێ کەم و زۆر شارەزای تەکنیک و شێوازی ئیشکردنی ئەو ڕۆماننووسە بێ. زۆربەی وەرگێڕی کوردی، ئەم لایەنە ڕەچاو ناکەن. ئاخر وەرگێڕان، تەنێ گواستنەوەی تێمە و ناوەڕۆک نییە، گواستنەوەی شێوازی نووسین و تەکنیکی هەمان دەقیشە. بۆ نموونە ڕۆمانی (پاییزی پەترێرک)ی "گابرییێل گارسیا مارکیز" لە وەرگێڕانی "موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی" وەردەگرم.


دەکرێ ڕۆمانێکی "مارکیز" کە لە کوردیدا ژمارەی لاپەڕەکانی (410) لاپەڕەیە، بە چوار مانگ وەربگێڕدرێ؟ ئەگەر تەنێ مەبەستی بازرگانی نەبێ چی دیکەیە! لەو (410) لاپەڕەیە، لە ڕستەی یەکەمەوە بە چ شێوازێک و کوردییەکەوە هاتووە، تا کۆتایی بەو شێوازە ڕۆیشتووە. من دەپرسم دەبێ لە دەقە ئۆرجیناڵەکەی "مارکیز" هەموو کارەکتەرەکان هەمان شێوازی ئاخاوتنیان وەک لە کوردییەکەدا هەیە، هەبێ؟ تەنانەت فەرماندە سەربازییەکان وەکو کارەکتەرێکی ئاسایی دەپەیڤن، لە کوردییەکەدا هەست بە هیچ ریتمێکی سەربازی لە وشەکاندا ناکەی. خەمی هەرە گەورەی نموونەی ئەم وەرگێڕە، بازرگانیکردنە، بە بەڵگەی ئەوەی تەنێ ئەو ڕۆمانانە وەردەگێڕێ کە ناویان لەسەر زارانە. ئێستایش (خوا بە خێری بگێڕێ) ڕۆمانی (دەنگ و تورەیی)ی "ولیەم فۆکنەر"ی وەرگێڕاوە. دەمەوێ بڵێم لە وەرگێڕانی دەقی ڕۆماندا، دەبێ لەگەڵ کارەکتەرەکان بژیت. ئایا شێوازی ژیانیان، هەڵسوکەوتیان، ئاخاوتنیان چۆنە؟ تاکو هەمان شێواز لە کوردیدا بدۆزیتەوە. ئاخر ناکرێ دوو کارەکتەر لە ڕۆمانێکدا هەمان شێوە ژیان و شێوەئاخاوتنیان هەبێ.





# لەبارەی کلاسیزم و مۆدێرنیزمەوە







**بەسام مستەفا**

مەحموود دەروێش (1941-2008) کە یەکێکە لە سیمبولەکانی شیعری نوێ لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، کاتێک تووشی نەخۆشیی دڵ بوو (کە دواتر بووە هۆکاری مردنیشی) تەنیا خەمی شتێکی خوارد و خۆی گەیاندە شاعیرێکی کلاسیکی سەردەمی بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام کە ئەویش تەرەفە کوڕی عەبد (543-569) بوو. دەروێش لەوە ترسا بمرێت و جارێکی تر نەتوانێ دیوانەکەی بخوێنێتەوە! لەمەوە نوێگەرییەکەی دەروێش راستەقینە بوو، چونکە رەگ و ریشەکانی لە قووڵایی کانی کلاسیکدا بوون.

ئەگەرچی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمی کوردی لەبارەی ئەدەبیاتەوە، وەکوو زۆربەی بوارەکانی دیکەی ژیان هێشتا روون نییە و دیار نییە، وەلێ خاڵی هەرە گرنگ لەو رووەوە ئەوەیە کە مۆدێرنیزم و نوێگەری لە بۆشاییدا دروست نابن و دەبێ ستوونەکانی، یان رەگەکانی بە قووڵایی خاکێکی بەهێزدا چووبنە خوارەوە. چونکە سەرچاوەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم بە چەمی کلاسیکدا تێدەپەڕێت.

گەلۆ ئێمە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی تێر بووین؟ یانژی لە کانیی روون و لەبەر رۆیشتووی کلاسیک تێرمان خواردووەتەوە تاوەکو روو لە نوێگەرییەکی تەندروست و پتەو بکەین؟ بێگومان دەتوانین بە باڵەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییەوە بەرەو مۆدێرنیزم و نوێگەری بەڕێبکەوین.

نوێگەری خۆی رادەستی مێژوویەکی قووڵ و دەوڵەمەند دەکات، یاخود پێشاژۆیەکی مێژوویی دوور و درێژە و لەخۆوە پەیدا نابێت، بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ و سەردەم بە سەردەم پێکدێ، بۆ ئەوەی خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو و تایبەتمەند نیشان بدات. لەبەر ئەوە نوێگەری بێ مێژوو، بێ قووڵایی و رەگ و ریشە، وەک کەسێکە کە تەباری نازانرێ و لەو گۆڕە هەتیو کەوتووە.

ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی وەکو کانییەکی زەلاڵ و سەرکردوو هەرگیز چک ناکات و تا هەتایە دەمێنێتەوە، دەکارێ ببێتە پێگەیەکی بەهێز و قایم بۆ بنیاتنانی پەیوەندیی تەندروست و پێویست لەنێوان کۆن و نوێ، یان کلاسیزم و مۆدێرنیزمدا.

ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی باسی هەموو بوارەکانی ژیان، بەپێی کات و سەردەمی خۆی کردووە، وەلێ گرنگی ئەو ئەدەبیاتە تەنیا لەو سەردەمەدا نامێنێتەوە کە باسی دەکات، بەڵکو تاوەکو ئەمڕۆ درێژ دەبێتەوە و هەر دەمێنێتەوە. باوەڕ ناکەم مرۆڤ هەرگیز لە خوێندنەوەی دیوانی کەسانی وەکو جزیری، نالی، فەقێ تەیران و مەحوی تێر ببێت.

فەلسەفەی ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێمە و روانگەکەی بۆ ژیان زیندووە و وەکو گەڵای دارانی هەمیشە سەوز، سەوزە و هەرگیز زەرد و کۆنینە نابێت، ئەگەرچی تەنکە تۆزێکیشی لەسەر نیشتبێت، لەسەرمانە ئەو تۆزە بسڕین و درەوشانەوەی بۆ بگێڕینەوە. چونکە تاوەکو کلاسیزمی تێر و دەوڵەمەندی کوردی بەباشی نەخوێندرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرێ، نوێگەری هەمیشە بە کێماسی و ناتەواویی دەمێنێتەوە.

ئەو گەلانەی کە گەیشتوونەتە قۆناغی مۆدێرنیزم، هەموو قۆناغەکانی پێشتریان بڕیوە و لێیان تێربوون، بۆیە دەتوانین بڵێین لەبەر ئەم هۆیەیە کە ئەوان گەیشتوونەتە ئەو خۆڕسکییە، یان دەکەوێتە چوارچێوەیەکی سروشتیی پێشڤەچوون لە هەموو بوارێکدا، بەڵام ئێمە کە ئێستا باسی مۆدێرنیزمی کوردی دەکەین، پرسیارێک دێتە پێشەوە: گەلۆ ئێمە هەموو قۆناغەکانی کلاسیزممان بینیون و تێپەڕاندوون؟

وەک نموونەیەک، بەڵێ کەسێکی وەکو جگەرخوێن (1903-1984) پێویستە تێپەڕێندرێ، بەڵام خودی تێپەڕاندنەکە گرنگ نییە، هێندەی کە چۆنیەتی تێپەڕاندنەکە گرنگە.

پێویستە مرۆڤ بە هەستیارییەوە لەبەرامبەر کەسایەتییەکی وەها بجولێتەوە و بە راست و چەپ قسە فڕێ نەدات.

زێڕ تا کۆنتر بێ، بەهادارترە، باوانی کلاسیزمی ئێمەش ئەو زێڕە کەڤنارەن، ئەو شەرابە کۆنینەن کە تا کات و دەوران تێدەپەڕن وەکو شیلانی دەم جۆبارەکان گەشتر دەبنەوە. لەبەر ئەوە دەتوانین نوێگەرییەکی تەندروست و خۆخەملیو، لەنێو دەریای ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆماندا بدۆزینەوە و گەشەی پێبدەین.



# ئامۆژگارییەکانی کورت ڤۆنیگەت لەمەڕ نووسینی چیرۆکی باش



"تەنیا لەپێناوی دڵخۆشکردنی کەسێکدا بنووسە. ئەگەر پەنجەرەیەک بکەیتەوە و ئەڤین بۆ جیهان بخولقێنی، تا لەوێوە قسە بکەیت، ئەوا چیرۆکەکەت تووشی خیزەخیزی سییەکان دەبێت."

ساڵانێکی زۆر خوێندنەوە و نووسینی باش لەژێر فەرووی کەروێشکە جادووییەکانەوە سەر دەرناهێنێ، بەڵکوو لە ئامۆژگاریی نووسەرە مەزن و بەناوەکانی جیهانەوە سەرچاوە دەگرێت. کورت ڤۆنیگەت- ئانارشیست، دیدەنیکاریی ئەندێشەیی مردووەکان و رۆحە دڵتەنگەکان- یەکێکە لەو ناوە دیارانە و لێرەدا ئاماژە بە هەشت خاڵ دەکەین دەربارەی چۆنیەتی چیرۆکنووسین کە ڤۆنیگەت پێی وایە دەبنە هۆی لەدایکبوونی چیرۆکی باش.

1. هەموو کاراکتەرێک دەبێت شتێکی گەرەک بێت، تەنانەت ئەگەر گڵاسێک ئاویش بێت.
2. لانی کەم کاراکتەرێک بدە بە خوێنەر کە وی یان وێ بتوانێ لایەنی بگرێت.
3. تەواوی کاتی کەسێکی نائاشنا (خوێنەر) بەکاربێنە بە وەها رێگەیەک، کە وی یان وێ هەست نەکات کاتی لەکیس چووە.
4. هەموو رستەیەک دەبێت یەکێک لەم دوو شتە ئەنجام بدات- دەرخستنی کاراکتەر یان پێشڤەچوونی رووداو.
5. بەجۆرێک بنووسە وەک بڵێی لە کۆتایی نووسینەکەتەوە نزیکیت.
6. کەسێکی سادیست بە. هیچ گرنگ نییە چ شیرین و چ بێگوناهن کاراکتەرە سەرەکییەکانت. وا بکە شتی ناخۆش و تۆقێنەریان بەسەردا بێت، بۆ ئەوەی خوێنەرەکان بتوانن ببینن کە کاراکتەرەکان لە چی سازێنراون.
7. تەنیا لەپێناو دڵخۆشکردنی کەسێکدا بنووسە. ئەگەر پەنجەرەیەک بکەیتەوە و ئەڤین بۆ جیهان بخولقێنی، تا لەوێوە قسە بکەیت، ئەوا چیرۆکەکەت تووشی خیزەخیزی سییەکان دەبێت.
8. هەرچی زوو بێت باشترە بەپێی پێویست زانیاری بدەیت بە خوێنەرەکانت. تا دڕدۆنگی و وروژاوییەکانیان بڕەوێنەوە و دامرکێنەوە. خوێنەر دەبێت ئەم چەشنە تێگەیشتنە تەواوەی لەلا گەڵاڵە ببێت کە چ باسە و چ روودەدا، لەکوێ و بۆچی، کە خۆیان بۆ خۆیان دەتوانن چیرۆکەکە تەواو بکەن، پێویستە سیسرکەکان دوایین لاپەڕەکانی کۆتایی بخۆن.

لە پاش ئەو هەشت خاڵەی سەرەوە، ڤۆنیگەت، لەمەڕ ئەو بابەتەی هەڵیدەبژێریت بۆ نووسین، دەڵێت "بابەتێک ببینەوە خۆت گرنگی و بایەخی پێ بدەیت و لە دڵتەوە هەست بەوە بکەیت ئەوانی دیکەش بایەخی پێدەدەن. سەرەڕای ئەوەی پەلەپەلت لێ ناکەم رۆمانێک بنووسیت، بەهەرحاڵ ئەگەر بشینووسیت من هیچ بەداخ نابم، ئەوە مانای ئەوەیە تۆ بایەخ بە بابەتێک دەدەیت."

لەمەڕ ئاسانیی زمانی نووسینیشەوە، دەڵێت "بۆ بەکارهێنانی زمان، ئەو دوو گەورە مامۆستایەی زمانت لەبیر بێت. ویلیام شەیکسپیر و جەیمس جۆیس، رستەگەلێکیان دەنووسی کە منداڵانە بوون، بەڵام بابەتەکانیان گرنگترین و قووڵترینەکان بوون."

"بەزەییت بە خوێنەردا بێتەوە" ئەمە قسەی ڤۆنیگەتە و پێی وایە خوێنەر دەبێت هەزاران نیشانە و خاڵی سەر کاخەز بناسنەوە و دەستبەجێ لە مێشکی خۆیاندا مانای بۆ بدۆزنەوە. دەڵێت ئەوان ناچارن بخوێننەوە و ئەم دەردەشەیە دەبێت لە کۆتاییدا ددان بەوەدا بنێت کە هەڵبژاردە ستایلستیکەکانی ئێمە وەک نووسەر نە بێ شومارن، نە سیحری و هەقایەتی.

ڤۆنیگەت لەبارەی ترس و ئازادیی نووسینەوە، دەڵێت "هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئێمەی ئەمەریکایی لەژێر سایەی دەستوورێکی بێ هاوتادا حوکم دەکرێین، دەستوورەکە رێگەمان پێ دەدات هەرچی دڵمان کەیفی پێی دێ، بینووسین بەبێ ئەوەی ترسمان لە سزا هەبێت. جا بۆیە مانابەخشترین لایەنی ستایڵی ئێمە ئەوەیە کە هەرچییەک هەڵدەبژێرین بۆ نووسین لەبارەیەوە، بێ ئەملاوئەولا بێ سنوورە."

**ئامادەکردنی: هەژار عوسمان**

***کورت ڤۆنیگەت، رۆماننووس و ساتیریستێکی ئەمەریکاییە و لە 11ی نۆڤەمبەری 1922 لە ئیندیاناپۆلیسی ویلایەتی ئیندیانا لەدایک بووە. بەدرێژایی 50 ساڵ نووسین 14 رۆمان، 3 کۆمەڵە چیرۆک، 5 شانۆنامە و 5 کتێبی دیکەی بڵاوکردەوە. ڤۆنیگەت بە رۆمانی "قەسابخانەی ژمارە 5" و دیوی تاریکی تەنزئامێز لە نووسینەکانیدا دەناسرێتەوە. 11ی ئەپرڵی 2007 لە تەمەنی 84 ساڵانیدا کۆچی دوایی کرد.**

# سێکس لەنێوان هەمان ڕەگەزدا



**حەمەسەعید حەسەن**

زۆر لە بانگخوازان، ددان بەوەدا نانێن، جەستەی ژنیش، پێویستی بەوە هەیە چێژی پێ بگات و ئەو چێژوەرگرتنە جەستەییە، گوڵی رۆح دەگەشێنێتەوە، ئاخر رۆح و جەستە تەواوکەری یەکترین و هەر یەکێکیان هەست بە برسێتی بکات، لەوی تریاندا رەنگ دەداتەوە. دەڵێن: موزیک خۆراکی رۆحە، بەڵام بەدەم گوێگرتن لە موزیکەوە، هەر رۆح نا، جەستەیش هەست بە ئاسوودەیی دەکات. گوایە لەو دونیا حەفتاودوو حۆری کە هەر یەکێکیان حەفتاودوو دەستەخوشکی هەیە، کە دەکاتە پێنج هەزار و سەد و هەشتاوچوار مێیینەی جوان، لە دەوری ئامێری نێرینەی پیاوێکی بە بەهەشت شادبوو، خڕ دەبنەوە، بەڵام باسێک لەوە نییە، پادداشتی ئافرەتی بە بەهەشت شادبوو، لەرووی پێویستیی سێکسییەوە چییە؟

بە گوێرەی میسیۆلۆژیای شارستانییە دێرینەکان، ئیدی هی گریک بووبێت، یان هی وەڵاتی نێوان دوو زێ، بەرلەوەی ئایینە ئاسمانییەکان بێنە کایەوە، نێر و مێ بە یەکسانی چێژیان لە سێکس دەبینی و ئازادانە بەستەی ئەوینیان دەچڕی، ئەوە بۆیە ئەدەبی ئێرۆتیک، یەکێکە لە هونەرە هەرە دێرینەکان. ئەو سەروەختە، ئارەزووە سێکسییەکانی ئینسان، کانیاوێکی روون بوو، ئاخر هێشتا دەستی کاهین و واعیز لێڵیان نەکردبوو. ئەوە ئایینی عیسا بوو، نەفرەتی لە چێژ کرد و ئامانجی سێکسی تەنیا لە وەچەخستنەوەدا خڕ کردەوە. ئەوە کریستیانیزم بوو، پاکیزەیی بە پیرۆز کرد و تەنانەت پۆڵس پێغەمبەر پێی وابوو: (ئەگەر بتوانین، باشترە توخنی سێکس نەکەوین.)

ئیسلام باوەڕی بە ئێرۆس هەیە، ددان بەو پێویستییە جەستەیی و رۆحییانەدا دەنێت کە بە سێکس پڕ دەکرێنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی پتەو و رێکخراو و لەژێر چاودێریدا. ئیبن سینا، هەزار ساڵێک بەر لە هەنووکە گوتوویەتی: (سەرکوتکردنی ئارەزووی سێکسی، نەخۆشیی دەروونی لێ دەکەوێتەوە.) ئەو ئیسلامناسە، لایەنگری چێژوەرگرتن و چێژبەخشینی سێکسی بووە و گوتوویەتی: سێکس نیعەتێکە خودا بە ئینسانی بەخشیوە. لای ئیسلام ئەوە رەوشتێکی چاک نییە، ئەگەر ئینسان، خۆی لە هاوسەرگیری بدزێتەوە. لە کەلەپووری ئیسلامدا چەندان کتێب لەبارەی سێکسەوە رووهەڵماڵراوانە نووسراون، بەڵام نزیکەی هەموویان، وەها وێنەی ژنیان کێشاوە، وەک عەقڵی لەنێو (کێلان)ی دابێت و وەک ئارەزوویەک بێت، لەسەر دوو پێ بڕوات. تیجانی پێی وایە: (دەستی هیچ چێژێک، بەو لەززەتەدا ناگات کە ژن بە پیاوی دەبەخشێت.) نەفزاوی لە کتێبی (باخی بۆندار)دا وەها دەست پێ دەکات: (ئەوپەڕی چێژی پیاو لە زێی ژندایە و ترۆپکی چێژی ژنیش لە وانێکی پیاودا.)

هەرچەندە ژن دەبێت: (لە ئاستی پیاوی نامەحرەمدا چاو دابخات، جوانییەکانی خۆی لە غەیری مێردەکەی پیشانی پیاوی دیکە نەدات و پارێزگاری لە زێی خۆی بکات،) (وقل للمؤمنات یغچچن من ابـ×ارهن ویحفقن فروجهن ولا یبدین زینتهن الا لبعولهن. نوور ٣١) بەڵام ئەوە رێگە پێ دراوە، ژنانی بە تاڵانی گیراو (سەبایا) لە بازاڕدا پیشان بدرێن و کڕیار مافی ئەوەی هەیە، نەک هەر سەیری هەموو جێیەکی لەشیان بکات، بەڵکوو دەتوانێت، وەک خەریکی کڕینی ئاژەڵ بێت، دەست بۆ هەستناکترین شوێنی جەستەیشان ببات! پارادۆکس ئەوەیە لە سایەی حوکمی دەوڵەتی ئیسلامدا، لە بازاڕدا کڕیار دەست بۆ مەمکی ژنی کۆیلە دەبات، بەڵام نووسینی ئەدەبی ئێرۆتیک بە تابوو لە قەڵەم دەدرێت. کڕینی ئافرەتی بە کۆیلەکراو لە بازاڕدا و جووتبوون لەگەڵیدا کە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تا سەرهەڵدانی داعش پێڕەو کراوە، لە بەشەرعیکردنی لەشفرۆشی بەولاوە، هیچی دیکە نییە.

هیچ وەڵاتێک هێندەی پاکستان، بەرانبەر بە هاوڕەگەزخوازی بێ تۆلێرانس نییە، بەڵام لە هیچ کوێی دونیایش، دیاردەی هاوڕەگەزخوازی هێندەی لەوێ هەیە، بەربڵاو نییە. لە هەر شارێکی ئەو وەڵاتە، ئیسلامی سیاسی بەهێز بێت، سێکسکردن لەگەڵ هاوڕەگەزدا بەربڵاوە. پرۆفیسۆر داگ ئوستاین ئێندخوێ لە کتێبی (سێکس و ئایین)دا دەڵێت: (لەوێ ئەوانەی سێکس لەگەڵ پیاواندا دەکەن، زۆربەیان خاوەن ژن و منداڵن! لەوێ لە سەددا چل و نۆی شۆفێرانی بارهەڵگر، سێکسیان لەگەڵ نێردا کردووە، هەرچەندە ژنیشیان هەبووە.) لە ئێران بە گوێرەی توێژینەوەیەک کە لە 2009 دا کراوە، لە سەددا بیست و چواری ژنان و لە سەددا شازدەی پیاوان، سێکسیان لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیاندا کردووە.

هەرچەندە لە روانگەی مزگەوتەوە، هاوڕەگەزخوازی قەدەغەیە، بەڵام لە دونیای ئیسلامدا دیاردەیەکی زەقە. لە خۆرئاوا دژایەتیکردنی هاوڕەگەزخوازان بەڵگەیە بۆ نەبوونی تۆلێرانس. پاپای پێشوو، بێندیکتووسی شازدەیەم دەیگوت: هاوڕەگەزخوازی وێرانکردنی کاری خوایە، بەڵام تۆماس رۆسیکا کە هەنووکە گوتەبێژی ڤاتیکانە، دەڵێت: هاوڕەگەزخوازان کوڕ و کچ و برا و خوشک و هاوڕێ و هاوسێی ئێمەن. کە پارهاوین، هاوسەرگیریی نێوان هەمان رەگەز، لە ئەمریکا بوو بە یاسایی، بەو بۆنەیەوە کۆشکی سپی، بە بەرگێک لە رەنگەکانی پەلکەزێڕینە رازێنرایەوە!

ساڵانی هەشتا کە ئایدز لە ئیتاڵیا بڵاو بووەوە، سێیەکی ئەوانەی تووشی هاتن، قەشە بوون. بۆچی ئیسلامی سیاسی کەیفی بە رشتەی مرواری نایەت، هەرچەندە عەلائەدینی سەججادی، کە بە هەق ئیسلامناس بوو، نووسیویەتی؟ چونکە بەڵگەنامەیەکە گەواهی لەسەر هەبوونی نێربازی لە نێوان فەقێیان و مەلایاندا دەدات. ئایا ئەوەیان بەدئاکارییە هاوڕەگەزخوازی مۆڵەتپێدراو بێت؟ یان بە ئاشکرا قەدەغە و بە نهێنی بەربڵاو بێت؟ هاوڕەگەزخوازان لە دونیای ئیسلامدا بۆ دوورخستنەوەی گومان لە خۆیان، کچ بن، مێرد دەکەن و کوڕ بن، ژن دەهێنن، بەڵام بە نهێنی هەر هاوڕەگەزخواز دەبن، با دایک یان باوکی منداڵانیش بن.

22ی ئۆکتۆبەری 2015
ستۆکهۆڵم

(١) احمد الفخراني، السیر عکس مجری النهر ١٦ اکتوبر ٢٠١٥ السفیر الپقافی، بیروت.
(2) Jonas Gardell، Mosken den arabiska garderoben، Expressen 11 oktber 2015 Stockholm.
(*) لای خۆرئاواییەکان، ئەوە زادەی بڕی هۆرمۆنێکی تایبەتە، ئەم دەبێتە هاوڕەگەزخواز و ئەو نابێت.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# هێڵی سوور هێڵی لۆف

چۆن بزانین کورد پێشکەوتووە؟ بە چیدا بزانین پەراوێزی ئازادیی لە کوردستاندا برۆکەک عەیب نەبێ تەسک یان فشۆڵ بووە؟ تۆ تەماشایەکی ئەم بیست و پێنج ساڵە بکە. دوور مەڕۆ، کەی بە چارەکی ئێستا باسی هێڵی سوورمان کردووە؟ چەند ساڵ شەڕمان بۆ ئازادیی کرد تا دوایی بە هێڵە سوورەکان بەرتەسکیان بکەینەوە؟

کورد قسەی زۆرە و عەمەلی کەم، ئەوە بۆیە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی نیمچە تەمبەڵخانەیەکە، سەندیکای رۆژنامەنووسانیش خاوەنی نزیکەی دە هەزار ئەندامی کارایە.

جاران هەر بارزانیی نەمر هێڵی سوور بوو، ئێستا بەڕێز مەسعود بارزانییش. جاران هەر مام جەلال هێڵی سوور بوو، ئێستا هێرۆخانیش هەوە. جاران هەر عەلی باپیر هێڵی سوور بوو، ئێستا سۆران عومەریش. قەول بوو کاک نەوشیروانیش هێڵی سوور نەبێ، کەچی کاک یوسفیش بووە هێڵی سوور. جاران رەخنە لە خوا و پێغەمبەر هێڵی سوور بوو، فەلاقە و شاربەدەرکردنی بەدواوە بوو، ئێستا رەخنە لە کۆلکە مەلایەکی نەخوێندەواریش. لە سەروەختی ئۆڵبرایتدا هەر دیگەڵە هێڵی سوور بوو، دەمی کێری، پردێش هاتە سەری.

خۆ رەنگی سوور هەموو جار خەراپ نییە، ئەگەر هێڵ نەبێ. ئەها زۆربەی پارێزەرانی هێڵی سوور، هەیانە شەوی سوور. با دوژمنیان لەبەردەم هاتبێتە لەرزە، لە مێژووماندا بە دەستی خۆمان کوشتوومانن دەیانی وەکوو عەولا سوور. جا توخوا شووتی سوور نەبێ بەکەڵکی چی دێ؟ تا خوا بیدا سوورە ماسی، چت داوە لە سوورەداڵ (1). بەبیرم دێ بۆ بینینی پێشمەرگە حەشاماتێ روویانکردە سووورداش، تۆ لەوە گەڕێ هیوای خەڵکەکە جوان و زەریف کرایەوە سنووورداش. خۆ کورد هەرگیز نەیبووە وەکی باقی عالەم لەشکرێ، تێناگەم لەکوێمان هێناوە ئەم حەمکە کەوا سوور. پارتی تۆزقاڵێ هیوای بەراگەیاندن مابووایە، عەیب نەبێ هەر هەموویان نەدەخستە ناو دەستی کاک مەحمووده سوور.

جا قوربان ئیتر ئا ئەمەیە چیرۆکی کورد لەگەڵ رەنگی سوور، بەڵام ئەوەی ئێستا تەنگی بەو تۆزقاڵ ئازادییەی کوردستان هەڵچنیوە، هەڵکشانی ژمارەی هێڵە سوورەکانن، ئاخر قەول بوو نەتەوە هێڵی سوور بێ نەک نەوت. یاسا باڵادەست بێ نەک یاسای باڵادەست. گەل هەو بێ نەک گەڵ. قوربان هێڵی لۆڤمان بۆ زیاد بکەن نەک هێڵی سوور با هەناسەیەک بدەین و نیشتیمانمان خۆش بوێت، نەک بەهای وڵات یەکسان بێ بە نرخی توور.

**(1) سوورەداڵ، جۆرە داڵێکە بەڵام ئەمیان گۆشتخۆر نییە**



عارف قوربانی

# کورد بەنیازی چییە؟

ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە، خەریکە خۆمان شەرعیەتی دامەزراوە نیشتمانییەکانمان ناهێڵین، ئەوەی کە لە سەرەتای بیناکردنیانەوە دوژمنانی کورد بۆی لە بۆسەن.

ساڵی 1991 بەرەی کوردستانی دەیتوانی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی کوردستان کە لە راپەڕین رزگارکرابوون و دوای کۆڕەوەکە لەدەستی بەرەدا مابوونەوە، حکومەتێک بە بەشداریی لایەنەکان دابمەزرێنێ و شەرعیەتی دامەزراندنی کابینەیەکی لەو جۆرەی هەبوو، وەک چۆن بینیمان لەدوای پرۆسەی ئازادی لە عێراق یەکەم کابینەی حکومەت و یەکەم خولی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتیش بەبێ هەڵبژاردن و بە (تەعین) دامەزران، بەرەی کوردستانیش دەیتوانی حکومەتێک بەو جۆرە دابمەزرێنێ، بەڵام رێگەی هەڵبژاردنی گرتەبەر و لە 1992 یەکەم ئەزموونی حوکمڕانی و یەکەم دەزگای تەشریعی بە پرۆسەی هەڵبژاردن بەرهەم هێنا.

لەو کاتەوە لەگەڵ پەیداکردنی دۆست و پشتیوانێکی زۆر لە رۆژئاوا کە ئومێدی ئەوەیان لەسەر کوردستان بیناکرد ببێتە ناوەندێک بۆ دیموکراسی و بڵاوبوونەوەی بەناوچەکەدا، بەڵام نەیارێکی زۆریش پەیدابوون و ترسیان لەوە هەبوو کە ئەم دامەزراوە شەرعیانە ببنە بناغەی حوکمڕانییەکی پتەوی خۆبەخۆی کوردی و ئەگەر نەشبێتە هەوێنی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبێتە پاڵپشت و هاندەر بۆ کوردی پارچە داگیرکراوەکانی تری کوردستان. بۆیە لە سەرەتاکانی کەوتنە سەرپێی ئەم دامەزراوانەوە تا ئێستا نەیارگەلێکیش هەن خوازیاری ژێرەوژوورکردنین، سەرەتا توانییان ئاگری شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنن و چەندین ساڵ لەم بەشەی کوردستان براکان خوێنیان لە جەستەی یەک مژی.

سەرباری ئەو کێشەو لێکەوتانەی لەو شەڕە ناوخۆییە کەوتەوە، لە لەکەدارکردنی ئەزموونی حوکمڕانی و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی حکومەت و پەرلەمان، لە دروستبوونی دوو ئیدارەیی و دابەشبوونی ئەم بەشەی کوردستان بەسەر دوو زۆنی زەرد و سەوز، بەڵام سەرئەنجام رەوایەتی ناوخۆیی و تاڕادەیەک نێودەوڵەتیش بەم دامەزراوانە درانەوە و دواجار لە دەستووری عێراقیشدا وەک دامەزراوەی شەرعی و دیموکراسی چەسپێنران.

لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشدا مامەڵەی هاوشێوەی دەوڵەتی دانپێدانراو لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێت، نوێنەرایەتی دەیان وڵات لە هەرێم کراونەتەوە و لە چەندین وڵاتی گەورە و کاریگەر لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی، نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان هەن. بەڵام نەیارەکانیشی هەر ماون و بە رێگەی جۆراوجۆر دەیانەوێ بنکۆڵی مەشروعیەتەکەی بکەن.

مەبەستمە بڵێم سەرباری کەموکوڕییەکان و ناتەواوی لە پرۆسەی دیموکراسی، سەرباری بوونی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان و ناسەروەربوونی یاسا، بەڵام هێشتا جیهان بە چاوێکی جیاوازتر لە وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و رێز و پێگەی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە.

کەچی خۆمان خەریکە لەکەداری دەکەین.

تەشەنوجێکی سیاسی زیاد لە پێویست دروستکرا کە ئەنجامەکەی پێچەوانەی خواستی خوڵقێنەرانی بوو. لێکەوتەکانی بۆ بەشێک لە لایەنەکانی ناو گەمە سیاسییەکە چاوەڕواننەکراو بوون. ئەوەش لە ئەنجامی باش یەکتر نەخوێندنەوەو یەک نەناسین و نەزانینی توانا و هێزی یەکترییەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەهەرحاڵ ئەوەی پەیوەستە بە جۆری کێشەکان و چۆنێتی گرتنەبەری رێگەی چارەکردنیان، دەکرێت لە دەرفەتی تر و لە بابەتی پەیوەست بەخۆی قسەیان لەبارەوە بکەین، بەڵام دەخوازم سەرنجی خوێنەران و خەمخۆرانی ئەم کوردە بەدبەختە بۆ ئەوە رابکێشم کە ئەوەی دەگوزەرێت و ئەو ئەنجامانەی چاوەڕێ دەکرێن بێنە پێش، نەهێشتنی شەرعیەتی دامەزراوە شەرعیەکانمانە. ئەوەش مەترسیەکی زۆر گەورەترە لە ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکانی ترمان.

هەرچەندە ئەم مەترسیە دەرئەنجامی کێشە و ناکۆکییەکانی ناوماڵی خۆمانە، بەڵام دەبێت ئەوە بە یادی خۆمان بهێنینەوە کە لە رۆژانی شەڕی ناوخۆ و بەتەرەفکردنی داگیرکەرانی کوردستانیش لە ململانێ ناوخۆییەکان، بە ئەندازەی ئێستا کار بۆ نەهێشتنی شەرعیەتی دامەزراوەکان نەکراوە. ئەوکات پارتی و یەکێتی بە جیا شەڕیان بوو لەسەر خۆ بەخاوەنکردنی دامەزراوە شەرعیەکان و رەوایەتیدان بەخۆ کە شەرعیەتی ئەو دامەزراوانە لای منە. کەچی ئێستا دۆخەکە جۆرێکی ترە و کارکردنە بۆ نەهێشتنی مەشروعیەتی دامەزراوە نیشتمانییەکان.

پێشتر بینیمان لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا چی گوزەرا، زۆرترین رێکار گیرایە بەر بۆ نەهێشتنی شەرعیەتی ئەو دامەزراوەیە. دواتر دەبینین بە ئاراستەیەکی تردا دەویسترێت شەرعیەتی پەرلەمانیش نەهێڵدرێت. لە راگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان و هەڵپەساردنی وەزیرەکانی گۆڕانەوە، ئێستا حکومەتیش کەوتووەتە ناو ئەو دۆخەوە کە حکومەتیش شەرعیەتی نەماوە.

هەر بەڕاست کورد بەنیازی چییە؟ ساڵێک پێش ئێستا باسی کۆنگرەی نەتەوەییمان دەکرد و لیژنەمان پێکهێنابوو بۆ ئامادەکاریی بەستنی کۆنگرە. باسی سەربەخۆیی ئابووری و گرتنەبەری رێکارەکانی پێکهێنانی کۆمیسیۆن و دەستەی راپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی گەرم بوو.

ئایا ئێستا خۆمان لێوە دیارە لە کوێین؟ لەبری کۆنگرەی نەتەوەیی خەریکە یەکڕیزی و هاوپەیمانێتیەکانی ئەم پارچەیەش لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە، لە پرسی سەربەخۆیی ئابوورییەوە خەریکە دەمانبەستنەوە بە بەغداو لە پرسی دەوڵەتەوە خەریکە شەرعیەتی دەزگا شەرعیەکان ناهێڵین. ئایا کاتی ئەوە نییە بەرپرس و سیاسییەکانی ئەم هەرێمە لە خۆیان بپرسن خەریکی چین؟



ماجید نووری

# تێگەیشتن لە تەون و رایەڵەکانی فەرشی ئێرانی

ئەڵمانیا شانبەشانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، نیگەرانە لەوەی مووشەکی بالیستیی (عیماد) بە ئاسانی توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمی هەبێت.

بە گوتەی بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئێرانی، ئەم مووشەکە لەناو ئێران دروستکراوە و تا ئەوکاتەی ئامانجەکەی دەپێکێت، دەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ. وڵاتانی خۆرئاوا ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە بە شکاندنی بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەزانن.

بەپێی بڕیارێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە هیچ جۆرێکی تاقیکردنەوەی مووشەکی کە بتوانێ کڵاوەی ئەتۆمی هەڵبگرێت، ئەنجام بدات.

لەلایەکی دیکەوە حوسێن دێهقان، وەزیری بەرگریی ئێران رایگەیاندبوو، ئێران بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرگری و مووشەکیی خۆی مۆڵەت لە کەس وەرناگرێ و بەردەوام دەبێت. دیپلۆماتکاران پێیان وایە ئەگەر پێشێلکارییەکانی ئێران بسەلمێندرێت، رەنگە لیژنەی گەمارۆ ناوی چەندین کۆمپانیای دیکە بخەنە سەر لیستی گەمارۆکان، لەو بڕوایەشدان رووسیا و چین دژی وەها بڕیارێک بوەستنەوە.

هەر بە پشتبەستن بەو دوو کوچکەیەی جیهان، چەند مانگێک لەمەوبەر ئێران دیمەنی بنکەیەکی مووشەکیی خستەڕوو کە لە قووڵایی 500 مەتر لەژێر زەویدا بنیات نراوە، عەمید ئەمیر عەلی حاجی زادە، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی سەر بە سوپای پاسداران رایگەیاند کە ئەم مووشەکانەی ئێران لە قووڵایی ژێر زەویدا پارێزراون، بە گوێرەی گوتەی حاجی زادە بێت، لە هەموو پارێزگاکان، بنکەی هاوشێوە هەیە و هەموو جۆرە مووشەکێکی تێدایە کە بۆ هەڵدان ئامادەکراون و لە چاوەڕوانیی فەرمانی رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیدان، ئەمەش بۆ خۆی هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە تا ئەو ئاستەی کە خۆرئاوا پێیوایە تەوەری چەکداریی شەیتان هەڕەشە لە ئاشتیی جیهانی دەکات. بە پێچەوانەی ئەوەش، ساڵی 2009 لە خولی دانوستاندنە ئەتۆمییەکاندا سەعید جەلیلی، ئەمینداری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بە خافییر سۆلانا، بەرپرسی پێشووی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپای گوتبوو: "کاری دیپلۆماسی وەک فەرشی ئێرانی وایە، موو بە موو دەچێتە پێشەوە، ورد ورد، هێواش هیواش، پوخت، رێکوڕاست، بەڵام ئینشەئەڵڵا لە کۆتاییدا شتێکی جوان دروست دەبێت"، رەنگبێ عیماد و شەهاب بەشێک بن لە نەخشی فەرشە جوانەکە!

شەش ساڵ بەسەر ئەو قسە شاعیرانەیەی جەلیلی-دا تێپەڕ دەبێت و تیمی دانوستاندنکاری ئەتۆمیی ئێران بەسەرپەرشتی جەواد زەریف و هاوڕێکانی کەم کەم و وردە وردە چوونە پێشەوە، کۆتاییەکەشی ئەوە بوو لە بەرەبەیانی 14ی یۆلیۆی ئەمساڵدا، جیهان بە هەواڵی لەدایکبوونی رێککەوتنێکی سەیر و سەمەرە بێدار بوونەوە.

جەواد زەریف هەر لە ئەمریکا دکتۆرای لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا هێناوە، بە دیپلۆماتکارە رێویەکەی ئێران نێودەبرێ، وەک قەوام سەڵتەنەیە کە ستالینی فێڵبازی فریو دا، یان محەممەد موسەدەق کە بە خۆماڵیکردنی نەوت، مێشکی ئینگلتەرەی تێکدا. جەواد زەریف توانی گرێکوێرەی ئەتۆمیی ئێران بکاتەوە، دوا شەوی دانوستاندنی نێوان ئێران و خۆرئاواییەکان، گفتوگۆ و هێنان و بردنێکی زۆر روویداو، کاتێک موگرینی دەنگ بەرز دەکاتەوە و دەیەوێ دانیشتنەکە جێبهێڵێ، زەریف پێی دەڵێ: "بە بیرت بێنمەوە، هەرگیز هەوڵ مەدە ئێرانییەکبترسێنی".

راستیەکەی ئەمە رێککەوتنی نێوان تاران و واشنتن بوو، رێککەوتنێک وەک گرکانێک بۆ سووتاندنی دەوروبەری ئێران کە هەرێمی کوردستانیش لەپاڵیدا شێوەی بێچووە شێرێکە لە پاڵ شێرێکی درندەی نێرینەدا و شێرە نێرینەکە بۆ حیلەوگەمەی لەگەڵ هەرشێرە دایکێکدا، ئامادەیە بێچووەکان هەلا هەلا بکات، ئەم رێککەوتنە بەلایەکی جیۆپۆلەتیکی و کۆدێتایەکە بەسەر هاوکێشەی جیۆستراتیژیی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هەتا دەگاتە رۆخی دەریای ناوەڕاست. واتە ئیدی ئەستەمە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئێران پەراوێز بخەن وەک ئەوروپییەکان، یان دوژمنایەتی بکەن وەک ئەمریکاییەکان، ئیدی ئەمریکا و ئەوروپییەکان باش لەوە تێگەیشتوون، شەڕەقۆچیان لەگەڵ تاران سوودێکی نییە و نابێ ناوچەکە بەرەو جەنگێکی ماڵوێرانکەر پاڵبنێن، ئەگینا بەرژەوەندییەکانیان لە نەوت و وزەو ئاسایشی ئیسرائیل تووشی کێشە دەکات، واتە بیریان کردووەتەوە لە دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و مەزهەبیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە پێدانی رۆڵی کاریگەر و هەژموونگەر بە ئێران.

رەنگە ئەم خۆبەدوورگرتنەی خۆرئاوا لە شەڕەقۆچ، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ناچار کردبێت لە پاش ئەو بارەگا سووتاندنانەی پارتی لە ناوچەی ژێر هەژموونی دراوسێ ئێرانیەکەیدا، بە سەردانێکی فەرمی بگاتە تاران. ئاگربەردان لە بارەگاکانی پارتی بەدەستی ئەوانە نەبوو کە بە هاندانی هەندێ لە راگەیاندنەکانی زۆنی سلێمانی فریو درابوون، بەڵکو شقارتە و دەبە بانزینەکان و هاندەری پشتەوەیان خودی ئەو زاتانە بوون کە بەبێ ئێران لەناو سلێمانیدا ناتوانن بێنە بەر قاپی ماڵی خۆیشیان، ئیتر خۆرئاواش ئەگەر لە مەودای نزیکدا ئێرانی وەک دەوڵەتێکی ئەتۆمیی قبووڵ نەبێ، بەڵام تازە وەک دەوڵەتێکی گەورە قبووڵی کردووە.

ئێران وەک دەوڵەتێکی شەریکی زلهێزەکانی لێهات، بەتایبەت لە ململانێ و گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوچەکە بەرەو قۆناغێکی تر دەبات، لەمەودوا پێوەندییەکانی نێوان ئێران - خۆرئاوا - عەرەب - تورک - شیعە ..تاد شکڵێکی تری دەبێت، لەم نێوەندەدا حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی ئێران مل لەبەر ملی نەنێت، ناچارە چاوێکی وردبینانەتر بەو پێوەندیانەی خۆیدا بخشێنێتەوە، گەرچی ئێرانیش لە مێژوودا پێشێلکارییەکی زۆروزەبەنی دەرهەق بە مافی نەتەوەی کوردی بندەستی خۆی هەبووە، هەمیشە دژ بەو خواستە خۆرسکەی کوردی باشووری کوردستانیش بووە لە ئاواتی گەیشتنیان بە سەربەخۆیی، بەڵام دیارە دیدی کورد بە فەرشی ئێرانی ئاشنا بووە و شتێک لە کۆدە ئەهریمەنیەکانی ناو تەون و رایەڵەکانی تێدەگەن، نزیکبوونەوەی هەرێم و ئێران هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا، چونکە ناوچەکە بەپێی ئەو بەرنامەیەی تاران و واشنتن دادەڕێژرێتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی مەترسیی داعش سەرتاپای ناوچەکەی داپۆشی و وێنەی عەرەب و تیرۆریست لە ئاوێنەی خۆرئاوادا وەک دوو رووی یەک دراو دەبینرێن، ئەمەش ئەو قەناعەتەی هێناوەتە کایەوە کە دەبێ وردتر سەرچاوەی هەڕەشەکان دیاری بکرێن، بە هەمان مانا بەلای حکومەتی هەرێمەوە لە ئێستادا داعش پێش ئێران، هەڕەشەیەکی گەورەترە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نەک ئێران و بەرنامە ئەتۆمیەکەی.

هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئەوەشە کە ئیدیعای رێکخراوە خۆرئاواییەکان لە کرانەوەی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەوانەش نەتەوەی کورد بەم نزیکبوونەوەیەی ئێران و ئەمەریکا چیتر جێی بایەخپێدان نین، لەکاتێکدا خۆرئاوا لە رۆژگاری پێش هاتنی خومەینی و هەر لە ئیدارەکەی جێمی کارتەرەوە ئێرانیان بەم بابەتانە رەخنەباران دەکرد.

دیارە سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەو بابەتە دوورتر دەڕوانێت و نایەوێت جارێکی تر مێژووی نسکۆ لە کوردستان دووپات ببێتەوە، چونکە خۆرئاوا لە نێوان مافی مرۆڤ و بەرژەوەندیی خۆیدا، هەمیشە دووەم هەڵدەبژێرن و گوێی خۆیان لە مەسەلەکانی تر کەر دەکەن، دوای رێککەوتننامەی جەزائیر کاتێک مستەفا بارزانی لۆمەی ئەمریکاییەکان دەکات کە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان دەستبەرداری مەسەلەیەکی مرۆیی و ئەخلاقیی گرنگی وەک شۆڕشی ئەیلول بوون، لە وەڵامدا هنری کیسنجەر دەڵێ: ئێمە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ناکەینە قوربانی مافی مرۆڤ.

هیچ دوور نییە جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمەریکاش بە نەوەکەی مەلا مستەفا بڵێت: رێککەوتنی ئەتۆمی ناکەینە قوربانی سەربەخۆیی هەرێمەکەتان..



د.فەرسەت سۆفی

# برینەکانی جەستەی کۆمەڵگە

ئەو کاتەی ناکۆکی و ململانێی سیاسی لەنێوان هێزە سیاسییەکان دەچێتە قووڵایی کۆمەڵگە و توورەیی خەڵک وەک کارتی فشار بۆ بەدەستهێنانی تەنازولاتی سیاسی بەکاردەهێنرێت، ئەو کاتە هەم سیاسەت لە رەوتی راستەقینەی خۆی لادەدات و هەم کۆمەڵگەش دابەش دەکرێت.

ململانێی سیاسی لە نێو هێزە سیاسییەکان چەندی گەورەش بێت، لە ئەنجامدا هەر رێکدەکەون، بەڵام ئەو کاتەی ناکۆکییەکان دەخزێنە ناو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە برینەکان زۆر قووڵ دەبن و تا ماوەیەکی درێژ دەمێننەوە. نزیکەی چوار ساڵ شەڕی ناوخۆمان کرد، بەڵام هێزە سیاسییەکان رێککەوتن، کەچی ئەو برینانەی کەوتنە جەستەی کۆمەڵگە تا ئێستاش سارێژ نەبوونە.

ئەمڕۆش مەترسییەکانی دابەشکردنی کۆمەڵگە لە ئاکامی ململانێی سیاسی زۆر جدین، ئەگەر بەری پێنەگرین، ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر مەترسی.

ناکۆکییە سیاسییەکان خەریکە رق و کینەی قووڵ دەخاتە نێو شارەکان، بە ئاشکرا لەسەر زمانی کەسە سیاسییەکان بانگەشە بۆ قووڵکردنەوەی فەرهەنگی شارچێتی دەکرێت.

ئەوە قووڵکردنەوەی برینە کاتێک بە ئاراستەیەکی سیاسی داڕێژراو لایەنگر و ئەندامانی گەورەترین حیزبی سیاسی بە کۆیلە لە قەڵەم بدەن و خۆشیان بە ئازاد و ئازادیخواز، ئەم سیاسەتی رەش و سپیە پانتایی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی زۆر بەرتەسک دەکاتەوە.

برینەکان زۆر قووڵ دەبن کاتێک کە زمانی زبر و جنێوفرۆشی لەسەر رووپەڕی رۆژنامە و شاشەی تیڤی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان شەرعیەت وەربگرێت و ئیتر هەرچی پیرۆزی و سەروەریی سەد ساڵی تێکۆشان و قوربانیدانە هەرزانفرۆش بکرێت.

خاڵی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان بریتییە لە رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، واتە ئەوان ئەمڕۆ نا بەیانی هەر رێکدەکەون، چونکە بەرژەوەندیی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش لە هەرێمێکی فرەحیزبی بۆ ئەوەی سەقامگیری بە دوای خۆیدا بهێنێت، هەر دەبێ دابەش بکرێت. ئەوەندەی من لە کۆبوونەوە پێنج قۆڵیەکان بەشدار بووم، خەم خەمی دابەشکردنی دەسەڵات بوو، بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بە سیستەمی سیاسی و دیموکراسی ئەوەندەی لە راگەیاندنەکان باسیان لێوە دەکرێت، ئەوەندە لە کۆبوونەوەی سازاندا مەترەح نەبوون، بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە بەکارهێنانی توورەیی و ناڕەزایی خەڵکە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی سیاسی کە دواجار رق و کینەو لێکترازانی لێ دەچنینەوە، چونکە کاتێک هێزە سیاسییەکان لێک دەترازێن سازانیان زۆر نزیک و ئاسانە، بەڵام کاتێک کۆمەڵگە لێک دەترازێت، سازانی کۆمەڵگە بە دەیان ساڵی دەوێت، بۆیە لێگەڕێن با ململانێ و ناکۆکیی هێزە سیاسییەکان چیتر جەستەی کۆمەڵگاکەمان شەکەت نەکات.



دانا نەوزەر
dana.nawzar@rudaw.net

# رووداو بەپارە دروست ناکرێت

یەکێک لەو قسانەی کە هێندە دووبارە کراوەتەوە وەک راستیی لێهاتووە، ئەوەیە کە دەڵێت "تۆڕی میدیایی رووداو پارەیەکی باشی بۆ سەرف دەکرێت بۆیە وا پێشکەوتووە". ئەم قسەیە بەشێکی زۆری راستیی تێدایە. ئەگەر پارەی باشت نەبێت، ناتوانیت تۆڕێکی میدیایی گەورەی وەک رووداو بەڕێوەببەی. بەڵام ئەم بۆچوونە لەو شوێنەدا هەڵەیە کە پێیوایە سەرکەوتنی ئەزموونی رووداو تەنیا پەیوەندی بەپارەوە هەیە. ئامانجی من لەم نووسینە مەدح و سەنای رووداو نییە بەڵکو خستنەڕووی خاڵەکانی هێزی رووداوە بۆ رووداوییەکان و بۆ ئەوانەش کە بەئومێدن وەک رووداویان لێبێت.

یەک: رۆژنامەڤان رووداو دروست ناکات، بەڵکو رووداو دەگەیەنێت.

دوو: رۆژنامەڤان نابێت ببێتە رووداو، بەڵکو دەبێت رووداو بگوازێتەوە. بەڵام کاتێک خۆی پەلامار دەدرێت و دەبێتە رووداو، ئەوا نابێت وەک تەرەف و لایەن مامەڵە بکات.

سێ: بۆ ئەوەی خێرا بگەیت بە رووداو، لەسەر شاشەیەک جوان بیخەیتە روو، پێویستت بەپارەیەکی باشە. پارەی باش تەنیا بێژەر و شاشە و ستۆدیۆی جوانت پێدەبەخشێ بۆ ئەوەی هەواڵەکە بگەیەنیت، بەڵام ئەوەی مانا بە هەواڵەکە دەبەخشێ، رۆژنامەڤانە نەک پارە.

چوار: رۆژنامەڤانی باش پێویستی بەپارەی باشە بۆ ئەوەی خۆی بۆ کارەکەی یەکلایی بکاتەوە، بەڵام پارەی باش رۆژنامەڤانی باش دروست ناکات. رۆژنامەڤان کەسێک نییە پارەی زۆری لە گیرفاندایە. ئەو کەسەی پارەی زۆرە، پێی دەگوترێت دەوڵەمەند نەک رۆژنامەڤان.

پێنج: هیچ سیاسییەک لەبەر خوا پشتیوانی دەزگایەکی میدیایی ناکات، بەڵام سیاسی زیریش دەست لە سیاسەتی هەواڵی ئەو دەزگایە وەرنادات کە پشتیوانیی دەکات. کەناڵە حیزبییەکان بە شانازییەوە 24 کاژێر وێنە و هەواڵی سەرکردەکانیان دادەنێن، بەڵام کەس تەماشایان ناکات. کەوابێت هەر سیاسییەک دەیەوێت پشتیوانی پرۆژەیەک بکات تا قەسیدەی بۆ بهۆنێتەوە، هەم کەناڵەکە دەکوژێت، هەم خۆی.

شەش: کەناڵێک بەوە نابێت بە نیشتیمانی کە گۆرانی بۆ پێشمەرگە لێبدات، بەڵکو بەوە دەبێتە نیشتیمانی کە ئەرکی رۆژنامەڤانی خۆی راپەڕێنێت. گەیاندنی هەواڵ وەک خۆی لە زۆرترین خاڵی وڵاتەوە گەورەترین ئەرکی نیشتیمانییە رۆژنامەڤانێک پێی هەستێ.

حەوت: جیاوازیی رۆژنامەڤانی و عەشق ئەوەیە، لە عەشقدا هەم گرنگە متمانەت پێبکەن، هەم گرنگە خۆشیان بوێی، بەڵام لە رۆژنامەڤانیدا پێوەری سەرکەوتن متمانەیە نەک خۆشەویستی. چەند زۆرن ئەو ماڵانەی لەبەر هەر هۆکارێک بێت رووداویان خۆشناوێت، بەڵام تەنیا متمانەشیان بە رووداوە.

رووداو بێ کەموکوڕی نەبووە، خەڵکێکی تێدایە کە هێشتا دەستیان لە عادەتەکانی سەردەمی جاهیلی هەڵنەگرتووە، بەڵام بەگشتی توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لەوەی شاشەیەکی جوان بە هەواڵی مانادار و هاوسەنگ بخاتەڕوو. نهێنیی شاشە جوانەکە، پارەی باشە، بەڵام نهێنیی بەهێزی و هاوسەنگیی هەواڵەکانی، بوونی رۆژنامەڤانی باشە کە خەمی یەکەمیان ئەوە نییە سەرکردە و حیزبەکەیان زەرەر نەکەن، بەڵکو ئەوەیە کە هەواڵەکە بەخێرایی و بەدروستی و بەچڕوپڕی بگەیەنن بە بینەرەکانیان. هەر بۆیە رووداو سنوورەکانی شەخس و شاری تێپەڕاندووە.

"بە پارە خانوو دەکڕیت نەک ماڵ، کاتژمێر دەکڕیت نەک کات، نوێن دەکڕیت نەک خەو، کتێب دەکڕیت نەک مەعریفە، بە پارە دکتۆر دەگریت نەک تەندروستی، پێگەت دەبێت نەک رێز، خوێن دەکڕیت نەک ژیان، سێکس دەکڕیت نەک خۆشەویستی". دەزانم، ئێستا کە ئەو رستانە دەخوێننەوە سەر دەلەقێنن و دەڵێن ئەشهەدوبیللا راستە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بێزارن، چونکە رۆژ نییە هاوڕێیەکتان ئەو قسانە لە فەیسبووکەکەی خۆی دانەنێ. بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە قسەیەکی دیکەش بۆ ئەو زنجیرەیە زیاد بکەین: بە پارە، ستۆدیۆی باش دروست دەکەیت نەک رووداو.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



عومەر عەلی غەفوور

# دۆخی کوردستان و بەرپرسیارێتیی ئەمەریکا

ئەگەرچی کورد زۆر جار بووەتە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی زلهێزان، بەڵام وا نزیکەی چارەکە سەدەیەکە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی تاکە زلهێزی دنیا، واتە ئەمەریکادا جووت بووە و ئەو دەوڵەتە بووەتە باوک بۆ کورد و دەیپارێزێ: لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان لە بەهاری 1991دا پەناگەی ئارامی ناسراو بە "پرۆڤاید کۆمفۆرت"ی دانا و لە ڕژێمی سەدامی پاراست تا ڕژێم ڕووخا، یازدە ساڵ پاشتر و لە ئابی 2014 جارێکی تر کوردستانی لە مەترسییەکی تری هاوشێوە و ڕەنگە گەورەتریش پاراست، کە پاراستنی بوو لە داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە.

ڕەنگە لەبەرئەو دوو پاراستنە لە هێزی دەرەکی زۆر بیرمان بۆ پاراستنێکی تر نەچێ کە بایەخی لەوانە زیاتر نەبێ کەمتر نییە، ئەویش ڕزگارکردنی بوو لە شەڕی ناوخۆ و پاراستنی بوو لە سەرهەڵدانەوەی لە بیست ساڵی ڕابردوودا. بیرم دێ چەند ڕۆژێک بەر لە دوو تەقینەوە خۆکوژیەکەی مەڵبەندی یەکێتی و لقی پارتی لە هەولێر لە 1ی شوباتی 2004، بەینی ئەو دوو حیزبە زۆر گرژ بوو، بەشێوەیەک بۆنی شەڕی لێ دەهات، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە تەلەڤزیۆنێکی حیزبەکەیەوە ڕاشکاوانە گوتی، شەڕ ڕوونادات، لەبەرئەوەی ئەمەریکا لێرە حاکمە و ڕێگە نادات. ئەوکاتە ئەمەریکا زۆر توند بوو، هەرکەس سەرپێچی بکردایە، پلەوپایەی هەرچی و هەرکێ بووایە، دەمەونخون کەلەپچەی دەکرد و (گونیە)ی دەکرد بەسەریدا (پێموابێ هەر لێرەیشەوە بوو هێزی پێشمەرگە ئەوکات نەیتوانی وەک ئێستا بچێتە کەرکووک و کۆنترۆڵی بکا).

ئەم کارەی ئەمەریکا بۆ ئێمە خێرە یان بازرگانی، ئەخلاقە یان بەرژەوەندی؟ زۆر گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بزانین ئایا ئەم پاراستنە هیچ پەیوەندییەکی بە سروشتی سیستمی سیاسی و ئیداریی هەرێمی کوردستانەوە هەیە کە دیموکراسی و ئازاد بێ نەک تاکڕەوی و سەرکوتکەرانە، یان نا؟

زۆرجار چ لە میدیای ڕۆژئاوا و چ لەوانەی خۆمانەوە باس لەوە دەکرێ کە ئەمەریکا بۆیە کورد دەپارێزێ لەبەرئەوەی ئەزموونێکی دیموکراسیی ناوازەی هەیە و تاکە دۆستی جێباوەڕی خۆرئاوایە لەم ناوچەیەدا. دیارە (مەفهوم موخالەفە)ی ئەم بۆچوونە ئەوەیە ئەگەر ئەو ئەزموونە لەو ڕاستە شەقامەی دیموکراسی لایدا، پاراستن و هاوپەیمانییەکەی ئەمەریکایش لەدەست دەدات. بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟

هەڵە نەبم لەساڵی 2004دا بوو گەورە بەرپرسێکی ئەمەریکی (ناوەکەیم بیر نەماوە) کارەکەی لە کوردستان تەواو بوو، بەو بۆنەیەوە دیدارێکی لەگەڵ بەرپرسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان لە هوتێل هەورامان-ی شاری هەولێر ڕێکخست، برادەرانی ئامادەبوو ئەوکات زیاتر بەرپرسانی میدیاکانی پارتی و نزیک لە پارتی بوون، من نەبێ کە وەک بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی حیزبێکی تر لەوێ بووم، بەندە لێم پرسی: خەڵک چاوەڕێ بوو کە ئەمەریکا هات، زیاتر برەو بە دیموکراسی بدات و تاکڕەوی و قۆرخکردنی دەسەڵات نەمێنێ، کەچی ئێوەیش هەر مامەڵە لەگەڵ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دەکەن و ئیمتیازاتیان بەسەردا دەبەخشنەوە، بۆ ئێرە بەرنامەتان چییە؟ ڕاستیەکەی خەریک بوو خۆی لە وەڵامی پرسیارەکە بدزێتەوە، کە پێداگریم کرد لەسەری، ئینجا هەندێ بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی بیر بکاتەوە چی بڵێ باشە، پاشان هەر ئەوەندەی گوت: "سەرەی ئێرەیش دێ".

ئەمەریکا تائێستا بەڕەسمی پاراستنی کوردستانی نەبەستووەتەوە بە پابەندبوونی هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی ئێرە بە دیموکراسییەوە، کە ئەوە خاڵی لاوازی پاراستنەکەیە و بۆ ئێمە جێی مەترسییە، چونکە چەندە داعش وەک هێزێکی دەرەکی لەسەر ئێمە هەڕەشەیە، هێندە و ڕەنگە زیاتریش پاشەکشەی ئەزموونە دیموکراسیەکە و زاڵبوونەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی حیزبێک لێرە و یەکێک لەوێ هەڕەشەیە. ئاخر تاکڕەوی بەبێ سەرکوتکردن و پاکسازیکردنی نەیاران ناچەسپێ، لە کوردستانیش ئەو جۆرە سیاسەتە یانی شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونەوەی کوردستان کە ئەوە لای خۆیەوە دەبێتە دەسکێش بۆ هێزی دەرەکی تا لەشکرکێشی بۆ کوردستان بکا. واتە مەترسیی ڕەهنەکردنی پاراستنی دەرەکیی کوردستان بە دیموکراسیبوونی ناوخۆییەوە، لە مەترسیی نەپاراستنەکە زیاتر نەبێ کەمتر نییە.

نەنگییەکی گەورەیە بۆ ئێمە بێگانە سنوورەکانمان بپارێزێ، بەڵام خۆمان نەتوانین لەناو خۆماندا سیستمێکی دیموکراسیی پێشکەوتوومان هەبێ کە شایستەی ئەو پاراستنە بین. نەنگییە ئەمەریکا یان ئێران و تورکیا بێن فشار لە ئێمە بکەن تا کوردستان تێکنەدەین و ئەزموونەکەمان لەبار نەبەین. بەشبەحاڵی خۆم قەت پێشبینیم نەدەکرد هۆشی دیموکراسیانەی سەرکردایەتی حیزبە سیاسیەکان و ئەزموونە دیموکراسیەکە وەک قارچک هێندە بێ ڕەگ و ڕیشە بێ، لەبەردەم نەرمەبا (نەک ڕەشەبا)ی قەیرانی سیاسیی نێوان دوو حیزبدا خۆی ڕانەگرێ و برینەکان بگەیەنرێنە سەر ئێسقان، بەشێوەیەک دێگەڵە و پردێ وەک سنووری نێوان دوو وڵات مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، کە لێیانەوە نەویستراوان (سنووررداش) و (قەدەغە) بکرێن.

ڕاستیەکەی بوونی کوردستان بە دوو ئیدارە لە چوارچێوەی هەر سیغەیەک لە یەکگرتنندا، ئەگەرچی بژارەیەکی تاڵ و جەرگبڕیشە، ئەگەر بە برایانە و ئاشتیانە بکرێ، شتێکی نامۆ نییە، چونکە ئەوەی لە 10 ساڵی ڕابردووی حکومەتی یەکگرتوویشدا هەبووە هەر دوو ئیدارەییەکی دەمامکدار و ڕتوشکراو بووە، بۆیە ڕاگەیاندنی بەئاشکرا شتێکی ئەوتۆ لە دۆخەکە ناگۆڕێ بەو مەرجەی ئەو کارە بەنەفەسی برایانە و دوور لە گرژی و نەفەسی دوژمنایەتی بکرێ و هاووڵاتیانی کوردستان وەک هاووڵاتیانی دوو بەشەکەی کۆریایان بەسەر نەیەت.

سەرئەنجام دیموکراسی شتێک نییە بەزۆر ئەمەریکا بیسەپێنێ، پرۆسەیەکی هێواش و درێژخایەنی مەیدانییە و هەر دەبێ خۆمان ئەزموونی بکەین و زوو یان درەنگ بیخەینە سەر پێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمەریکا دەیتوانی ببێتە دەستبارێکی باشتر بۆ پرۆسەکە ئەگەر پاڵپشتییەکانی بۆ کوردستان ڕەهن بکردایە بە پابەندبوون بە چوارچێوە گشتیەکەی سیستمی دیموکراسیەوە.



عەبدوڵڵا عالایی

# ئایا خودامان عارەبە؟

ئاییـن (الدین)، بنەچەیەکـی خودایی هەیە و ئایینداری (التدین)، فرەڕەهەندێکی مرۆییە. ئیسلام وەک (ئایین) جیهانی و هەمیشەییە، کەوابوو: لە هەر شوێنێک بێت، دەشێ خۆماڵی و ناوچەییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، ماتووڵ بڕیار وایە جیهانی و هەمیشەیی بێت.

گلەیی و تانەی ئێمە لە (ئایین) نییە، بەڵکوو لە چەتەکانی ئایین و تانەیە لە فۆرمێکی ئایینداری، ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە و زۆرینە پیادەی دەکەین، ئاییندارێی ئومەوییی عروبەتییە و سوننەی ئومەوی تێکەڵ بە بیروباوەڕ و ئەتواری دینداری کراوە.

هەر لە سەردەمی پەیامهێندا، بنەماڵەی (ئەبو سوفیان) و دواجاریش خێڵی (ئومەوی)یەکان، لەڕێی ئایینەوە، بووبوونە قەڵغانی عرووبەت و نەژادپەرستیی عارەبی، لێرەوەش فۆرمێکی ئاییندارێی تایبەت بە خۆیان هێنا ئاراوە کە لێکۆڵەرەوان بە (ئیسلامی ئومەوی) لە بەرانبەر (ئیسلامی موحەممەدی) ناوزەدی دەکەن.

لە ماوەی هەشتا و ئەوەندە ساڵەی دەسەڵاتدارێی خۆیاندا، گیانێکی پڕ لە دەمارگیرییان بۆ عارەبچێتی زیندوو کردەوە، بگرە ڕێبەرایەتی دەمارگیرییان بۆ سێکوچکەی (بەنی ئومەیە- قورەیش- عرووبە) دەکرد و نەزعەیەکی توندی عرووبەتیان تێدابوو.

هەموو توێژەران لەسەر ئەوە تەبان کە سەلەفییەتی ئیسلامی، لە منداڵدانی ئومەوییەتەوە لەدایک بوو، سەلەفییەت دڵۆپەی چۆڕاوی گۆزەی ئومەوییەتە. لە ڕەوتی سەلەفییەتیشدا، (ئیبن تەیمیە) بە گەورە مەرجەع و فەریادڕەسێکی ئاییندارێی سەلەفییانە دادەنرێت کە لایەنگیرییەکی سەرسەختی بۆ ئومەوییەکان هەیە. ئیبن تەیمیە، عرووبەتی بە لووتکە گەیاند و بە ئەندازەی بەرگریی لە قورئان، بەرگری لە نەژادی عەرەبی دەکات و پەسەندیی دەدات بەسەر سەرجەم گەل و نەژادەکانی دیکەدا.

لە کن بن تەیمیە، ئادەمیزاد، بە لەدایکبوون و سروشتی ویلادەتی عارەبییە، ئەوە دواجار دایک و باوک و ژینگە کۆمەڵایەتی و جوگرافیاییەکەیە دەیگۆڕێت. هەر دەڵێی عرووبەت لای بن تەیمییە بە ئیمان یەکسانە!

لە کتێبی (منهاج السنة النبوية) بەرگی 4 لاپەڕە 276 دا دەڵێ: (... كما أن جنس العرب يستحق من المحبة والموالاة ما لا يستحقه سائر اجناس بني آدم..) واتە: ڕەگەزی عارەب شایەنی خۆشەویستی و هەواداریییەکەی وەهایە کە هیچ کام لە ڕەگەزەکانی ئادەمیزاد شایەنی نین!

ئەم بنەوا و فەتوا و فیکرەی بن تەیمیە کە لە کن سەلەفییەت بە (شیخ الاسلام!) ناودەبرێت، سەت و هەشتا پلە پێچەوانەی قەتعیەتی قورئانە. قورئان دەفەرموێت: (یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا ..): ئەی خەڵکی ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێ دروستکردووە و خۆمان دابەشی سەر چەندان گەل و هۆزمان کردوون.

خودا و پەیامهێنەکەی بە (قطعي) نەفییان لە ئەفزەلیەتی گەلان کردووە، تەنێ بە چاکە و تەقوا نەبێت، کەوابوو بن تەیمیە لە کوێی هێنا کە ڕەگەزی عارەبی باشترینی ڕەگەزەکانە؟! ئایا تەنیا لەبەر ئەوەی پەیامبەر (د.خ) عارەبە؟ ئەمە بەڵگەیەکی نالۆژیکییە، چونکە بوونە پەیامبەریی حەزرەت لەنێو ئەم گەلەدا، شتێکی سەرپشک (اختیار) و کۆشش (اجتهاد)ی نەبوو، بەڵکو دانراو و نێردراوێکی خودایی بوو، ئەگەر بەو پێوانەیەش بێ، نەژادی (عیبرانی) زۆر لە پێشترە شانازی بە ڕەگەزی خۆیانەوە بکەن، چونکە بە سەتان لە پەیامبەرانی خودا، عیبرانی بوون!

کە ئایینداری (التدین)ی سەلەفییەت، بەسەر ئایینی ئیسلامدا زاڵ بوو، عرووبەت و دینداری ئاوێزانی یەکتر بوون، لە هەر کوێ سەلەفییەت هەبوو، عرووبەت هەیە، وەک دەگوترێ: دوو دیوی یەک سکەن. هەرچی کتێبەکانی ڕیوایەت (حەدیس) و شەریعەت (فیقە)یش هەیە لە کەلەپووری ئیسلامیدا باکگراوەندی ئومەویی عروبەتیی سەلەفییانەیان هەیە! دوای سەرهەڵدانی سەلەفییەتی وەهابییەت و دۆزینەوەی نەوت لە سعودیە. سەلەفییەتی نوێ، لە بەرانبەر (عەولەمە) سیاسەتی (خەلوەجە) و (سەعوەدە) بەکاردێنێت! یانی بە خەلیجیکردنی ئایینداری و کولتوور و فەرهەنگی هەموو گەلان و چەسپاندنی ئایین بە ئایندارییە عروبییەکەی لەسایە و بەرەکەتی پترۆدۆلار!

عرووبەت و سەعودە، هەژموونی بەرچاوە بەسەر ئاییندارانی کوردەوە، بانگەشە بۆ نیقاب، دەرهاوێشتەیەکی تر و هەنووکەیی ئەم سیاسەتەیە.

زۆرجار گوتوومە: بگەڕێنەوە بۆ بەری هەزار و چوارسەت و ئۆندە ساڵە، لە باوانتان بپرسن: بۆ ئایینی خۆتان گۆڕی؟! بەهانە هەبوو یان نا؟! ئیدی کە کورد ئایینی خۆی گۆڕی، تازە شەڕی مێژوو، فەعۆیایەتی و بێ ماریفەتییە! دەبێت گلەیی لە خۆمان بکەین کە ئاییندارییەکەمان نەکوردان‌دووە وەک چۆن، تورک و فارس زۆرزانانە تورکاندیان و فارساندیان و توانییان ئایینەکە بە ئاییندارییەکی خۆماڵییانە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان هەڵبقۆزنەوە.

تاکە چارەی حاڵی بێچارەیی ئایینداریی ئێمە، کوردان‌دن و خۆماڵیکردنی ئایینەکەیە، هەڵبەتە لە هەردوو لایەنی ڕووکەشی و نێواخنییەوە. ڕووکەشیانە هەرچی ئاکار و ئەتواری عەرەبی هەیە کە ئاوێزانی ئایین کراوە پێیان بدرێتەوە و لە نێواخنیشدا چەمکی کوردییانە بۆ ئایین دابڕێژین.

داخەکەم ئەوەی لە ڕابردووی ئێمەشدا لە هەوڵی کوردان‌دن و خۆماڵیکردنی ئاییندارییدا بوون، هەموویان بە زەندیق و کافر و عەلمانی ئەژمار کراون، لە مەولانا خالیدە تا مەلای گەورەی کۆیی!

ئاییندارێی سەلەفییەتی پڕ لە عرووبەت، عرووبەتەکەی بەوە گەیشتووە، تێڕوانینێکی وەها لای ئاییندارن دروست بکات کە خوداش عەرەبە! هەڵبەتە بەبێ ئەوەی ئاییندارانیش بەڕوونی هەست بەخۆیان بکەن، خودایەکی عارەب لە زەینی ئێمەدا چەقیوە، ئاخر من بە ئەزموونی ئاییندارانەی خۆم، دەزانم چ خودایەکی عارەبی لە زەینی مەدا چەسپاو و چەقیبوو. کە پێشنوێژییم دەکرد، لام وابوو ئەگەر دشداشەیەک نەپۆشم و کڵاوێکی سپی لەسەر نەنێم، نوقستانییەک لە پەرستشەکەمدا هەیە!

من لە ڕووە توێکڵییە ئاینداریەکە، چەند چتێک دەپرسم:

1- ئەو بانگانەی لە مزگەفتەکانی کوردستان گوێم لێیان دەبێت، هەمووی عارەبیانەیە! یەکێک چاو لە بانگی میسری و یەکێکی تر چاو لە بانگی سعودیایی خەلیجی دەکات! ئەرێ گەلۆ: بۆ بە ئەدایەکی کوردەوارییانە بانگ نادەن؟ نەشڵێن کوا ئەدای کوردی لە بانگدانـدا هەیە؟ بڕۆن لە قەدیمیانی شاری هەولێر بپرسن کە (دەروێش برایم) بانگی دەدا، چەندە جوداواز و کوردەوارییانە بوو؟، هەروەها ئێمە مەقامی (کورد)مان هەیە کە خۆم لە (قاهیرە) گوێم لە بانگبێژ بووە، بەو مەقامە بانگی داوە، ئەی بۆ وەزارەتی ئەوقاف خولێکی ڕاهێنان بۆ فێربوونی ئەو مەقامە ناکاتەوە و بەسەر بانگدەرانیدا ناسەپێنێت؟

2- شێوە و دیزاینی مزگەفتەکانمان، زۆربەی زۆریان عەرەبیانەیە! بڕۆن بۆ هەورامان، لەوێ دەزانن، دیزاینی مزگەفتی کوردەوارایی چەندە جیایە لە هی هەموو نەتەوەکانی تر. تەنانەت پڕە لە (هونەری موقەدەس)ی ترادیشناڵ، هونەری ڕەسەن و کوردییانەی بیناسازی وا لە پەرستگە و مزگەفت و تەکیە و خانەقاکانی هەردوو دیوی هەورامانە.

3- لەنێو (حەرەم)ی مزگەفتەکاندا، بە دەیان (کڵاوی سپی)ی عەرەبیانە، لە کن (میحراب) دانراوە! باشە چی تێدایە لەجیاتی ئەوانە، دەیان (کڵاوی کوردی) و چێنراوی کوردەوارییانەی لێ دابنرێت؟ بۆ چما نوێژ بە کڵاوی کوردییەوە قەبووڵ و گیرا نییە؟!

4- حاجی مەلا تەشریف بۆ ئیمامەتی دەهێنێت، جارێ هەر زوو هەڵسوکەوت و ڕەفتاریشی وەک شێخەکانی خەلیج لێ کردووە، تەنانەت ڕۆیشتن و دانیشتن و جوڵانەوەشی وەک ئەوانە! دیشداشەیەک لەبەری و چەفییەیەکیش لەسەر سەری هاتووەتە خوارەوە! . دەی جلکە کوردیەکەت کوا؟ ئەو دشداشەی ئیمڕۆ بە ناوی ئاینداری دەپۆشرێت، سوننەت نییە و حەزرەت لەبەری نەکردووە! جلکە کوردییەکەی خۆمان زۆر شەرعیتر و نزیکترە لە سوننەت تا دشداشە عەرەبییەکە! هەر چ نەبێ جلکی کوردی چەند ڕیوایەتێکی لەسەر واریدە کە حەزرەت (د.خ) ستایش و تاریفی کردووە.

5- جلکی کۆنی مەلای کوردەواری، بریتی بوو لە: قاتی کوردی و جامانە، یان کەوا و سەڵتە لەگەڵ مێزەرێکی بە گورینگ و جەلەکراوی سپی. ئەوەی ئێستا دەیپۆشن، جلکی مەلای کوردەواری نییە، ئەو عەبا سیمدارە زەردانەش، ڕێکوپێک جلکێکی نەتەوەییانەی عەرەبیی خەلیجیانەیە و چۆن ئێمە شانازی بە موردادخانی و کورتەک و شەرواڵەوە دەکەین، عەرەبی خەلیجییش وەها شانازی بەو جۆرە عەبایە دەکەن، کە زۆرێ لە پیاوە ئایینییەکانی ئێمە دەیپۆشن!

(فێس) و (جوبە)ش هی عوسمانییەکان بوو.

6- کە مامۆستا نوێژەکەی دابەستا، جارێ زوو بە چاولێکەری سعودیە (بسم الله) ناخوێنێت و یەکسەر دەست بە الحمدلله دەکات. ئینجا بە ئەدا و ئاوازێکی سعودیایی و خەلیجیانە، قورئانەکەی دەخوێنێت! . ئێ چ دەبێت ئەگەر دووربیت لە چاولێکەری و بە دەنگ و ئەدایەکی کوردیی خۆڕسکانەی خۆت، بیخوێنیت؟

7- لە پاش بانگ، کوردەواری لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبییەوەڕا، سێ سەڵاوات لە بڵندگۆکەوە دەخوێنن، لێ ئەوەشیان بە هەژموونی سەلەفییەت بە دەگمەن لە مزگەفتەکانی کوردستان ماوە و دەڵێن ماتووڵ لە سعودیە نییە، ئەوە دین نییە، هەر دەڵێی سعودیە قورئان و کردگارە!

8- لە پاش سەلامدانەوە، کوردەواری دادەنیشتن زیکر و تەسبیحاتیان دەکرد، هەموویان بە جەماعی وێرد و سرووتی ئایینیان دەخوێندەوە.. وەلێ بە چاولێکەریی سعودیە، ئەو نەریتە جوانەش وا بەرەونەمان دەچێت!

9- بە چاولێکەریی سعودیە، زرب کامێرایەک دێتە سەر نوێژخوێنان، هەر بابایە قورئانە لە دەست دەگرن و ڕووەو زوومی کامێرا، دەست بە گریان و نووزانەوە دەکەن!

هەر کورسی و قەنەفە مابوو، ڕێکوپێک وەک خەلیج، حەرەمی مزگەفتیان، پڕ قەنەفە کردووە، هەر دەڵێی دیوەخانی میرانە!

ئەرێ خودامان عارەبە تا وەها عرووبەت ئاوێزانی پەرستش و ئایینداری بکەین؟

نا، نەخێر.. بێگومان خودا بەدەرە لەو پۆلێنکارییە مرۆییە. لێ هەژموونی دیندارییەکی نادروست، وەها وێنەیەکی لە زەینی مەدا کێشاوە.

ئەوەی گوتم، بابی یەک مسقاڵ چییە، باکگراوندی دەمارگیریی نەتەوەیی و ڕاسیزمی قێزەونی تێدا نییە، بەڵکوو هەمووی لە سۆنگە دینییەکەوەیە کە سەلەفییەت ئاوێزان بە عرووبەتی دەکات.

چارە ئەوەیە: دەبێت دینداریییەکە بکوردێنرێت!



مەسعودی مەلا هەمزە

# یەکێتی خاوەن پرۆژەیە یان ..؟

لەدوایین دیداری ڕۆژنامەوانیدا، شاڵاو عەلی عەسکەری ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گوتی: "پرۆژەی سیستەمی پەرلەمانی پرۆژەی یەکێتییە و لایەنەکانی تر پاڵپشت و پشتیوانن". ئەم قسەیە زۆر هەڵدەگرێ و دەکرێ بە وردی خوێندنەوەی بۆ بکەین. ئایا ڕاستە یەکێتی خاوەنی ئەم پرۆژەیە بووە یان نا؟ ئەگەر وایە بۆچی بەشی هەرەزۆری کادیران و پەرلەمانتاران و تەنانەت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیش وا بەڕوونی باسی ناکەن؟!

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردووی پەیوەست بە سیستەمی پەرلەمانی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی لە کوردستاندا، دەبێ مرۆڤ سەیری ڕێککەوتننامەی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بکات کە لە 2013/5/29 کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی و نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی واژوویان کردووە و تێیدا لە بەرامبەر درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانیدا، ئەوە چەسپاوە کە ئیتر لە کوردستان سیستەم پەرلەمانی دەبێ.

جگە لەوە لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا و لە پاڵ چەندین دروشم بۆ هەڵبژارنەکان، یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی (ی.ن.ک) هەوڵدان و کارکردن بوو بۆ چەسپاندنی سیستەمی پەرلەمانی. ئەی کەوایە پرسیاری جەوهەری ئەوەیە بۆچی ئێستا یەکێتی دەستبەرداری ئەم بابەتە بووە و قبوڵیەتی لەگەڵ سێ لایەنەکەی تر پرۆژەی هاوبەشی هەبێ؟ یانیش یەکێتی دەیەوێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی ئەو لایەنانە بەکاربێنێ؟

زۆر ڕاشکاوانە، بەڵێ پێش هەموو لایەنەکان سیستەمی پەرلەمانی تێزی (ی.ن.ک) بوو، هەوڵی بۆ داوە و قوربانیشی بۆ دا، بەڵام بەداخەوە لەدوای 23ی حوزەیران بەبێ هیچ هۆیەک، لە بری پاڵپشت هاوبەشی بۆ خۆی پەیدا کرد و چووە ناو یارییەک کە لە ئەسڵدا خۆی یاریزانی سەرەکی و خاوەنی یاریگاکەش بوو، دەشیتوانی وەک یاریزانێکی سەرەکی یارییەکە بباتەوە، بەڵام نەیکرد، بە بڕوای من هۆکاری ئەمەش بریتییە لەو خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: نەبوونی مەرکەزی بڕیار لەناو یەکێتی و نەبوونی یەکدەنگی و کۆدەنگی لەسەر بابەتەکان و هەوڵدان بۆی.

دووەم: هاوسۆزبوونی بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و پەرلەمانتاران لەگەڵ گۆڕان، کە ئەم هاوسۆزییە زۆرجار ئەوانی وەک بەشێک لە گۆڕان نیشان دەداو خەریک بوو وا قسەیان دەکرد کە وەک یەکێتی پاڵپشت و پشتیوانی گۆڕان بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەی، بێ ئاگا لەوەی خاوەنی ئەسڵیی پرۆژەکە یەکێتی خۆیەتی و لە کاتی خۆیدا هەر ئەو لایەنانە بوون دژایەتی پرۆژەکەیان دەکرد و لەدوای هەڵبژاردنیش تەنیا ئیشیان بەو پۆستانە بوو کە پێشتر لای یەکێتی بوون.

سێیەم: ململانێی ناوخۆیی یەکێتی، بەداخەوە هەندێ جار ململانێکان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی باڵێک سەرکەوتنی باڵەکەی تری بەلاوە شکستی خۆی بووە. باشترین نموونە، لەبەرئەوەی ڕێککەوتنی 29ی حوزەیران واژووی کۆسرەت ڕەسوڵی لەسەرەو ئەگەر پرۆژەکە سەربکەوێ بەمانای بەهێزبوونی ئەو دێ، بۆیە با دەست لە پرۆژەکەی خۆمان هەڵگرین و پاڵپشتی پرۆژەی تر بکەین باشترە لەوەی باڵەکەی ترمان سەربکەوێ بەسەرماندا.

چوارەم: پەرتەوازەیی و کاریگەرنەبوونی میدیای یەکێتی بەهۆکاری سەرەکیی ئەم بابەتە دادەنرێ، ئەمەش هۆکارگەلی خۆی هەیەو بە پلەی یەکەم ئەوانە بەرپرسن لێی کە سەرپەرشتی ئۆرگانە میدیاییەکان دەکەن و نەیانتوانیوە وەک پێویست بەرنامە بۆ ئەم بابەتە دابنێن. ئەمە جگە لەوەی میدیای یەکێتی لە پاشەکشەیەکی یەکجار گەورەدایەو کاریگەریی جارانی نەماوە (لە ئایندەدا بەوردی قسە لەسەر دۆخی میدیای یەکێتی دەکەم).

پێنجەم: فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان وێڕای ئەوەی زوو پرۆژەیان پێشکەش کرد بۆ ئەم بابەتە، بەڵام دەبوو زووتر و وردتر بجەنگانایە بۆ ئەوەی پرۆژەکەیان بکرێتە بنەما بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانی.

هەموو ئەوانەی باسمان کردن، هۆکارگەلن بۆ ئەوەی لە پرسی سیستەمی پەرلەمانیدا یەکێتی لە خاوەن ماڵەوە ببێتە میوانێکی سەرپێیی، بۆیە پێویستە بپرسین دەبێ یەکێتی چی بکا؟

بێگومان لەمڕۆ بەدواوە پێویستە سەرجەم کادیران و ڕاگەیاندکاران و پەرلەمانتاران و تەنانەت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بە ڕاشکاوی و وەکو شاڵاوی عەلی عەسکەری بڵێن و شەڕ لەسەر ئەوە بکەن کە پرۆژە و تێزی سیستەمی پەرلەمانی هی یەکێتییە و لایەنەکانی تر پاڵپشتمانن، ناکرێ بە هاوسۆزی و بۆ زوێرنەکردنی لایەنی تر دەست لە کارێکی پیرۆز و مێژوویی خۆت هەڵبگریت و بیکەیتە قوربانی، لە کاتێکدا یەکێتی لە ڕابردوودا قوربانی گەورەی بۆ ئەم بابەتە داوە.

هەروەک بە پێویستی دەزانم یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیارێکی مەرکەزی بداو هەموو ئۆرگانەکانی حیزب ڕاسپێرێ بەوەی کە سیستەمی پەرلەمانی و گەڕانەوەی دەستوور تێزی یەکێتییە و ئەوەشی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا بە یەکێتی و هێز و سەنگ و قورسایی یەکێتی دەکرێ بە لایەنەکانی تر ناکرێ.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئەردۆغان و خەونی نەجیب فازڵ

دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن لە تورکیا وایکرد ئەردۆغان بیباتەوە. بۆیە ناڵێم ئاکەپە، چونکە زۆرتر لە حیزبەکەی، سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا لەو سەرکەوتنە سوودمەند دەبێت. ڕاستە هەدەپە بەربەستی تێپەڕاند، بەڵام بەو سیاسەتەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەرامبەر ئەردۆغان و ئاکەپە گرتیە بەر، هەلێکی مێژوویی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا لەدەستچوو. پرسیار ئەوەیە: ئاکەپەی پاش دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن وەکو چەند مانگ پێش ئێستا بڕوای بە "پرۆسەی چارەسەری" ماوە؟

وەڵامەکە ڕەنگە دڵخۆشکەر نەبێت. ئاکەپە هەست دەکات هەدەپە (یان ڕاستترە بڵێین پەکەکە) بەزوویی مەستی هەندێک سەرکەوتنی بچکۆلە بوو، لەبیری چووەوە چۆن ئاکەپە بەشدار بووە لە دروستکردنی زەمینەی ئەو سەرکەوتنانە. من ئێستاش بڕوام وایە ئۆجەلان و باڵی مەدەنیی پەکەکە کە لە تورکیا و باکووری کوردستان بەشێوەی یاسایی کاردەکەن، سیاسەتی ئەمدواییەی پەکەکەی قەندیلیان بەرامبەر ئاکەپە پێ ڕاست نەبوو کە ئیستیفزازکردنی زۆری تێدابوو. کەسمان دیمەنی ئەو گەریلایانەمان بیرناچێتەوە کە بەبێ چەک لە ئیبراهیم خەلیلەوە و بە ڕەزامەندیی ئاکەپە چوونەوە باکوور. پەکەکەی قەندیل ئەوکات کارێکی کرد کە جارێکی دیکە ئاکەپە هیچ دەستپێشخەرییەک بۆ پیشاندانی نیازچاکی بۆ گەیشتنە چارەسەری دۆزی کورد نەکاتەوە. ئەو پرۆسەی ئاشتییەی تاوەکو ساڵێکیش پێش ئێستا ئومێد بە بەرهەمداربوونی زۆر بوو، بەهۆی هەڵەی قەندیل و کاردانەوەی سەرشێتانەی ئاکەپەوە وای لێهاتووە ڕۆژ بە ڕۆژ چانسی سەرکەوتنی کەمتردەبێت.

سەرکەوتنی ئاکەپە لە هەڵبژاردندا تەنیا بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە، بەبێ بەشداریی هەدەپە (کە ئەگەر پێشتر بیکردبا، دەبووە هەلێکی مێژوویی بۆ کورد لە تورکیا بۆئەوەی پرۆسەی ئاشتی تەکانێکی گەورە بدات) گرنگ نییە، بەڵکو بۆ ئەوەش گرنگە کە تاوەکو چوار ساڵی دیکە ئەردۆغان دەستی ئاوەڵا دەبێت بۆ وەدیهێنانی خەونەکانی بۆ دروستکردنی "تورکیای نوێ". ئەو تورکیایەی ئەردۆغان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە مامۆستای فیکریی خۆی (نەجیب فازڵ) ئیلهامی دروستکردنی وەرگرتبوو و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماژەکانی وەدیهاتنی خەونەکە زۆرتر دەردەکەون.

لەبەرئەوەی گویلەن پیاوێکی سەرسپیی کتێبنووس و بانگخوازە، هەمیشە وامدەزانی مامۆستای فیکریی ئەردۆغان و گویل و سەرکردەکانی دیکەی ئاکەپە بووە. بۆیەش کە ناکۆکی کەوتە نێوانیان، وا تێگەیشتم ئەردۆغان لە کونی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە و بەزوویی گەڕ دەبێت. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەردۆغان قوتابییەکی گوێ لەمستی نەجیب فازڵ-ی شاعیر و بیرمەندی ئیسلامییە. ئەو نەجیب فازڵەی بڕوای بە وەدیهێنانی دەوڵەتێکی تورکیی تەواو ئیسلامی هەیە کە تێیدا یەک پارت و یەک سەرکردەی نموونەیی و ئەنجومەنێکی عاقڵمەندانی پێکهاتوو لە سەد و یەک کەس حوکمی دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ دیموکراسیی ڕاستەقینە بکرێت. بۆ؟ چونکە "ئیسلام کۆنترە لە دیموکراسی و دەبێ یاساکانی ئیسلام جێبەجێ بکرێن".

ئەردۆغان موو بە موو خەونی مامۆستاکەی دەهێنێتەدی. ڕەنگە هەر ئەوەش وای کردبێت کە تەنانەت لە پشتیوانیکردنی خەلافەتەکەی داعشیش سڵی نەکردووە و تا ئەو شوێنەی کرا ئاسانکاریی بۆ کردن. خەونی نەجیب فازڵ لە "تورکیای نوێ"شدا وا دێتەدی: ئاکەپە دەبێتە گەورەترین پارتی تورکیا و حیزبەکانی دیکە با بۆخۆیان هەر بڵێن و ئۆپۆزیسیۆن بن. بەدوایدا دەستووری تورکیا دەستکاری دەکرێت و ئەردۆغان دەبێتە سەرکردە نموونەییەکە کە بەبڕوای نەجیب فازڵ دەبێ وەکو خەلیفەی موسڵمانان بێت و هەموو گەل ملکەچی فەرمانەکانی بن و لەسەرووی یاساوە بێت. ڕەنگە هەنگاوی دوای ئەوەش پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنەی عاقڵمەندان بێت کە وادەکات پەرلەمان هەر بەناو بمێنێ.

لەگەڵ هەموو ئەو ئاماژانەشدا بۆ بەرەو دیکتاتۆری ڕۆیشتنی تورکیا، داری هیوای کورد لەو وڵاتە بە دژایەتیکردنی ئەردۆغان بەرناگرێت. کوردی هیچ پارچەیەکی کوردستانیش بەوە دڵسۆزیی نانوێنن و هاوکار نابن کە کوردی باکوور لە مێزی دانوستاندن لەگەڵ ئاکەپە و ئەردۆغان دووربخەنەوە. هیچ ئومێدێکیشمان نابێ بە ئەورووپا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەبێت. چونکە سەرەڕای ئەوەی دەزانن دەسەڵاتەکەی ئەردۆغان یارمەتیی داعش و نوسرەی داوە، دەزانن تورکیا بەئەنقەست دەرگاکانی بۆ ئەو کۆچبەرانە کردووەتەوە کە بە لێشاو ڕوو لە ئەورووپا دەکەن، دەشزانن زیندانەکانی تورکیا پڕن لە ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانی کورد و عەلەوی، کەچی بەحورمەتەوە دێنە دۆڵمەباهچە و بە جانتای پڕ لە یۆرۆوە هەوڵ دەدەن دۆستایەتیی ئەردۆغان بکڕن. هۆیەکەشی ڕوونە: ئەردۆغان و حیزبەکەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە منداڵە لاسارەکە دەچن. یان دەبێ بەشدارییان پێ بکرێت لە یاریدا یان بە هەڵەشەیی هەموو یارییەکە تێکدەدەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## ڕۆژان ڕووداو بە جەزیرە ناگۆڕێتەوە

« 11

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی ڕووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

